Las Center

زنجیره کتێبی ناوەندی لاس ژمارە ١

# سیحر و حەسودی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



نوسینی : محمد متوەلی شعراوی

وەرگێرانی بە دەستکارییەوە

پ.ی.د.سەردار ئەحمد گەردی

# سیحر و حەسودی

نووسینی
**محەمەد متوەلی شەعراوی**

وەرگێڕانی بە دەسکارییەوە
**پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی**

چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٨

## زنجیرە کتێبی ناوەندی لاس بۆ کاروباری وەرگێڕان ( ١ )

**ناوی کتێب:** سیحر و حەسوودی

**نووسەر:** مەحەمەد متوەلی شەعراوی

**وەرگێڕ:** د. سەردار ئەحمەد گەردی

**تایپ:** بازیان

**دیزاینی بەرگ:** سامان گەردی

**هەڵەچن:** ناوەندی لاس

**تیراژ:** ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(١٥٣)ساڵی(٢٠٠٨)ی پێی دراوە

**چاپ:** چاپخانەی منارە – هەولێر

**ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی ناوەندی لاس چاپکراوە و مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە**

# پێشەکی

## بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

لەو ڕۆژەوە کە ئادەمیزاد دەستی چووە گەردنی براکەی و دەست و پەنجەکانی بە خوێنی سووری نەخشاند. درەختەکان کە تا ئەو کاتە تەنیا گولیان دەگرت لەو ڕۆژەوە لە پاڵ گوڵ دا دڕکیان دەرکرد. تۆوی خراپەکاری لەسەر ڕووی زەوی نێژراو چەکەرەی کرد و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باڵای کرد و لق و پۆپی دەرکرد. بە جۆرێک کە بستێ لەسەر ڕووی ئەم زەوییە نەما خراپەی تیا بڵاو نەبێتەوە.

سیحر و حەسوودیش بەشێکن لەم خراپەیە و دوو دەرد و بەڵان تووشی کۆڵگای مرۆڤایەتی بوون. لە کۆنەوە ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوەو بڵاوبوونەتەوە. دوو دەردی ئێجگار پیس و ماڵ وێرانکەر و ڕووخێنەرن بۆیە هەر ئاینێک کە بۆ سەر ڕووی زەوی دابەزێبێت نەفرەتی لەو دوو دەردە کوشندەیە کردووە و هەوڵی داوە کە شەڕو خراپەیان بۆ کۆمەڵانی خەڵک ڕوون بکاتەوە. تاکو خەڵک وشیار ببنەوەو خۆیانیان لێ بە دوور بگرن و خۆیان لە زیانیان بپارێزن. جێگای داخە لەگەڵ ئەو هەموو ئامۆژگارییە یەک لە دوای یەکانە هەندێ کەس گوێیان پێ نەداوە و بە پەرۆشەوە بەرەو ڕووی ئەم دەردانە چوون.

سیحر لەسەر دەمێکی زۆر کۆنەوە پەیدا بووە هەر لەو کاتەوە کە دوو فریشتەکە (هاروت و ماروت) بە فرمانی خودا دابەزینە سەر ڕووی زەوی و خەڵکیان فێری سیحر کرد. بەڵام ئەم دوو فریشتەیە پێش ئەوەی خەڵکەکە فێری سیحر بکەن پێیان دەووتن : ـ ((انما نحن فتنة فلا تكفر)) واتە ئەو کارەی

ئێمە بۆ تاقیکردنـەوەی مرۆڤـە جا تـۆ خـۆت کـافر مەکـە. واتـە هـەر لـە سەرەتاوە بەم خەڵکە وێڵ و سەرگەردانە ووتراوە کە سـیحر کـوفرە لەگـەڵ ئەوەشدا هەندێ کەس کۆڵیان نەداوە و فێری سیحر بوون و دەسـتیان کـرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم فڕوفێڵە لە ناو خەڵکدا. ئـەوەی جێگـای سەرسـوڕمانە ئێمە کە لەسەردەمی ئەو پێشکەوتنە مەزنانەدا دەژین کەچـی ئێـستاش لـە گەلێ شوێنی ئەم گەردوونە خەڵکانێک هەن باوەڕیان بە سیحر هەیەو خۆیان وێڵ و سەرگەردانی کردووە. هەر دوور نەڕۆین لە نـاو کۆمـەڵگای خۆمانـدا ڕێژەیـەکی زۆر لـە خـەڵك باوەڕیـان بـە سـیحر هەیـەو هـەر ڕووداوێکیـان بەسـەربێت ئـەوا ڕوو دەکەنـە جادووگـەرو فـەتاح فاڵـەکان. ئـەوانیش بـە ئارەزووی خۆیان یاری بە عەقڵیان دەکەن و بە قسەی پـڕو پـوچ و خورافـات هەڵیان دەخەڵەتێنن و دەستیان دەبڕن. تا ئێستاش ئەم خەڵکانـە نـازانن کـە ئەم سیحربازوو جادووگەرانە نـەك بـۆ خـەڵکی بـەڵکو بـۆ خۆشـیان هیـچیان لەدەست نایەت . ئەگەر ئەوان ڕاست دەکەن و هەموو شتێکیان لە دەسـت دێت با گوزەرانی خۆیان خۆش بکەن. خودای گەورە دەفەرموێت(( ویتعلمون ما یضرهم ولا ینفعهم )) واتە ئەوانەی بەدوای فێربوونی سیحردا وێڵـن تـەنیا فێـری ئـەوە دەبـن کـە زیانیـان پـێ دەگەیـەنێت و هـیچ سـوودێکیان پـێ نابەخـشێت . جـا کـە زانیارییـەك تـەنیا زیـان بگەیـەنێت بـۆ چـی یـە ؟ سیحربازەکان کە پەنا بۆ جنەکان دەبەن تـا یارمـەتیان بـدەن جنـەکان ئـەم هەلە دەقۆزنەوە و زیاتر ماندوو و سـەرگەردانیان دەکـەن. خـودای گـەورە دەفەرموێت (( ولا یفلح الساحر حیث أتی )) واتە سیحرباز بۆ هـەرکوێ یـەك بـچێت و هەرچـی بکـات سـەرکەوتوو نابێـت. و هـیچ سـوودێکی لـە سیحرەکەیەوە بەدەست نایەت. هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین سـیحربازەکان

هەردەم ژیان و گوزەرانێکی خراپیان هەیە و بە بەردەوامی چاویان لە دەستی کەسانی ترە !

جا براو خوشکی بڕوادار سیحربازێك بۆخۆی وابێت دەبێ بۆ تۆ چی لەدەست بێت ؟ چاوەڕوانی چی لێ دەکەیت ؟ ! لە فڕو فێل و دەستخەڕۆ کردن زیاتر.

حەسوودیش دەردێکی ترە کە کۆمەڵانی خەڵك بەدەستی یەوە دەناڵێنن . خودای گەورە بە شەڕو خراپەکاری لەقەڵەم داوە . لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت « ومن شر حاسد اذا حسد » واتە خۆم پەنا دەگرم بە خودای مەزن لە شەڕی حەسوودان کە حەسوودی و بەخیلی بە خەڵك دەبەن.

خودای مەزن بەخششەکانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەر بەندەکانی خۆی دابەش کردووە. جا کە خودای گەورە شتێکی بە بەندەیەکی خۆی داوەو بە تۆی نەداوە تۆش حەسوودی پێ دەبەیت واتە تۆ بە کارەکەی خودای مەزن ڕازی نیت. ئەمەش بەرەو هاوبەشی پەیداکردن بۆ خودات دەبات. خودا کە شتێکی دیاریکراوی پێ نەداوی بەڵام هەزارەها نیعمەتی تری پێ بەخشیوویت. جا پێویستە سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی خودا بیت و حەسوودی و بەخیلی بە کەسانی تر نەبەیت. کاتێ کە شتێکی جوان و دڵڕفێن دەبینیت هەناسە هەڵمەکێشە. یا دوکەڵ لە دەروونت دەرنەچێت خۆ هیچت لێ کەم نابێت گەر بلێی « ما شاء االله » لەم شتە جوانە. بۆ هیواخوازی ئەو شتەی کە خەڵك هەیەتی و تۆ نیتە لەوانیش بسەندرێتەوە. دەتۆش لەم خودایە مەزنە بپاڕێوە و داوا بکە. گەنجینەکەی خودا زۆر دەوڵەمەندە خودای مەزن « قریب مجیب الدعوات »ە و داوای کەس ڕەت ناکاتەوە ئاساییە گەر تۆش لە خودا داواکاربیت تاکو وەکو خەڵکانی تر

نیعمەتەکانی خۆیت پێ ببەخشێت. بەلاّم هەرگیز ئاسایی نیە کە تۆ بە دلێکی پڕ لە رق و کینەوە بڕوانیتە خەڵك و ئەو نیعمەتانەی کە خودا پێی بەخشیون و حەسوودیان پێ ببەیت و هیواخوازی ئەوە بیت کە نیعمەتەکانیان لێ بسەندرێتەوە جا بە هەر ڕێگەیەك بێت. ئایا دەزانیت ئەو ڕق و کینەی کە لە دلی مرۆڤی حەسوود دایە ئەگەر مالّی ئەو کەسەی کە حەسوودی پێ دەبا ئاگر تێ بەربدات پێی کەمە یان مندالەکانی هەموو بکوژێت پێی هیچ نیە. چونکە ڕەگ و ڕیشەی حەسوودی لە ڕق و کینەوەیە. بۆیە خودای گەورە بە شەڕی لە قەلەم داوە. ئایا پێت خۆشە بە بەدکار ناوت ببەن ؟ دەباش بزانە مرۆڤی حەسوود بەدکارە. چونکە خودای مەزن بەم شێوەیە ناوی دەبات. پێغەمبەری خۆشەویستمان ( د . خ ) بەو ئاگرەی دادەنێت کە خەرمانی ڕەنجی چاکەی مرۆڤ دەسوتێنێت.

با حەسوودەکان بزانن کاتێك کە حەسوودی بە خەلك دەبەن تەنیا زیان بە بەرامبەرەکەیان ناگەیەنن بەلکو زیان بە خۆشیان دەگەیەنن چونکە ئەوەندە دلیان بە موڵك و سامان و ماڵ و مندالی خەلك تەنگ دەبێت خۆیان خۆیان دەخۆنەوە. وەکو دارێك کرمەکەی لەخۆی بێت. کە مردیش بە دەستێکی خالی بە ڕوو زەردی لە بارەگای خودای مەزن دا دەوەستێت. چونکە ڕەنجەکەی هەموو بەفیڕۆ چووە پێغەمبەری نازدار ( د . خ ) دەفەرموێت (( لا تباغضوا ولا تحاسدوا وكونوا عباد الله اخواناً ))

جا ئەی براو خوشکی بڕوادار حەسوودی بە خەلك مەبە. بەخوا حەق وایە هەر شەرم لە ناوەکەی بکەی کە دەلێن حەسوود. خۆ لە ناو کۆمەلگاکەی خۆماندا خراپ تریشی پێ دەلێن کە دەلێن چاو پیس. لەم سالانەی دواییدا لێزەریشی بۆ زیادکراوە. توخودا براکەم تۆ ڕازی دەبی یەکێك پێت بلێت

چاو پیس ؟ دیاره رازی نابیت. که ڕازی نابیت ده دهستهکانت بهرز بکهوهو لهم خودایه بپاڕێوه با نیعمهتهکانی خۆیت بهسهردا ببارێنێت.

خۆشهویستان ئهم کتێبهم که وهرگێڕاوهته سهر زمانی شیرینی کوردی له ههندێ شوێن دهسکاری ههندێ شتم کردووهو ههندێ شتم بۆ زیادکردووه. جگه لهوه ههموو ئایهتهکانم به تهفسیری ئاسان لێکداوهتـهوه تـاکو خوێنـهر باشتر تێیان بگات. هیوادارم سوود بهخش بێت.

له کۆتاییدا لـه خـودای مـهزن دهپاڕێینـهوه بـهزهیی پیامانـدا بێتـهوهو ههموو لایهکمان له زیانهکانی سیحر و حهسوودی بپارێزێت.

وهرگێر

# بەشی یەکەم

# هێزە نادیارەکان لە گەردووندا

# بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

خودای مەزن کە ئەم گەردوونەی دروست کردووە یاساشی بۆ داناوە. هەموو شتێ لەم گەردوونەدا یاسای تایبەتی خۆی هەیە بەڕێوەی دەبات. ئادەمیزاد یاسای تایبەت بە خۆی هەیە کە لەگەڵ ژیان و بوونی دا لەم گەردوونە دەگونجێت. هەیە ملکەچی دەکات بۆ ئەوەی بنەماکانی ژیان بە مرۆڤ ببەخشێت.

خودای مەزن لەم گەردوونەدا هەندێ شتی خەڵق کردووە بۆت خراوەتە کار، هەندێ شتیشی خەڵق کردووە بە تۆوە دەخرێتەکار.

ئەو شتانەی کە بۆت خراوەتەکار ئەوانەن کە بە بێ بەرامبەر بەخششەکانی خۆیانت پێ دەبەخشن وەك ڕۆژو مانگ و ئەستێرە و با و باران..... هتد. هەموو ئەمانە بەخششەکانی خۆیانت پێ دەبەخشن بە بێ ئەوەی هیچ شتێکت لێ داوا بکەن. بەڵام ئەو شتانەی کە بە تۆوە دەخرێتەکار هۆکارەکانی خودای مەزنن لەسەر ڕووی زەویدا ئەگەر کارت بۆی کرد ئەوا بەخششەکانی خۆیت پێ دەبەخشێت و ئەگەر کاریشت بۆی نەکرد ئەوا هیچت پێ نابەخشێت.

زەوی ئەگەر بە چاکی کێڵات و تۆوی باشت بۆ پەیدا کرد و بەچاکی چاندت و پەینت بۆ پەیداکرد و ئاوتدا ئەوا بەرهەمێکی زۆر و باشت پێ دەبەخشێت. بەڵام ئەگەر نەی کێڵی و نەی چێنی و بە بۆری بەجێ ی بهێڵیت ئەوا هیچت پێ نابەخشێت چونکە تۆ کارت بۆی نەکردووە کە کاریشی بۆ نەکەیت هیچت پێ نابەخشێت.

ژێر شاخەکان پڕیەتی لە کانزای بەسوود بەڵام وا بەئاسانی بە دەست نایەت بەڵکو دەبێت بەدوایاندا بگەڕێیت و کانیان بۆ دروست بکەیت بۆ ئەوەی کانزاکە دەربهێنیت ئەوا خەزێنەکەی خۆیت پێ دەبەخشێت. بەڵام ئەگەر هەوڵی بۆ نەدەیت و ئەو شتانەی بۆ دابین نەکەیت کە پێویستە ئەوا هیچت ناداتێ. چونکە کانزاکان لە خۆیانەوە دەرناکەون بەڵکو پێویستییان بە ماندوو بوون هەیە. بە هەمان شێوە هەرچی هۆکاری ژیان هەیە لەم گەردونەدا دەبێ هەوڵی بۆ بدەی بۆ ئەوەی بەدەستی بهێنیت. ئەگەر تێکۆشای و هەوڵت دا ئەوا بە بەرهەمەکانیان شاد دەبیت. ئەمە یاساکانی ئادەمیزادە کە لەگەڵ چۆنیەتی دروست بوون و بوونی لەم گەردوونەدا دەگونجێت. بەڵام هەندێ بوونەوەری تر هەن یاسای جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە جن یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە کە دەگونجێت لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە لێ ی دروست کراوە ئەو ماددەیەش ئاگرە. جن بە پێ ی سروشتی دروست بوونی دەتوانێت بەناو دیوارەکاندا تێ پەڕ ببێت. هەروەها دەتوانێت هەر شێوەیەك وەربگرێت کە دەیەوێت. جنەکان یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە کە بەڕێوەیان دەبات و فەرمانیان لەسەر دەکات. یاسای شتەکان کە ملکەچن بۆی بۆ ئەوەیە کە لە پێناویدا دروست کراون.

فریشتەکان کە لە نوور دروست کراون یاسای خۆیان هەیە. بە فەرمانی خودای گەورە بەرز دەبنەوە بۆ ئاسمان و دادەبەزن بۆ سەر ڕووی زەوی. خودای گەورە یاساکانی بەرز بوونەوە و دابەزینی بۆ ملکەچ کردوون. هەروەها یاساکانی دەرکەوتنیش.

فریشتەکان دەتوانن هەموو شێوەیەك وەربگرن و هەرچیەك کە وایان لێ بکات کارەکەیانی پێ ئەنجام بدەن.

کاتیّ که باس له زانستی ماددی دەکەین عەقڵەکان بۆیان هەیە کە بەرەو شتە ماددیەکانی گەردوون بڕۆن هەرچۆنێك کە بیانەوێت. بە دوای ئەو نهێنیانەدا دەگەڕێین کە خودای مەزن لە ناخی زەویدا دایناوە.

هۆکارەکەشمان لەمەدا بینینە یاخود کارگەیە. عەقڵی مرۆڤ لە سنووری دیاردە ماددییەکانی گەردووندا دەوەستێت.بەڵام ئەوەی کە لە پشت ماددەوەیە یاخود شتە نادیارەکانە دەبێ زانستەکانیان لەوەدا وەربگرین کە پێمان ڕاگەیەندراوە. غەیب بوارێکە کە خودای مەزن بۆ عەقڵی مرۆڤی دروست نەکردووە.

بۆ نموونە جیهانی فریشتەکان کە نە ئێمە و نە عەقڵ ناتوانێت هیچ زانیارییەکمان دەربارەی پێ بدات یاخود وێنەیەکی هەستی فریشتەکانمان بداتیّ. یاخود بۆمان ڕوون بکاتەوە کە شێوەی چۆنە؟ سروشتی چۆنە؟ و یاساکانی چین؟ چەند دەژین؟ ...هتد.

هەروەها بەگوێرەی جنەکانیش جا باشەکانیان بیّ یاخود خراپەکان کە شەیتانەکانن کە یاخین لە ڕێبازی خودای مەزن. عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت وێنەیەکی ئەوانەمان پێشکەش بکات. بەڵکو خودای حەق و باڵا کاتیّ کە ویستی وێنەیەکی تۆقێنەری سزای دۆزەخمان بداتیّ (خودا پەنامان بدات)

دەربارەی داری زەقوم کە خۆراکی دۆزەخ نشینەکانە فەرمووی:

((إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِيٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ ۝ طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ))

**٦٤ ، ٦٥ سورة الصافات**

( بێگومان ئەوە درەختێکە لەناخی دۆزەخ دایەو لەوێوە ( لق و پۆپەکانی) بە هەموو بەشەکانی دۆزەخدا بڵاو کردۆتەوە بەروبوومەکەی دەڵێی سەلکە سەری شەیتانەکان ( لە ناشیرینی و بیّ لەزەتیدا))) ل ٤٨٨ ئاسان

لەڕاستیدا خودای گەورە لێرەدا کە سەری شەیتانەکانی بەکارهێناوە لەبەرئەوەیە کە هیچ یەکێك لە ئێمە شەیتانی نەبینیوە. بەڵگەش ئەوەیە گەر ژمارەیەك وێنەکێش بێنی و داوایان لێ بکەی وێنەی شەیتانەکانت بۆ بکێشن. ئەوە دەبینی هەریەکە وێنەی شێوەیەکت بۆ دەکێشێ کە بەتەواوەتی لەوی تر جیایە.... ئەویش ئەو وێنەیەیە کە لە خەیاڵی خۆیدا بۆ شێوەی شەیتانی کێشاوە. دیارە هیچ خەیاڵێکیش لەگەڵ ئەوی تردا ڕێك ناکەوێت. بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە شەیتانەکان شێوەیەکی ناشیرین و ترسناکیان هەیە. خودای هەق و باڵا کە ئەو دوو وشەی (سەری شەیتانەکان) ی بەکارهێناوە بۆ ئەوەیە کە هەموو ئادەمیزادێك مەزەندەی ئەو ترس و تۆقاندنەی ئازاری دۆزەخ بکات. بۆ ئەوەی ببێتە مایەی ترس و تۆقاندن لە دەروونی هەریەکێ کە بیخوێنێتەوە ئەوسا ترسی ئازاری ئاگری دۆزەخ دەچێتە دڵیەوە خودای مەزن پەنامان دات.

## ئەوەی لێمان دیار نیە و پەنهانە

کەواتە گەلێك بوونەوەرو نهێنی هەن کە لێمان دیار نین و خودای مەزن هیچ زانیارییەکی دەربارەیان پێ نەبەخشیوین هەروەها عەقڵیشی وا لێ نەکردووین کە مامەڵەیان لە گەڵدا بکەین جا پێویستە لەم بارەدا زانست و زانیاری لە خودای مەزن وەربگرین. ئەو خودایەی کە خەلقی کردووین. هەر ئەو بە تەنیا یاساکانیان دەزانێت .

خودای مەزن دەربارەی ئەوە سەرنجمان ڕادەکێشێت و دەفەرمووێت: ـ

((مَا أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا )) **٥١ ـ سورة الكهف**

( وەنەبێت من لە کاتی دروست کردنی ئاسمانەکان و زەویدا ئەوانەم ئامادە کردبێت. بگرە هەتا لە دروست بوونی خۆشیان ئاگادار نین. بە ڕاستی من هەگیز ئەوانەی خەلك گومڕا دەکەن نەمکردوون بە یارمەتی دەری خۆم و پشتم پێ نە بە ستوون ) **ل ٢٩٩ ئاسان**

واتە دروست کردنی زەوی و ئاسمانەکان و خەلق کردنی ئادەمیزاد عەقلی ئێمە پەی پێ نابات و لێی نادیارە. هیچ ئادەمیزادێك نایەت گفتوگۆ لەسەر ئەو شتە بکات کە خودای مەزن پێی ڕاگەیاندبێت دەربارەی ئەم دروست کردنە و چۆنیەتی دروست کردنەکە چونکە لەم حالەتانەدا سەرمان لێ دەشێوێت و لە هەق دوورمان دەخاتەوە.

ئەگەر یەکێك هات تاکو باسی یاساکانی جن و فریشتەکانمان بۆ بکات یاخود باسی دروست کردنی گەردوون و ئادەمیزادمان بۆ بکات بە ڕێگەیەك کە دووربێت یا پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەوەی کە خودای گەورە پێی ڕاگەیاندووین. پێی دەڵێن بەڵگەت چی یە ؟ ئەگەر تەنیا گریمانە یاخود وەهم بوو ئەوا ڕەتی دەکەینەوەو قەبووڵی ناکەین. وە ئەگەر بەڵگەی ماددی لەسەر قسەکانی بەدەستەوە بوو ئەوسا گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین... لەوانەیە لەم حاڵەتەدا بەڵگەکە ساختە بێت و مەبەست و ئامانجی سەر لێ شێواندن و گومڕایی بێت.

پێش چەند ساڵێك زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا بلاوی کردەوە کە گەیشتۆتە ئەو حەلقە ونەی نێوان ئادەمیزاد و مەیمون. وە بەڵگەی ماددییان بەدەستەوەیە کە ئادەمیزاد لە مەیمونەوە گەشەی کردووەو گۆڕاوە بۆ ئادەمیزاد. کە لێیان پرسین بەڵگەکەتان چی یە ؟ وتیان لە گەڕان و پشکنین

بەدوای شوێنەوارەکاندا کەللە سەرێکمان دۆزیوەتەوە کەللە سەری ئادەمیزادە، بەڵام شەویلاکەکەی مەیمونە. هەروەها کەللە سەری مەیمونێکیشمان دۆزیوەتەوە شەویلاکەکەی شەویلاکی ئادەمیزادە. ئەمەش حەلقە ون بووەکەیە! کە جیهان هەمووی بە دوایدا وێڵە بۆ ئەوەی تیۆرەکەی داروین بسەلمێنن کە دەڵێت: ئادەمیزاد لە مەیمونەوە گەشەی کردووە.
لە دواییدا دەرکەوت کە ئەم زانکۆیە ئەو کەللە سەرانەی لە یەکێك لە زاناکانی جیۆلۆجیا کڕیووە. زاناکە بڕی (١٠) ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە بەرامبەر بەم دۆزینەوەیە مەزنە.
کاتێ کە کەللە سەرەکانیان خستە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وورد. لەسەر بەرزترین ئاستی زانستی دا بەبەشداری کردنی ژمارەیەکی زۆر لە زانایان فێڵەکە ئاشکرا بوو. دەرکەوت کە ئەم زانایە کەللە سەری ئادەمیزادێك و شەویلاکی مەیمونێکی هێناوە و لێکی چەسپ کردوون. هەروەها کەللە سەری مەیمونێك و شەویلاکی ئادەمیزادێکی لێك چەسپ کردبوو. کارەکەی بە شێوەیەکی وا ئەنجام دابوو کە وا بەئاسانی ئاشکرا نەبێت تەنانەت ئەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییانەی کە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە سەریان ئەنجام درابوو نەیان توانی بوو پەی پێ ببەن و فێڵەکە ئاشکرا بکەن.
بەم جۆرە ئەو بەڵگە ماددی یەی کە بۆ سەلماندنی تیۆرەکە خرایە ڕوو. بەڵگەیەکی ساختە بوو فێڵبازێکی زیرەك و لێهاتوو دروستی کردبوو. دەی ویست هەموو مرۆڤایەتی پێ هەڵخەڵەتێنێت. دیارە ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە خودای گەورە دەربارەی خەلق کردن پێی ڕاگەیاندویت. دیارە ئەویش خەلق کردنی (ئادەم)ە کە یەکەم مرۆڤە خودا دروستی کردووە.
ئەگەر زاناکان و خاوەن بیرەکان خۆیان ڕابگرن و ئارام بن لەسەر ئەوەی کە

خودای مەزن فەرموویەتی دەربارەی ئەو شتانەی کە لێمان ونن و لە بەرچاومان دیارنین ئەوسا ئاسوودە دەبوون و خۆیان بەو توێژینەوانە ماندوو نەدەکرد کە نایانگەیەنێتە ئەنجام و بە هیچ شتێك ناگەن. تەنیا ئەوە نەبێت کە خودای گەورە هەواڵی پێ داوین هەموو ئەو توێژینەوە عەقلی یانەی کە دەربارەی پشت ماددەن تەنیا پێش نیاز کردنە و هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نیە و نامان گەیەنێتە زانیاری یەکی ڕاستەقینە.

## بوون و ........ زانست

خودای مەزن کاتێ کە ئەم گەردوونەی دروست کردووە هێزی دیارو هێزی نادیاری تیا داناوە.

هێزێك کە دەیزانین و لە ژیانی ئاساییماندا بە ئاشکرایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، و وەکو ئەو شتە ماددییانەی ڕۆژانە لەپێش خۆماندا دەیانبینین. ئێمە هەموومان لەم بینینە هاوبەشین جیهانی دیارو ئاشکرا هیچ کەسێك لەسەری جیاواز نییە وە هەموومان لەسەری کۆکین. بەڵام هێزێکی تر هەیە لە گەردووندا کە نای بینین و هێزێکی شاراوەیە، ئەو هێزە کاریگەری خۆی هەیە، ئەرکی خۆی هەیە. بەڵام ئێمە هیچ شتێك دەربارەی ئەو هێزە و ئەرکەکانی نازانین. تەنیا ئەوە نەبێت کە خودای گەورە بۆی ئاشکرا کردووین.

ئەگەر بمانەوێ مانای هێزە شاراوەکان ڕوون بکەینەوە ئەوسا دەڵێین جیاوازی هەیە لە نێوان بوونی شتێك وە درك کردن بە بوونی ئەو شتە. شت هەیە کە لە دەوروبەرمانە و کاریگەری لە ژیانماندا دەکات بەڵام هەست بە بوونیان ناکەین بەڵکو زۆر جاریش دان بە بوونیان دانانێین لەگەڵ ئەوەشدا کە خودای مەزن

زیاتر له بەڵگەیەکی ماددی پێ داوین لەسەر ئەوەی کە درك نەکردن بە شتێك مانای نەبوونی ئەو شتە نیە.

وە ئەگەر لە شارستانییەتی ماددی مرۆڤایەتی ڕابمێنین... هەزار بەڵگەشمان دەست دەکەوێت لەسەر ئەوەی کە جیاوازی هەیە لەنێوان بوونی شت و زانینی ئەم بوونە. بەڵکو زانستی مرۆڤایەتی بەگشتی وە پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی... لەوەوە دێت کە ئێمە درکمان بە هەندێ شت کردووە کە هەیەو بەکارمان هێناوە. پاش ئەوەی کە هیچ شتێکمان دەربارەی بوونی ئەوشتانە نەدەزانی. باشترین بەڵگەش لەسەر ئەوە کە دەستی پێ بکەین (میکرۆب) ە.

میکرۆب ئەو بوونەوەرە ئێجگار ووردانەن کە دەچنە ناو جەستەی مرۆڤ و تووشی نەخۆشی دەکەن و جەستەی مرۆڤ دەشێوێنن و پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوەو نیشانەی دیاری کراوی لەسەر دەردەکەوێت. وەك تفر هەڵدان یان گۆڕانی ڕەنگی پێست. هەست کردن بە ئێش و ئازارێکی زۆر. هەموو ئەو گۆڕانکاریانە لە بوونەوەرێکی زۆر ووردەوە پەیدا دەبێت. ئەو بوونەوەرەی کە لەم گەردوونەدا هەیەو بەچاو نابینرێت.

ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوەو دەبێ وەڵامی بدەینەوە ئەوەیە. ئایا ئەو میکرۆبانە لەسەردەمی تازەدا خەلق بوون؟ یاخود لەگەڵ دروست بوونی گەردووندا هەبوون؟

بێگومان ئەو میکرۆبانە لەسەرەتاوە هەبوون بەڵام ئێمە درکمان بە بوونیان نەکردووە. بۆیە لەکۆندا لە نەخۆشیان دەدا چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە گیانێکی خراپەکاری شەڕاوی خۆی لەناو جەستەیدا حەشارداوە.

جا لێدانی نەخۆشەکە بە دار یاخود بە هەرشتێکی تر وا دەکات کە ئەم ڕوحە شەڕانگێزانە لەناو جەستەی بێنە دەرەوە.

دوای ئەوەی خودای پاك و بێگەرد و باڵا زانستی خۆی بۆ ئاشکرا کردین و زانست پێشکەوت و توانیمان ئەو میکرۆبانە ببینین. ئەوسا زانیمان کە ئەم بوونەوەرەش سووڕی ژیانی هەیە. لەگەڵ یەکدا جووت دەبن و زۆر دەبن. بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی دیاریکراو دەتوانرێت لەناو ببرێت. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زانست پێشکەوت تا وای لێهات زانستی پزیشکی پڕبوو لەو کتێبانەی کە باس لەو میکرۆبانەو سووڕی ژیانیان دەکات... لێرەدا پرسیاری تر دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە، ئایا ئەو میکرۆبانە پێش ئەوەی درك بە بوونیان بکەین لە گەردووندا هەبوون یاخود نەبوون؟ ئایا ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام دەدا یاخود ئەنجامیان نەدەدا؟

لەوەڵامدا دەڵێین ئەو میکرۆبانە پێش ئەوەی درك بە بوونیان بکەین لە گەردووندا هەبوون و ئەرکی خۆیان ئەنجام داوە و درك نەکردنمان بە بوونیان نەیوەستاندووە لەو ئەرکەی کە لەپێناویدا دروست کراوە.... ئەمەو گەلێ شتی تری هەمان شێوە لەم گەردوونەدا هەیە.

دڵۆپە خوێنێك وە ئەوەی کە تیایەتی لە خڕۆکەی سوور و خڕۆکەی سپی و دەیان پێکهاتەی تر. ئایا هیچ شتێکمان دەربارەی دەزانی؟ دڵۆپە ئاوێك بێنین و بیخەینە ژێر میکرۆسکۆبەوە. جۆرەها بوونەوەری تیا دەبینین کە نەدەرکمان پێیان کردووە وە نەهیچمان دەربارەیان زانیووە.

## لە گەردوونیش دا گەلێ نیشانە هەیە

سەیری گەردوون بکە.... هەر ڕۆژەی هەسارەیەکی تازە دەدۆزرێتەوە. ئایا ئەو هەسارانە پێش ئەوەی بدۆزرێنەوە هەبوون؟ یاخود لەکاتی دۆزینەوەی ئەم بوونە پەیدا بوون.

ئەو سامانەی کە لەناخی زەویدایە لە نەوت و ئاسن و کانزای تری جیاواز....
ئایا لەوکاتەی کە دۆزیمانەوە پەیدا بوون؟ یاخود لەو ماوەی دواییەدا کە بوونیانمان بۆ دەرکەوت؟ ئاوڕمان لە فەرموودەی خودای پاك و بێگەرد و بالاّ نەدایەوە کە لە قورئانی پیرۆزدا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە لەناخی زەویدا گەلیّ خەزێنە هەیە!
خودای مەزن دەفەرموێت : ـ

((لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ ٱلثَّرَىٰ ))

**٦ـ سورة طه**

(( هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویداو هەرچی لە نێوانیاندا هەیەو هەرچی لەژێر خاکدایە (هەر هەمووی) خوا خاوەنیانە))

ل ٣١٢ ئاسان

دەبووایە بگەڕێینەوە بۆ فەرموودەی خودای پاك و بالاّ کە دەفەرموێت (( وما تحت الثری )) بۆ ئەوەی لەناخی زەویدا بەدوای خەزێنە جیاوازەکانیدا بگەڕێین.

ئەگەر بمانەوێت بابەتەکە زیاتر ڕوون بکەینەوە ئەوا دەڵێین لەم گەردوونەدا شتەکان لەیەکەم خەلق کردنەوە هەبوون. بەلاّم خودای پاك و بێگەرد و مەزن ئەوکاتە ئەو شتانەی بۆ ئاشکرا کردووین کە ویستی بیان زانین و مرۆڤایەتی لە بالاّ بوون و پێشکەوتن و شارستانیەتدا بەکاریان بێنێت. ئەو بەرگە هەوایەی کە دەوری زەوی داوە ئادەمیزاد دروستی نەکردووە، تەنانەت هیچیشی بۆ زیاد نەکردووە بەلاّم خودای پاك و بەرز و مەزن هەموو توانایەکی گواستنەوەی دەنگی تیا داناوە. لەم سەری زەویەوە تاکو ئەوپەڕی و لەشوێنی ئیجگار دوورەوە. بەجۆرێك وای لێهاتووە مرۆڤ کە قسە دەکات دەتوانرێت لە هەمان

کاتدا هەموو جیهان ببیبستێ. بەڵکو لەوەش زیاتر بەهۆی بەکارهێنانی بەرگە هەواوە مرۆڤ دەتوانێت بچێتە سەر مانگ وە لەو کاتەی کە لە ماڵەکانی خۆماندا دانیشتووین دەتوانین دابەزینەکەی لەسەر ڕووی مانگ بەچاوی خۆمان ببینین. هەروەها مرۆڤ لەتوانایدا هەیە لە وڵاتێکەوە بە فرۆکە بفرێت بۆ وڵاتێکی تر بەهۆی بەکارهێنانی خاسیەتەکانی بەرگە هەواوە.

## درك كردن بە بوون

هەموو ئەوانەی کە باسمان کردن لە سەرەتای دروست بوونەوە هەبوون وە کەس ناتوانێت لافی ئەوە لێ بدات کە شتێکی تازەی بۆ خاسیەتەکانی بەرگە هەوا زیاد کردووە. بەڵام ئێمە شارەزاییمان دەربارەیان نەبوو وە درکمان بە بوونیان نەدەکرد لەگەڵ ئەوەشدا کە هەبوون.

هەروەها هەموو شتێکی تازە کە زانست پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێت بۆمان ئاشکرا دەکات.... زانست هیچ شتێکی تازە لەم گەردوونە خەلق ناکات بەڵکو خاسیەتەکانی ئەم گەردوونەمان بۆ ئاشکرا دەکات. ئەو خاسیەتانەی کە نەماندەزانی. هەر دۆزینەوەیەکیش کات و ڕۆژی لەدایك بوونی خۆی هەیە. کاتێ کە کاتی لەدایك بوونی هات خودای پاك و بێگەرد و باڵا ئەو شتە بۆ بەندەکانی خۆی دەردەخات ئەوسا دەیزانن. ئەگەر هات و توێژەرێك لەو کاتەدا بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕا ئەوا خودای گەورە بۆی ئاشکرا دەکات. ئەگەر وا ڕێك نەکەوت ئەوا بەڕێگەیەکی تر ئاشکرا دەکرێت کە پێ ی دەڵێن یاسای ڕێکەوت. دیارە هیچ ڕێکەوتێکیش لەم گەردوونەدا نیە بەڵکو هەموو شتێك بە ویست و توانای خودای بەرز و پاك و بێگەرد ڕوو دەدات ....... نهێنیەکانی گەردوون و

هەرچی یەك كە تیایا ڕوودەدات لە گەورەوە هەتا بچووك بە فەرمانی خودای گەورەیەو بە ئاگاداری ئەوە. خودای گەورە دەفەرموێت:

(( وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَـٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَـٰبٍ مُّبِينٍ )) ٥٩ ـ سورة الانعام

(( كلیلی هەموو شاراوەكان و زانینی هەموو نهێنیەكان بەدەست خوایە و هەر لای ئەوە. كەس نایزانێت جگە لەو زاتە هەرچی لەسەر وشكانیە ( لە گیاندارو بێ گیان و گیاو دارو زیندەوەرانی ووردو درشت لەسەر زەوی و لە توێی خاكدا ) خوا پێی دەزانێت. هەروەها هەرچی لە دەریاكانیشدا هەیە ( لە زیندەوەری هەمەجۆرو ماسی سەیرو سەمەرە ) ئاگای لێیەتی و هیچ گەڵایەك ناكەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت. هەروەها دەنكێك یان تۆوێك لە تاریكیەكانی زەویدا نیە. ئەو دەنكە چ شێدار بێت یان وشك بێت. هیچ شتێك نیە لەخوا پەنهان بێت و لە ( لوح المحفوظ ) دا یاخود لە دۆسیەو دەزاگی تایبەتیدا تۆمار نەكرابێت )) ل ـ ١٣٤ ئاسان

وە ئەگەر بمانەوێت زیاتر لە سورەتەكە بگەین ئەوا فەرموودەی خودای پاك و بێگەرد و باڵا دێنینەوە كە دەفەرموێت: ـ

((وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ )) ٢٩ ـ سورة التكوير

(( ویستی ئێوەش نایەتەدی مەگەر كاتێك خوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت ( هەركەسێ ویستی خێری هەبێت خوای گەورە سەربەستی لێ زەوت ناكات لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوە پێش دێت كە ویستی خوای لەسەرەو توانای تێگەیشتنمان لە نهێنی و شاراوەكانی زۆر سنووردارە)))

ل ـ ٥٨٦ ئاسان

لێرەدا خودای مەزن ( ما تشاوون ) ئەوەی دەتانەوێت بەسەر هەموو شتێکدا گشتاندووە، و تایبەتی نەکردووە بە ڕووداوێك جگە لە یەکێکی تر. بەم شێوەیە هەرچی لەم گەردوونەدا ڕوودەدات بە هەموو شێوەیەکەوە لە ویست و ئارەزووی خودای پیرۆز و بالآدایە. ئەگەر ویستی خودای مەزن لەگەڵ ویستی ئادەمیزاد دا بەیەك گەیشتن ئەوا شتەکە ڕوو دەدات. ئەگەر بەیەکیش نەگەیشتن ئەوا ڕوو نادات. کەواتە هەموو شتێك لەم گەردوونەدا:ملکەچی تواناو دەسەلآتی خودای پاك و بێگەرد و بالآیە و هیچ شتێك نیە کە ناوی ڕێکەوت بێت. چونکە گشت ڕووداوەکانی گەردوون هەیەو لەلای خودای مەزن ڕێکخراوەو تۆمارکراون پێش ئەوەی خودای گەورە ئەم گەردوونەش دروست بکات. بەڵکو گشت ڕووداوەکان هەتا ڕۆژی قیامەت و پاش ڕۆژی قیامەتیش لە زانست و زانیاری ئەم پەروەردگارەی گەردوندایە.

## هێزە گەردوونیە جۆراوجۆرەکان

بەم جۆرە سەلماندمان ئەوەی کە لێمان شاراوەیە و نایبینین لە گەردووندا. هەیە و ئەرکی خۆی لە ژیاندا جێ بەجێ دەکات ئەگەر خودای پاك و بێگەرد و بالآ باسی شتە نادیارەکانمان بۆ دەکات وەك فریشتە. دەبێ دڵنیابین لە بوونی فریشتە. هەرچەندە نەشیان بینین. نابێت بینینمان بۆ شتەکان بکەینە بەڵگە لەسەر بوونی ئەو شتانە. پاش ئەوەی کە خودای بەرز و بالآ هەزاران بەڵگەی لە ژیانی ماددیماندا پێداین لەسەر ئەوەی کە ئەوەی لێشمان نادیارە بوونی هەیە.

ئەگەر فریشتە لەو هێزە چاکانە بێت کە لەژیانی دنیاماندا نایان بینین. بەلآم بە

ئەركی تەواوی سەر شانی خۆیان هەڵدەستن خودای مەزن دەفەرموێت:-

((لا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ))

**لە ئایەتی ٦ ـ سورة التحريم**

(( نا فەرمانی خوا نەکەن لەهیچ شتێکدا کە فەرمانیان پێ بدات و هەرچی فەرمانێکیان پێ بدرێت ئەنجامی دەدەن )) ل ٥٦٠ ئاسان

لەپاڵ بوونی هێزی چاکە کە فریشتەکانن هێزی تر هەیە لەم گەردوونەدا کە شەڕو خراپەیان بۆ ئادەمیزاد دەوێ. ئێمە نایان بینین و هەست بە بوونیان ناکەین. بەڵام خودای پاك و بێگەرد و باڵا بەزەیی پێمان هاتۆتەوەو بوونی ئەو هێزە شەڕانگێزانەی پێ ڕاگەیاندووین و داوای لێکردووین کە پشت بە خودای گەورە ببەستین لە دژی ئەو هێزە شەڕ خوازانە لەو هێزانەش شەیتانەکانن. شەیتانەکانیش لە جنە کافرەکانن و بڕوایان بەوە نیە کە خودا ناردوونیەتە خوارەوە.جنەکان دوو جۆرن باش و خراپ. جنە خراپەکان بێ باوەڕ و یاخین و لە نەوەی ئیبلیسن.

خودای مەزن لە سورەتی ( الجن ) دا دەفەرموێت : ـ

((وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا ))

**١١ ـ سورة الجن**

(( بێگومان ئێمە کەسانی چاك و دیندارمان تێدا هەیە . هەروەها کەسانی تریش کە بەم شێوەیە نین . ئێمە جاران ڕێگەو ڕێبازو بەرنامەی هەمەجۆرمان گرتبووە بەر ( بەڵام ئێستە بەرنامەی ئیسلام ڕوون و دیارە ) ))

ل ـ ٥٧٢ ئاسان

شەیتانەکان دوژمنی مرۆڤن و هەردەم بەدوای خراپەدا دەگەڕێن و هەرگیز چاکەیان بۆ مرۆڤ ناوێت. بۆیە هەوڵ دەدەن بەرەو ئەو شتانەی بەرن کە

زەرەرو زیانیان هەیەو سوودیان بۆی نیە.

خودای پاك و بێگەرد و بالاّ ... شەیتانەکانی لە ئاگر دروست کردووە .... و مرۆڤی لە قوڕ دروست کردووە .... وەك دەزانین قوڕیش تاریکەو کێشی قورسە .... شەیتانەکان بە پێی یاسای دروست بوونیان وایان بۆ ڕەخساوە کە بەهێز و تواناتر بن لە مرۆڤ ... ئەوان ئێمە دەبینن بەلاّم ئێمە ئەوان نابینین بە پێی فەرموودەی خودای مەزن : ـ

((إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ))

**لە ئایەتی ـ ٢٧ ـ سورة الاعراف**

(( بێگومان شەیتان و دارو دەستەی ئێوە دەبینن لە شوێنێکدا کە (دنیایە ) ئێوە ئەوان نابینن ))

**ل ـ ١٥٣ ـ ئاسان**

مادام شەیتانەکان ئێمە ببینن .... و ئێمە نەیانبینین ... کەواتە چۆن بە بوونیان دەزانین؟ ئەگەر خودای پیرۆز و بالاّ هەواڵی بوونی شەیتانەکانی پێ ڕانەگەیاندبان. چۆن دەمانتوانی خۆمان لە شەڕیان بپارێزین؟ ئەگەر خودای هەق و پاك و بالاّ فێری نەکردباین چۆن خۆمان لێیان بپارێزین.

خودای پاك و بالاّ دەیەوێت ئەو ترسەمان بڕەوێنێتەوە لەو زەرەر و زیانەی کە لەم هێزانەوە تووشمان دێت. ئەو هێزانەی کە دەمانبینن و نایانبینین. خودای گەورە ئاسوودەمان دەکات کە خۆی دەمانپارێزێ و ئاگاداریمان دەکات. ئەو خودایەی کە ناخەوێ و غافڵ نابێت . ... ڕاگر و ئاگاداری گەردونەکەیەتی و بۆ چرکەیەکیش لێی بێ ئاگا نابێت. خودای مەزن دەفەرموێت: ـ

((ٱللَّهُ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ))

**لە ئایەتی ٢٥٥ سورة البقرة**

(( خوا زاتێکه جگه لەو هیچ خوایەکی تر نیه که شایانی پەرستن بێت و ئەو هەمیشه زیندووەو ڕاگرو سەرپەرشتیاری ( هەموو دروست کراوەکانیەتی ) نه وەنەوز دەیگرێت و نەخەو (چونکه ڕاگر و سەرپەرشتیاری بوونەوەرە ) ))

ل - ٤٢ - ئاسان

جگه لەوە خودای پاك و بەرز و بالآ دەیەوێت لەوەش زیاتر ئاسوودەمان بکات. بە گەورەیی و جەلالەتی خۆی پێمان دەڵێت: که خۆی دروست کەری زەوی و ئاسمانەکانە. بۆیە هیچ یەکێك لە دروست کراوەکانی بۆی نیه لە ویست و ئارەزووی خودای گەورە دەربچێت. هەموو بوونەوەرەکان بەتەواوەتی ملکەچی ئەو یاسایانەن که خودای گەورە بۆی داناون و ناتوانن لێی هەڵبگەڕێنەوە و یاخی بن. جا تاکو نەترسێین لەوەی یەکێك لە مەخلوقەکانی خودا هەڵبگەڕێتەوە و شتێك بکات که پەروەردگارەکەی ڕێگەی پێ نەدابێت خودای گەورە دەفەرموێت: -

((لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ))

لە ئایەتی - ٢٥٥ - سورة البقرة

(( هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە ئەو زاتە خاوەنیانە))

ل - ٤٢ - ئاسان

جارێکی تریش خودای مەزن دەیەوێت زیاتر ئاسوودەمان بکات. لەوانەیە وا مەزەندە بکەین که یەکێك زۆر بپاڕێتەوە لەلای خودای مەزن و ئەم پاڕانەوەیەی وای لێ بکات بە بێ ئەوەی مۆڵەت لە خودای گەورە وەربگرێت هەرچی بیەوێت ئەنجامی بدات. لەم گەردوونەدا بە ویست و ئارەزووی خۆی بکات و چی بووێت بیکات و ئاژاوە دروست بکات.

یاخود یەکێك لە مەخلوقەکانی خودای مەزن که لە ژمارە نایەن وا مەزەندە

بکات لە خودای گەورە چاوی لە ئەو نیە یان لێی وونە یاخود بۆ بەشێك لە چرکەیەکدا لەژێر توانای ڕەهای خودای مەزن وون دەبێت و دیار نابێت.
خودای گەورە دەفەرموێت: ـ

((مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ))

**لە ئایەتی ـ ٢٥٥ ـ سورة البقرة**

(( کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو ، بە بێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستا و داهاتوو ڕابردوودا ڕوویداوە و ڕوو دەدات. هیچ کام لە دروست کراوەکانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات ))

**ل ـ ٤٢ ـ ئاسان**

## گرنگی دان و ئاگاداری خودا

بەم جۆرە خودای مەزن دەیەوێت کە ئادەمیزاد بزانێت کە ئەو بە گرنگی دانی خودا و ئاگاداری خودا پارێزراوە. مادام ئەو گوێڕایەڵی فەرمایشتەکانی خودای پاك و بالاّ بێت و خۆی پێیانەوە پەیوەست کردبێت. تەنانەت لەو کاتەشدا کە توانای بەرگری کردنی لەخۆی نیە خودای گەورە دەیپارێزێت. بۆ نموونە: ـ لەکاتی خەوتندا کە بوونەوەر ئاگاداری خۆی نیە خودای گەورە ئاگاداری دەکات و دەیپارێزێت. دەبێ بزانین کە خودای هەق و پاك و بالاّ ( لا تأخذە سنة ولا نوم ). بۆیە ئادەمیزاد با بە ئاسوودەیی پێلووەکانی بخاتە سەر یەك و بچێتە خەوێکی قووڵەوە. چونکە چاوەکانی خودا

خەو نایانباتەوە و ئاگاداری دەکەن و دەیپارێزن و توانای خودای مەزن کە هەموو تواناکانی گەردوون توانای خۆیان لەو وەردەگرن لەگەڵ ئەودایە. بۆیە با نەترسێت لەوەی هیچ شتێك ئازاری بدات.

خودای پاك و بێگەرد و بالا وەك چۆن دەربارەی شەیتانەکان هەواڵی پێداوین کە دەمانبینن و نایانبینین .... بە هەمان شێوە هەواڵی هەندێ هێزی نادیاری تری لە گەردووندا پێ ڕاگەیاندووین. ئەو هێزە نادیارانەش سیحر و حەسوودین. ئەگەر خودای مەزن هەواڵی ئەو هێزانەی پێ ڕانەگەیاندبایین ئەوا هیچمان دەربارەیان نەدەزانی و لێیان تێ نەدەگەیشتین. بەلام خودای مەزن هەواڵی پێداین و ئەو هێزە نادیارانەی پێ ناساندین و فێریشی کردین چۆن خۆمان لێیان بپارێزین ئەویش بە پشت بەستن بە خودای پاك و بالا.

لەپێشدا بە بەڵگەی ماددی سەلماندمان کە ئەوەی لێمان دیارنیەو پەنهانە ئەوا بوونی هەیە. دەبێ بشزانین کە سیحرو حەسوودی لە هێزە نادیارەکانن لە گەردووندا. هەروەك باسمان کرد خودای پاك و بالا لەم گەردوونەدا بۆ هەموو شتێك یاسای داناوە. وەهەر بوونەوەرێك یاسای تایبەتی خۆی هەیە. بەلام خودای مەزن نایەوێت هیچ ڕەگەزێك لەخۆی بایی بێت بەوەی کە خودای گەورە هێزێکی وای پێ بەخشیوە لەسەرووی هەموو هێزەکانە. خودای مەزن نایەوێت یەکێك لە دروست کراوەکانی لەخۆبایی بێت بەوەی کە لە خوودی خۆیەوە بەرز بۆتەوە یاخود لەخۆیەوە هێزێکی بەدەست هێناوە دوور لە ویست و دەسەلاتی خودای هەق و بالا. خودای مەزن کە یاساکانی داناوە بەجۆرێکی داناوە کە کەم دەست و بێ هێز بتوانێت بەهۆی ئەم یاسایانەوە مل بە بەهێز و بالا دەستەکان کەچ بکات و ئەوەی دەیەوێت بە دەستی بهێنێت.

شەیتان کاتێ کە یاخی بوو لە خودی خۆیەوە یاسای بۆ خۆی و نەوەکانی دانا

که لەگەڵ جۆری دروست بوونیان بگونجێت. ئەو یاسایەی کە بەهۆیەوە دەیویست خۆی بە بەرزتر بزانێت لە ویست و ئارەزووی پەروەردگارەکەی بۆیە کاتێ کە خودای گەورە داوای لە شەیتان کرد کڕنۆش بۆ ئادەم بەرێت: وەڵامەکەی وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ئەوە بوو.

((قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ))

**لە ئایەتی ١٢ سورة الاعراف**

(( من لەو چاکترم ( چونکە ) تۆ منت لە ئاگر دروست کردووە و ئەوت لە قوڕ دروست کردووە )) ل - ١٥٢ - ئاسان

لە ئایەتێکی تریشدا:

((قَالَ ءَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا )) **لە ئایەتی ٦١ سورة الاسراء**

(( ووتی: ئایا چۆن کڕنۆش دەبەم بۆ ئەو کەسەی کە لە قوڕ دروستت کردووە ؟ )) ل - ٢٨٨ - ئاسان

کەواتە شەیتان لێرەدا ڕەگەزی پێکهاتەکەی وای لێکردووە کە لەخۆی بایی بێت و لەخودی خۆیەوە وا هەست بکات کە لەسەرووی مرۆڤەوەیە. ئەوەی لە بیر کردووە کە هەرچی هێزێك کە پێی دراوە لە ڕەگەزی پێکهاتەکەی و لە خودی خۆیەوە نیە بەڵکو گشتی لە خودای مەزن و باڵاوەیە.

بۆیە چۆن لە پێکهاتەکەیەوە ملکەچ بووە بۆ ویست و دەسەڵاتی خودای مەزن. دەبێ ملکەچیش بێت بۆ فەرمایشتەکانی ئەو خودایەی کە بەویستی خۆی دروستی کردووە ... جا پێکهاتەکەی هەرچی یەك بێت بەهانەی ئەوەی پێ نادات کە یاخی بێت لە فەرمایشتەکانی خودا و ئەو هێزو توانایە بۆ خودی خۆی بگێڕێتەوە. بەمەش دەکەوێتە کوفرەوە و ڕەتکردنەوەی فەرمایشتە

بەسەر ئەو کەسەی کە فەرمانی دەرکردووە. بەڵام غرور و لەخۆبایی بوون بە نازو نیعمەت وا لە مەخلوق دەکات کەوا بزانێت پێویستی بەو کەسە نەماوە کە ئەو نیعمەتەی پێ بەخشیوە وە ئەو نیعمەتە یان نیعمەتەکانی بە توانای خۆی بەدەست هێناوە. بەمەش پەروەردگارەکەی خۆی لەیاد دەکات و یاخی دەبێت لەوەی کە ئەم نیعمەتەی پێ بەخشیوە بەتەواوەتی وەك ئەوەی کە ( قارون ) ووتی : -

((قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ)) لە ئایەتی ٧٨ سورة القصص

(( قارون ووتی بێگومان ئەم سامان و دارایییەم هەر بەهۆی زانست و زانیاری و نەخشەی خۆمەوە بەدەست هێناوە )) ل ـ ٣٩٢ ـ ئاسان

قارون ئەوەی لە بیر کرد کە ئەم زانستەی کە هەیەتی لە خوداوەیە ... و ئەگەر ئەو زانستەی بە ئەو بەخشیوە دەبوایە ئەم بەخششە وای لێ بکات زیاتر سوپاسی خودای مەزن بکات و زیاتر ملکەچی فەرمایشتەکانی بێت.

تا ئێرە گەیشتینە ئەوەی کە لەم گەردوونەدا هێزی نادیار و پەنهان هەیە. ئەم هێزانەش خودا دروستی کردوون و یاسای تایبەتی خۆیان هەیە کە ئێمە نایانزانین. سروشتێکی وایان هەیە لەلامان ئاشکرا نیە. تەنیا ئەوە نەبێت کە خودای بەرز و باڵا پێی ڕاگەیاندووین .

ئەو هێزانە ئەگەر هیچیشیان لێ نەزانین ئەوا هەن و کاریگەری خۆیان هەیە. خودای پاك و بێگەرد و باڵا ویستوویەتی سەرنجمان بۆ ئەوە ڕابکێشێت ئەگەر ڕەگەزێکیش هەبێت لە ڕەگەزێکی تر بەهێزتر بێت. ئەوا خودای بەرز و باڵا لەتوانایدا هەیە کە هێزە بەرز و بەتینەکە ملکەچ بکات بۆ ئەوەی کە کەم دەست و بێ توانایە.

پێش ئەوەی باسەکەمان تەولو بکەین دەبێت وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ

بدەینەوە. ئەوانیش بریتین لە: - سیحر چی یە ؟ کێن ئەوانەی دروستی دەکەن؟ کاریگەری لەسەر ئادەمیزاددا چی یە؟ .... بۆچی خودای پاك و بێگەرد و بالاّ دوو فریشتەی ناردە خوارەوە تاکو خەڵك فێری سیحر بکەن؟

## بـەشـی دووەم

# سـیـحـر چـیـە ؟

# سیحر

سیحر له قورئانی پیرۆزدا باس کراوه . ... بۆیه سیحر حه‌قیقه‌تێکه و بوونی هه‌یه. ئێمه‌ش که باسی سیحر ده‌که‌ین وه‌ك ئه‌وه‌ی که خودای پاك و بالاَ له کتێبه پیرۆزه‌که‌یدا باسی بۆ کردووین.... دیاره سیحر یه‌کێکه له هێزه نادیاره‌کان له گه‌ردووندا . ... که نادیاریش بوو ئێمه هیچی لێ نازانین ... بۆیه ده‌بێت له باسکردنی ئه‌م هێزه‌دا پشت به‌و هه‌واڵه ببه‌ستین که دروست که‌ری ئه‌م گه‌ردوونه پێی ڕاگه‌یاندووین وشه‌ی (سحر) له زمانی عه‌ره‌بیدا له وشه‌ی (السحر) وه‌رگیراوه . که له سێ پیت پێکهاتووه (س ، ح ، ر ) (السحر) کۆتایی شه‌وه و سه‌ره‌تای ڕۆژه. تاریکی شه‌و و تیشکی ڕۆژی تێدایه. ناتوانیت بڵێی ڕۆژه به واتای ڕووناکی هه‌روه‌ها ناشتوانی بڵێی شه‌وه به اتای تاریکی بۆیه دوو واقیعی هه‌یه نه‌ك ته‌نیا واقیعێك.

سیحریش له یه‌کێك له شێوه‌کانیدا دوو شتی کۆ کردۆته‌وه شتێك تۆ وا مه‌زه‌نده‌ی ده‌که‌یت واقیعه. واقیعیش نیه. واتا ڕوخسارێکی هه‌یه.. نه‌گوزارشت له واقیعه‌که‌ی و نه له حه‌قیقه‌ته‌که‌ی ده‌کاته‌وه... دیارده‌ی هه‌ندێ شت که وا خه‌یاڵ ده‌که‌یت ڕوو ده‌دات ... که‌چی له واقیع و حه‌قیقه‌تدا ڕوونادات.

سیحر کاریگه‌رییه‌که‌ی ته‌نیا له‌سه‌ر چاو دایه ... ته‌نیا چاوه که جادووی لێده‌کرێت و ده‌که‌وێته ژێر کاریگه‌ری سیحره‌که. بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ندێ شت ببینیت که واقیع نیه .. ڕوودلویش نیه. بۆیه خودای پاك و بێگه‌رد و بالاَ ده‌فه‌رموێت :

((سَحَرُوٓاْ أَعْيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَآءُو بِسِحْرٍ عَظِيمٍ))

**١١٦ سورة الاعراف**

(( جادوويان له چاوی خه‌ڵكی كرد و ویستیان بیان ترسێنن و جادووییه‌كی زۆر گه‌وره‌یان پێش هێناو به‌رپا كرد )) ل ـ ١٦٤ ـ ئاسان

كه‌واته سیحر هه‌ڵخه‌ڵه‌تێنه‌ری چاوه ... هه‌رچاوه كه جادووی لێده‌كرێت .... نیگا هه‌ڵده‌خه‌ڵه‌تێنرێت . .. و مادده گۆڕانی به‌سه‌ردا نایه‌ت . ... گه‌ر به‌دوای سیحردا بچیت و لێی بكۆڵیته‌وه ده‌بینیت كه له ساده‌ترین بنه‌ماكانیدا هه‌ندێ سیحر هه‌یه كه مرۆڤ به توانای خۆی ئه‌نجامی ده‌دات . ... هه‌ندێ سیحریش هه‌یه سیحرباز پشت به هێزی تره‌وه ده‌به‌ستێت كه له ره‌گه‌زی مرۆڤ نین .. ئه‌وانیش شه‌یتانه‌كانن.

سیحربازه ساده‌كان ئه‌وانه‌ی كه هه‌ندێ جۆری ساده و ئاسانی سیحر ئه‌نجام ده‌ده‌ن له‌بنچینه‌وه پشت ده‌به‌ستن به هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندنی چاوه‌كان. یاخود سووكی و خێرایی جولانی ده‌ست . ... ئه‌وانه‌ی كه لـﮥ ئاهه‌نگه‌كاندا یاری به سیحرییه‌كان پێشكه‌ش ده‌كه‌ن. بنچینه‌ی كاره‌كه‌یان ئه‌وه‌یه كه به شێوه‌یه‌كی وا ڕاهێنراون و مه‌شقیان كردووه كه ده‌ستیان به خێرایه‌كی زۆر بجولێنن به‌شێوه‌یه‌ك كه چاو تێ بینیان نه‌كات. ئه‌وسا بینه‌ران وا ده‌زانن كه ئه‌وه‌ی له‌به‌ر ده‌میاندا ڕوو ده‌دات گۆڕانی سروشتی شته‌كانه ... بۆ نموونه كاتێ سیحرباز كوپێك ئاو ده‌هێنێت و وای لێده‌كات وون بێت .... ئینجا جارێكی تر ده‌ی هێنێته‌وه... یاخود ده‌ستی درێژ ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ندێ شت له هه‌واوه بێنێت كه له‌به‌ر چاوی بینه‌راندا دیار نه‌بوون . ... یاخود وا بكات شته‌كان وون بن یا ده‌ربكه‌ون .... هه‌موو ئه‌مانه ئه‌و شته‌یه كه پێی ده‌وترێت سووكی و

خێرایی جولەی دەست . ... لە ڕاستیشدا ئەوەی کە ڕوودەدات هەڵخەڵەتاندنی چاوەکانە، چاویش بە گەلێ شت هەڵدەخەڵەتێندرێت.

بۆ نموونە : ــ کاتێك کە سەراب دەبینین لەبەرچاوماندا وەکو ئاو دەردەکەوێت . ... هەندێ لە ڕەنگە نابنچینەییەکان وەکو هەندێ شت دەردەکەون لەشێوەی دەفری فریو.

جولەی خێرا ، چاوی مرۆڤ ناتوانێت تێبینی بکات. بۆ ئەوەی ئەمە بسەلمێنیت ئەوە تاقیکردنەوەیەکی زۆر سادە ئەنجام دەدەین. ئەگەر پانکەیەکی کارەبایی بێنین و بەکاری بخەین دەبینین پەڕەکانی زۆر بەخێرایی دەسووڕێنەوە بەجۆرێك کە ناتوانین شێوەی ڕاستەقینەی پەڕەکان دیاری بکەین. بەڵکو ئەوەندە بە خێرایی دەسووڕێنەوە وا دێتە بەرچاومان کە پەڕەکان لێوارەکانیان گەیشتۆتەوە یەك و بەیەکەوە بەستراون بەڵام کاتێك کە دەیوەستێنین ئەوە شێوە ڕاستەقینەکەی دەبینین ... هەموو پێکهاتەکانی دەبینین ... بۆشایی نێوان پەڕەکان . شێوەی پەڕەکان ، پێکهاتەی پەڕەکان و گەلێ شتی تریش. کەچی لە کاتی سووڕانەوەیدا وەکو یەك شت دەهاتە بەر چاومان کەواتە ئەو شتانەی کە زۆر بەخێرایی دەسووڕێنەوە ناتوانیت درکیان پێ بکەیت. چونکە چاو بە جوڵەی خێرا هەڵدەخەڵەتێنرێت. ئەمەش لەناو خەڵکی بە خێرایی و سووکی دەست ناسراوە وەك ئەوەی لە یاری یە سیحرییەکاندا دەیبینین کە سیحربازەکان پشت بە خێرایی جوڵەی دەست دەبەستن لە هەڵخەڵەتاندنی چاوەکان و وا دەردەکەوێت کە جۆرێك لە سیحر ئەنجام دەدەن.

## هەڵخەڵەتاندنی چاو

بەڵام سیحرێکی تر هەیە کە لەمەودوا باسی دەکەین. جا ئەگەر نموونەی سادە و ساکاریشمان دەربارەی ئەو سیحرە هێنابێتەوە بۆ ئەوەمان هێناوەتەوە تا واتاکەی لە بیر و هۆشی خوێنەر نزیك بکەینەوە. ئەویش بە شتێکی ماددی کە هەموو ڕۆژێك لەبەر چاوماندایە و وا دەکات کە سادەترین عەقڵ لە مانای هەڵخەڵەتاندنی چاو بگات.

ئەگەر ئەمە سروشتی سووکی و خێرایی جولەی دەست بێت لە سادەترین وێنەدا ئەوا لە باڵاترین شێوەیدا خەیاڵ کردن و هەڵخەڵەتاندنی چاوە و واقیع و حەقیقەتێکی نیە.

خودای هەق و پاك و باڵا ویستی ئەوەمان تێ بگەیەنێت کە سیحر جۆرێکە لە کاریگەری کردن لەسەر چاو بۆ ئەوەی هەندێ شت ببینیت کە نە لە واقیع و نە لە سروشتدا ڕوو نادات.ئەگەر بمانەوێت لەوە بگەین ئەوا دەبێ باس لە بەسەرهاتی موسا ( د . خ ) لەگەڵ سیحربازەکان بکەین. خودای هەق و بەرز و باڵا چی دەفەرموێت دەربارەی ئەم بەیەك گەیشتنە :

((قَالُواْ يَـٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ ﴿٦٥﴾ قَالَ بَلۡ أَلۡقُواْۖ فَإِذَا حِبَالُهُمۡ وَعِصِيُّهُمۡ يُخَيَّلُ إِلَيۡهِ مِن سِحۡرِهِمۡ أَنَّهَا تَسۡعَىٰ ))

**٦٥ ـ ٦٦ سورة طه**

(( ئەوسا جادووگەران وتیان ئەی موسا یان تۆ دەست بەکاربە و ( دار عەسای ) خۆت فڕێ بدە یان ئێمە سەرەتا دەست پێ دەکەین و فڕێی دەدەین؟

موسا ووتی : ـ نەخێر ئێوە لەپێشدا دەست پێ بکەن جا هەر کە دەستیات پێکرد پەت و گوریس و دار و چێوەکانیان وا دەهێنرانە بەرچاوی بەهۆی جادوویانەوە. بێگومان وەك مار بەخێرایی دەڕوات ))

ل ـ ٣١٦ ـ ئاسان

پێویستە ئاوڕ لە فەرموودەی خودای هەق و پاك و بێگەرد و بالاّ بدەینەوە ( یخیل الیە ) واتە تەنیا خەیاڵە و واقیع و ڕاستەقینە نیە. گوریسەکان لەبەرچاوی جادووگەرەکان هەر گوریس بوون. بەلاّم لەبەرچاوی خەڵکەکانی تر وەکو ماری زۆر گەورە دەردەکەوتن کە زۆر بەخێرایی دەڕۆیشتن تەنانەت وایان بەخەیاڵدا دەهات کەوا ماری ڕاستەقینەن و لەسەر زەویدا دەخشێن. ئەم سیحرەش لە ناوەڕۆکدا جۆرێکە لە سیحر و جادووکردن لە چاو. ئەوەی چاوەکان دەیانبینن واقیع نیە و جۆرێکە لە خەیاڵ کە لەحەقیقەتەوە دوورە. جا با بزانین چی ڕوودەدات کاتێ کە موسا ( د . خ ) دار عەساکەی خۆی هەڵدەدات؟

## سیحربازەکان و موعجیزە

بۆچی سیحربازەکان کڕنۆشیان برد و بڕوایان بە خودای موسا هێنا؟ چونکە بینیان عەساکەی موسا دەگۆڕێت بۆ مارێکی ڕاستەقینە ئەو جادووگەرانە کە دار و پەتەکانی خۆیان هەڵداو بە جادووەکانیان کاریان کردە سەر بینایی خەڵك و وایان لێکردن کە خەیالّی شتی وابکەن کە بوونی نیە بەلاّم جادووگەران چاویان سیحر کاری تێ ناکات و لەسەر سروشتی خۆی دەمێنێتەوە و شتەکان وەك حەقیقەتی خۆی دەبینن. بۆیە کاتێ کە دار و گوریسەکانی خۆیان هەڵداو جادوویان لە چاوی خەڵك کرد و لەبەرچاوی خەڵك

بـــوون بـــه مـــار. بـــەلام لەبەرچـــاوی خۆيـــان هـــەر دار و گـــوريس بـــوون و نـــەگۆڕابوون.کـــاتێکیش کـــە موســـا ( د . خ ) دار عەســـاکەی خـــۆی هەڵـــدا سیحربازەکان بینیان ئەوا دەگۆڕێت بۆ مارێکی گەورە بۆیە زانیان ئەمە سیحر و جادوو نیە و حەقیقەتە. زانیان ئەمە هەڵخەڵەتێنەری چاو نیە. بەڵکو گۆڕانێکی سروشتی شتەکانە و جگە لە خودای پاك و بێگەرد و بالا کەس ناتوانێت دار عەساکەی بگۆڕێت بۆ مارێکی ڕاستەقینە. زانیان ئەوەی کە لەپێش چاویان ڕوودەدات موعجیزەیە ... و جگە لە پەروەردگار کەس لە توانایدا نیە ئەوە بکات و زانیان کە موسا (د.خ) سیحرباز نیە بەڵکو پێغەمبەرە و لەلایەن خودای مەزنەوە نێردراوە.

دیارە هەر کەسێك هونەرێك بزانێت و لایەنە شاراوەکانی شارەزا بێت تەنیا ئەو بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لەو هونەرە دەگات. بەجۆرێك تێیدەگات کە کەس ناتوانێت لەو بوارەدا هەڵی خەڵەتێنێت. سیحربازەکانیش بەو زانست و زانیاریەی کە دەربارەی سیحر و سروشتی سیحر هەیان بوو دڵنیا بوون لەوەی کە ئەوەی لەبەرچاویاندا ڕوودەدات سیحر نیە و موعجیزەیە.

خودای مەزن دەفەرموێت : ـ

((فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَـٰرُونَ وَمُوسَىٰ ))

٦     ٧٠ سورة طه

(( ئەوسا ئیتر هەموو جادووگەران خران بەڕوودا کڕنۆشیان برد بۆ خوا ( ڕاستیان بۆ دەرکەوت ) ووتیان ئیتر ئێمە باوەڕێکی بەتینمان هێناوە بە پەروەردگاری هارون و موسا ))     ل ـ ٣١٦ ـ ئاسان

فیرعەون سەری سوڕما لەوەی کە ڕوویدا. چۆن ئەو جادووگەرە گەورانەی کە هێناویەتی کڕنۆشدەبەن؟ ئەو وای دەزانی کە سیحربازەکان موسا ڕیسوا دەکەن و سیحرەکەی بۆ خەڵك ئاشکرا دەکەن.

چۆن کڕنۆش بۆ خودای موسا دەبەن؟ وەك لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان باس دەکات پێی وتن:

((قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِي عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحۡرَ))

**٧١ سورة طه**

((فیرعەون وتی ئایا ئێوە هەر ئاوا باوەڕتان پێ هێنا پێش ئەوەی مۆڵەتتان بدەم و ڕازی بم؟ بە ڕاستی دیارە موسا گەورە و مامۆستاتانە و هەر ئەو فێری جادووگەری کردوون ))

**ل ٢١٦- ئاسان**

بەم جۆرە چونکە فیرعەون سیحرباز نەبوو هیچی دەربارەی سیحر نەدەزانی. هەروەکو هەموو خەڵکەکەی تر چاوەکانی جادوویان لێکرا بوو نەیدەتوانی جیاوازی لەنێوان سیحر و موعجیزە بکات. ئەو گوریس و داری سیحربازەکانی بینی مار بوون لەسەر زەوی دەڕۆیشتن... دوایی عەساکەی موساشی بینی بۆ مار و لەسەر زەوی دەڕۆیشت نەیدەتوانی جیاوازی لەنێوان حەقیقەت و خەیاڵدا بکات.

چونکە چاوەکانی جادوویان لێکرا بوو مەنتقێکی هەبوو دەگونجا لەگەڵ بانگێشەکردن بۆ خوایەتییەکەی.

لەگەڵ پێویستی بوونی لێکدانەوەیەك بۆ کڕنۆش بردنی لەناکاوی جادووگەرەکان، فیرعەون نەیزانی چی بڵێت. تەنیا ئەوە نەبێت سەری سوڕما لەوەی کە سیحربازەکان کڕنۆشیان برد پێش ئەوەی مۆڵەتیان پێ بدات و

ئەگەر فیرعەون خودایەکی ڕاستەقینە بووایە وای دەکرد کە سیحربازەکان کڕنۆش نەبەن. بەڵام چونکە خودایەکی ساختە بوو و تواناکانی توانای مرۆڤ بوون نەیدەزانی کە جادووگەرەکان بەم شێوەیە کڕنۆش دەبەن چونکە زانست و زانیارییەکەی زانست و زانیاری مرۆڤ بوون و ئەو شتەی لەناکاو لەبەر چاوی ڕوویدا چاوەکانی ئەبڵەق بوون و زانستە دیاری کراوەکەی ئەو توانایەی پێ نەبەخشی کە کۆنترۆڵی ئەوە بکات کە خۆی بە خوای ئەوان دەزانی.

بەم جۆرە فیرعەون ڕیسوا بوو ئەو بانگێشە ساختەیەی کە بۆ خوایەتی دەیکرد ئاشکرا بوو. پاش ئەو ڕووداوە لەناکاوەی کە فیرعەون حەپەسا... و باوەڕی وا بوو کە موسا گەورەی جادووگەرەکانە و ئەو فێری سیحری کردوون بۆیە کڕنۆشیان برد وەك دان پێدانانێك بە سەرۆکایەتی ئەو وەك ڕێز لێنانێك بۆ زیرەکی و لێهاتوویی موسا. بەڵام سیحربازەکان وەڵامی فیرعەونیان دایەوە ، ئەو وەڵامەی کە زیاتر سەری پێ سوڕما بەو ڕاستی یەی کە هەیە. ئەویش ئەوەیە کە موسا ( د . خ ) جادووگەر نیە بەڵکو پێغەمبەرە و لەلایەن خوداوە نێردراوە و ئەوەی کە ڕوویدا کاتێ موسا ( د . خ ) عەساکەی خۆی هەڵدا سیحر نەبوو بەڵکو موعجیزە بوو.

فیرعەون ویستی ئاوی ڕووی خۆی بپارێزێ بە ترساندن و گەف لێکردنی جادووگەرەکان کە سزایان دەدا و دەیانکوژێت. بۆیە پێویستە پەشیمان ببنەوە لەوەی کە کردیان ئەویش کڕنۆش بردن بوو بۆ خودای موسا و هاروون.

## فیرعەون و سیحربازەکان

قورئانی پیرۆزگەفەکەی فیرعەونمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە سیحربازەکانی کرد:

((فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ )) ٧١ سورة طه

(( شەرت بێت دەست وقاچتان بە پێچەوانەوە بقرتێنم و هەڵتانواسم بە قەدی دارخورمادا ئەوسا چاك دەزانن كە كاممان (من یا خوای موسا ) سزامان توندوتیژ و بەردەوامە)) ل - ٣١٦ - ئاسان

فیرعەون بەم جۆرە گەفی خۆی كرد و وای دەزانی ئەمە بەسە بۆ ئەوەی جادووگەرەكان بۆ پەرستنی فیرعەون بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕاستەقینە ئاشكرا بكەن ئەویش ئەو ڕێكەوتنەیە كە جادووگەرەكان لە نێوان خۆیاندا ڕێكەوتوون و لە فیرعەونیان شاردۆتەوە. بۆ ئەوەی موسا بكەن بە پادشای خۆیان چونكە موسا گەورەی سیحربازەكانە. لەم بارەیەوە خودای پاك و بێگەرد و بالاّ دەفەرموێت : -

((قَالَ فِرْعَوْنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي ٱلْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُوا۟ مِنْهَآ أَهْلَهَا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ )) ١٢٣ سورة الاعراف

(( فیرعەون ووتی ئایا باوەڕتان هێنا بە پەروەردگاری موسا و هاروون پێش ئەوەی من مۆڵەت و ڕوخسەتتان بدەم؟ بەڕاستی دیارە كە ئەمە پیلانێكە سازتانداوە و گێڕاوتانە لە شارەكەدا تا خەڵكەكەی لێ دەربەدەر بكەن جا لە مەولا دەزانن چیتان بەسەر دەهێنم))

ل - ١٦٥ - ئاسان

بەلاّم ئەم هەموو گەف و گوڕ و تاوانباركردنەی كە فیرعەون كردی هیچ ئەنجامێكی بە دەست نەهێنا. چونكە سیحربازەكان موعجیزەكەیان بینی و لێی خاتر جەم بوون بۆیە ملكەچ نەبوون بۆ گەفەكانی فیرعەون و ڕەتیان كردەوە.

بڕوای تەواو چووە ناو دڵیانەوە و نووری یەزدان لە دڵیان جێگیر بوو. ئەوان هاتبوون ڕووبەڕووی موسا ببنەوە و ئاشکرای بکەن و لە ناو خەڵك ڕیسوا بێت. کەچی یەکەمین دەستە بوون کە بڕوایان پێ هێنا. باوەڕەکەیان زۆر بە تین بوو چونکە موعجیزەکەیان بە چاوی خۆیان بینی و ناسیان و تێی گەیشتن بۆیە خودای هەق و پاك و بێگەرد دەفەرموێت : ـ

((قَالُواْ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ ))

**٧٢ سورة طه**

(( جادووگەرانی تاوێك لە مەوبەر بە باوەڕێکی بەتینەوە وتیان هەرگیز تازە باوی تۆ نادەین بەسەر ئەم بەڵگە و نیشانانەدا کە بۆمان هاتووە. سوێند بەو کەسەی کە دروستی کردووین. چیت لە دەست دێت ئەنجامی بدە و دریغی مەکە بە ڕاستی تۆ هەر دەتوانیت ژیانی ئەم دنیایەمان لێ زەوت بکەیت ))

ل ـ ٣١٦ ـ ئاسان

## ترس و تۆقاندن

کەواتە لە بەیەك گەیشتنی موسا (د.خ) لەگەڵ سیحربازەکاندا گۆڕان لەو شتانەدا ڕوویان نەدا کە جادووگەرەکان هەڵیان دەدان بەڵکو گۆڕان لە چاوی خەڵکەکەدا ڕوویدا. کەواتە جادوو لێکراو گۆڕانی بەسەردا دێت و چاوەکانی تووشی جادوو دێن. ئەگەر عەسای موسا (د.خ) تەنیا دارێك بوایە و بەس سیحربازەکان یەکەم کەس بوون دەیانزانی کەوا تەنیا دارێکە. چونکە کەس

چاوەکانی ئەوانی تووشی سیحر نەکردبووبۆیە زانیان کە سروشتی عەساکە گۆڕا و بوو بە مار.

کەواتە سیحر مەزەندەکردنی حەقیقەتە نەك گۆڕانی حەقیقەت. ئەویش مەزەندەکردنی حەقیقەتە بە جۆرێك کە ترس و تۆقاندن دەخاتە دەرونی سیحرلێکراو و وای لێدەکات کە ملکەچ بێت بۆ داواکانی جادووگەر. جا هەرچیەك بێت. بۆیە پێویستە سەرنجێك بدەینە فەرموودەی خودای هەق و پاك و بالاّ کە دەفەرموێت : ـ

**(( و سحروا أعين الناس و استرهبوهم ))**

(( جادوویان لە چاوی خەڵکە کە کرد و ویستیان بیانترسێنن ))

**ل ـ ١٦٤ ـ ئاسان**

لێرە دا دەبێ لەسەر وشەی ( ا سترهبوهم ) بوەستین کە دەکاتە ترساندن و تۆقاندن. لێرەدا تێ بینی دەکەین جادووگەران بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن هەندێ شت بەکاربێنن کە ترس و تۆقاندن بخاتە دەروونی خەڵکەوە. لەوانە کەللەسەرو دەنگی ترسناك بۆ ئەوەی جادوولێکراو بخاتە بارێکی دەروونی وا زیاتر ئامادە بێت بۆ ترس و تۆقاندن ئەوسا ملکەچ دەبێت. تەنیا بە بینینی ئەو شتانەی کە جادووگەر وای کردووە مەزەندەیان بکات دەروونی پڕ دەبێت لە ترس.

لە ڕێگەی ئەم ترس و تۆقاندنەوە سیحرباز دەتوانێت هەرچی مەرامی هەیە ئەنجامی بدات و هەرچیەکی بووێت جادوولێکراو بۆی جێ بەجێ بکات و بە تەواوەتی دەسەلاّتی خۆی بەسەر جادوولێکراودا بسەپێنێ و وای لێدەکات جادوولێکراو هیچ دەسەلاّتێکی نەبێت لە بەرامبەر هێز و توانای جادووگەرەکەدا .

## هێزی سیحره .... یان به پاڵپشتی شه‌یتانه‌كانه

ئه‌و كاره‌ی كه سیحرباز ده‌یكات ئایا به هێزی سیحره‌كه ڕوو ده‌دات؟ ... یاخود شه‌یتانه‌كان یارمه‌تی سیحرباز ده‌ده‌ن ؟ ئه‌وه‌ی جێگیر و ئاشكرایه ئه‌وه‌یه كه شه‌یتانه‌كان په‌یوه‌ندیان به سیحره‌وه هه‌یه و ئه‌وان خه‌ڵكیان فێری سیحر كرد و بڵاویان كردوه‌. پاش ئه‌وه‌ی كه دوو فریشته‌كه ( هاروت و ماروت ) له بابلدا دایانبه‌زاند. خودای پیرۆز و باڵا له قورئانی پیرۆزدا پێمان ڕاده‌گه‌یه‌نێت كه پاش ئه‌وه‌ی سیحر له بابل دابه‌زێنرا شه‌یتانه‌كان خه‌ڵكیان پێ وێڵ و سه‌رگه‌ردان كرد چونكه سیحر فیتنه و كوفره و ئه‌ركی شه‌یتانه‌كانیش وێڵ و سه‌رگه‌ردان كردنی خه‌ڵكه و دوور خستنه‌وه‌یانه له ڕێبازی ڕاستی و بڵاوكردنه‌وه‌ی كوفر و بێ بڕوای یه‌. چونكه شه‌یتانه‌كان دوژمنی مرۆڤن و هه‌رده‌م شه‌ڕ و خراپه‌ی بۆ ده‌خوازن.

خودای پاك و باڵا ده‌فه‌رموێت : ـ

((وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَـٰنُ وَلَـٰكِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ كَفَرُوا۟ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ))

**١٠٢ سورة البقرة**

(( ئاشكرایه كه هه‌رگیز سوله‌یمان كافر نه‌بووه به‌ڵكو شه‌یتانه‌كان كافر بوون و خه‌ڵكیان فێری سیحر و جادوو ده‌كرد)) ل ـ ١٦ ـ ئاسان

مادام خودای پاك و به‌رز و باڵا پێی ڕاگه‌یاندوین كه شه‌یتانه‌كان خه‌ڵك فێری سیحر ده‌كه‌ن كه‌واته شه‌یتانه‌كان په‌یوه‌ندییه‌كی زۆر گه‌وره‌یان به سیحره‌وه هه‌یه‌. ئه‌وان كه خه‌ڵك فێری سیحر بكه‌ن كه‌واته زۆر شاره‌زان له‌م بواره‌دا چونكه تۆ ناتوانیت ببیت به مامۆستای بابه‌تێك و خه‌ڵك فێر بكه‌یت ئه‌گه‌ر خۆت شاره‌زاییه‌كی ته‌واوت له‌م بابه‌ته نه‌بێت و توانای ئه‌وه‌ت نه‌بێت خه‌ڵك فێر

بکەیت. مامۆستای هەر ماددەیەك دەبێ دەسەلآتی بە تەواوەتی بەسەر ئەو ماددەیەدا بشکێت تا بتوانێت بیلێتەوە و قوتابیەکانی فێر بکات کەواتە شەیتانەکان دەستی تەواویان لە سیحردا هەیە و هەوڵ دەدەن بلاوی بکەنەوە. لە پاش ئەوەی کە دوو فریشتەکە هاروت و ماروت دایانبەزاند لەو ساوە شەیتانەکان لە هەوڵی بلاو کردنەوەی دان.

## شەیتانەکان هەموو شێوەیەك وەردەگرن

یارمەتی شەیتانەکان بۆ سیحربازەکان وایان لێدەکات کە توانای هەڵخەڵەتاندنی خەڵکیان هەبێت چونکە لەم حاڵەتەدا هێزێك پاڵپشتیان دەکات کە جیایە لە هێز و توانای مرۆڤ و لە سەرووی توانای مرۆڤەوەیە، چۆن ؟

خودای پاك و بەرز و بالا شەیتانەکانی لە ئاگر دروست کردووە توانای ئەوەیان هەیە کە شێوەی خۆیان بگۆڕن و هەر شێوەیەکی تر وەربگرن. شەیتان لە ڕەگەزی جنە و دەتوانێت بچێتە سەر هەموو شێوەیەك و خۆی لەسەر شێوەی ئەو شتە پیشان بدات ... کەچی مرۆڤ لە توانایدا نیە ئەوە بکات و ناشی زانێت . ئادەمیزاد ناتوانێت شەیتان ببینێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە خۆی لەسەر شێوەی شتێك بخاتە ڕوو بچێتە خانەی یاسای بینینی مرۆڤەوە. ئەوسا دەتوانێت ببینێت. ئەگەرنا مرۆڤ ناتوانێت شەیتان لەسەر شێوەی سروشتی خۆی ببینێت چونکە لە سەرووی یاسای بینینی مرۆڤدایە بەلآم ئەگەر خۆی خستە سەر شێوەی ئادەمیزاد یان هەر گیانلەبەرێکی تر ئەوسا لە توانامانداییە ببینین.

شەیتان کاتێ کە خۆی دەخاتە سەر شێوەیەکی ماددی ئەوسا یاساکانی ئەو وێنەیە حوکمی دەکات. ئەگەر لەسەر شێوەی ئادەمیزاد دەرکەوت ئەوسا

ملکەچ دەبێت بۆ یاساکانی مرۆڤ و ئەگەر تەقەی لێ بکرێت و بەری کەوێت ئەوا یەکسەر دەمرێت. بۆیە ئەگەر لە شێوەیەك لە شێوەکان خۆی دەرخست ئەوا تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر ئەم شێوەیە دەمێنێتەوە و دوایی ون دەبێت. چونکە دەزانێت هەر کەس لەسەر ئەو شێوەیە بیبینێت ئەوا لە توانایدایە بیکوژێت.

ئەمەش لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) دا ڕوویدا کاتێك کە لە مزگەوتدا نوێژی دەکرد. شەیتان لەسەر شێوەی مرۆڤێك خۆی دەرخست بەڵام پێغەمبەر (د.خ) زانی کە شەیتانە گرتی و ویستی لە کۆڵەگەی مزگەوت بیبەستێتەو. بەڵام پێغەمبەر (د.خ) دوعاکەی حەزرەتی سولەیمانی بە بیر هاتەوە کە داوای لە خودای هەق و بێگەرد و باڵا کرد کە موڵك و توانایەکی پێ ببەخشێت لە دوای ئەو بە کەسی تری نەبەخشێت.

(( عن ابی هریره رضی الله عنه عن النبي صلی الله علیه وسلم قال ان عفریتا من الجن تفلت علي البارحة لیقطع علي الصلاة فأمکنني الله منه واردت أن أربطه الی ساریه من سواری المسجد حتی تصبحوا وتنظروا الیه کلکم فذکرت قول آخی سلیمان (علیه السلام) ( رب هب لي ملکا لا ینبغی لا حد من بعدی ) فرده صلی الله علیه وسلم خاسئا (ای مطرودا) ))[1]

لەبارەی دوعاکەی سولەیمان پێغەمبەرەوە خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :

((قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِيٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ))

٣٥ سورة ص

(( وتی پەروەردگارم لێم خۆش بە و دەسەڵاتێکم پێ ببەخشە کە دەست نەدات

---

[1] جواهر البخاری ، شرح القسطلانی ، تألیف مصطفی محمد عماره مکتبه النهظه ، بغداد ، ط ۱ ، ۱۹۸۳ ص۴۰۷

بۆ کەسی تر لە دوای خۆم چونکە بە ڕاستی تەنها تۆ بەخشندەی هەموو ناز و نیعمەتێکیت )) ل - ٤٥٥ - ئاسان

دوای ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) ئەم دوعایەی سولەیمانی بەبیر دێتەوە شەیتان بەڕەڵلا دەکات و لە مزگەوت دەری دەکات.

## یاسای شێوە وەرگرتن

کەواتە جن توانای شێوە وەرگرتنی هەیە بەلأم هەر شێوەیەك وەربگرێت ئەوا یاسای ئەو شێوەیەی بەسەردا دەسەپێت. ئەگەر هاتە سەر شێوەی ئادەمیزاد ئەوا دەتوانیت بیگریت و بیکوژیت و ناتوانێت لە یاسای ئەو شێوەیە دەربچیت کە وەری گرتووە تاکو لەسەر ئەو شێوەیە مابێت. بۆیە کاتێ پێغەمبەری خودا (د.خ) شەیتانەکەی گرت کە لەسەر شێوەی ئادەمیزاد خۆی دەرخست بوو و لە ژێر یاسای مرۆڤدا بوو ئەوا پێغەمبەر (د.خ) دەیتوانی بیبەستێتەوە و خەڵکیش بیبینێت. بۆیە جنە شەیتانەکان ئەگەر بچنە سەر هەر شێوەیەك چرکەیەك یان چەند چرکەیەك لەسەر ئەم شێوەیە دەمێننەوە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد نەتوانێت بیانگرێت.

ئەمەش لە بەزەیی خودای بەرز و بالأدایە چونکە گەر بهاتبایە و جنەکان شێوەی خۆیان بگۆڕیبایە بۆ شێوەی تر بە بێ ئەوەی بچنە ژێر باری یاسای ئەو شێوەیەی کە وەریان گرتووە ئەوا جنەکان دەیان تۆقاندین و ژیانیان لێدەکردین بە دۆزەخ بەلأم گۆڕانی یاساکان بە پێی شێوە بارێکی زۆر گرانی لەسەر سووك کردین و ئێش و ئازارێکی زۆری لەسەر لاداوین کە شەیتانەکان لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجامیان دەدا.

## شاژنی سه بەء و جنەکان

کەواتە گەلێ جۆری سیحر هەیە کە سیحربازەکان لە ئەنجامدانی دا پشت بە شەیتانەکان دەبەستن، بۆچی ؟

چونکە ئەو پشت بە بوونەوەرێك دەبەستێت یاساکەی بە هێزترە لە یاسای مرۆڤ ئەویش بە پێی ئەو رەگەزەی کە لێی دروست کراوە. ئێمە چونکە لە قوڕ دروست کراوین ئەوا جولە و خێرایمان دیاری کراوە. بۆ نموونە : ناتوانین لەم دیوی شتەکانەوە بچین بۆ دیوەکەی تر واتە بەناویدا بچین. بەلاَم جن چونکە لە ئاگر دروست کراوە ئەوا دەتوانن لەم دیوی شتێکەوە بەناوی دا تێپەڕین و بچن بۆ دیوەکەی تریەوە.

ئەگەر بمانەوێت نموونەکە زیاتر لە زەین نزیك بکەینەوە ئەوا دەڵێین:ئەگەر سێوێك بێنین کە لە بنچینەدا لە قوڕ دروست کراوە لە پشت دیوارێکی دابنێین و خۆمان لە دیوەکەی تر بین ئەوا هەست بە بوونی ناکەین... لەبەرچی؟ چونکە ماددەی قوڕ کە سێوەکەی لێ دروست کراوە ناتوانێت دیوارەکەی پێشی ببڕێت. بەلاَم ئەگەر لە پشت دیوارەکەدا ئاگرێك بکەیتەوە و لەپێش دیوارەکە دابنیشیت ئەوا پاش ماوەیەك هەست بە گەرماییەك دەکەیت کە دیوارەکە دەبڕێت و دەگاتە تۆ. چونکە ئاگر شەفافیەتی لە قوڕ زیاترە.

هەروەك وتمان کاتێك کە سولەیمان ویستی عەرشی ( بەلقیس ) ی بۆ ئامادەکەن. ئادەمیزاد و ئەجندە لە کۆڕەکەیدا دانیشتبوون.بەلاَم ئادەمیزادێك ئەگەر هێز و تواناکەی هەرچەند بێت ئەوا ناتوانێت بێتە پێش و خۆی لەو ململانێیە بدات چونکە لە ژێر دەسەلاَتی یاساکەی خۆیەتی بەلاَم دێوێك لە جنەکان کە یەکێك بوو لە جنە بەهێزەکان هاتە پێش و ئەو تەحەددایەی قەبووڵ کرد. لەم بارەیەوە خودای پاك و بەرز و بالاَ دەفەرموێت: -

((قَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَيُّكُمۡ يَأۡتِينِي بِعَرۡشِهَا قَبۡلَ أَن يَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ﴿٣٨﴾ قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَۖ))

**٣٨ ، ٣٩ سورة النمل**

(( سولەیمان زانی هەڕەشەکەی کاریگەر دەبێت بۆیە ڕوو بە ئەندامانی حکومەتەکەی گووتی : ـ ئەی خەڵکینە کامتان دەتوانن تەختی شاژنە بەلقیسم بۆ بهێنن پێش ئەوەی بێت بۆ لام و تەسلیم بێت. دێوێك لە پەری یەکان ووتی : من بۆت دەهێنم پێش ئەوەی دەوام تەواو بێت و لە جیّ ی خۆت هەستیت ))

ل ـ ٢٨٠ ـ ئاسان

ئەم گفتوگۆیە ئەنجام درا پاش ئەوەی کە شاژنی (سە بەء) لە پایتەختی خۆی دەرچوو و بەرەو سلێمان پێغەمبەر ( د . خ ) بە ڕیّ کەوت. واتە سەفەرەکە بە هێز و توانای ئادەمیزاد دەستی پێکرد دیارە شاژن لە سەفەرەکەیدا خێراترین هۆکارەکانی گواستنەوەی سەردەمی بەکارهێناوە. چونکە شاژنی میللەتێکی خاوەن هێز و توانا و دەسەڵات بوو. وەك خودای پاك و بەرز و باڵا لە قورئانی پیرۆزدا پێمان ڕادەگەیەنێت ـ میللەتێکیش کاتیّ کە دەگات ئەو هێز و دەسەڵاتە مەزنە دیارە بەهێزترین و خێراترین شێوازیّ سەردەمەکەی وەردەگرێت چونکە ئەگەر دواکەوتووبووان ئەوا هەرگیز نەدەبوون بە خاوەن توانا و دەسەڵات. بەڵکو دەبوونە میللەتێکی لاوازی بیّ توانا بەڵام ئەو گفتوگۆیەی کە لەنێوان شاژنی سەبەء و وەزیر و ڕاوێژکار و سەرکردەکانی سوپا ئەنجام درا لە دوای ئەوەی کە شاژن نامەکەی سولەیمانی پیّ گەیشت کە بەپووسلێمانە بۆی هێنا بوو بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم شانشینە لە شانشینە بەهێزەکان بووە. قورئانی پیرۆز ئەوەی کە ڕوویدا بۆمان دەگوازێتەوە خودای مەزن دەفەرموێت : ـ

((قَالَتْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا۟ أَفْتُونِى فِىٓ أَمْرِى مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ ﴿٣٢﴾
قَالُوا۟ نَحْنُ أُو۟لُوا۟ قُوَّةٍ وَأُو۟لُوا۟ بَأْسٍ شَدِيدٍ وَٱلْأَمْرُ إِلَيْكِ فَٱنظُرِى مَاذَا تَأْمُرِينَ ))

**٣٢ ، ٣٣ سورة النمل**

(( ئینجا بەلقیس بە ئامادەبووانی وت : ئەی ڕێزداران ڕاتان چی یە چی بکەم باشە؟ خۆ من هیچ بڕیارێکم نەداوە هەتا ئێوە لێی ئاگادار نەبوو بن و ڕاتان لەسەری نەدابێت. ئەنجوومەنەکەی وتیان خۆت دەزانیت کە ئێمە خاوەنی هێز و توانا و دەسەلاتی توند و تیژین فەرمانیش فەرمانی تۆیە، بیر بکەرەوە و تێفکرە چ فەرمانێك دەدەیت ئێمە ئامادەین ))

**ل ـ ٣٧٩ ـ ئاسان**

کەواتە شاژن لە گەشتەکەیدا بەهێزترین هۆکاری گواستنەوەی سەردەمی خۆی بەکار هێناوە. ئەوەی کە مرۆڤ بەکاری دەهێنا جا لە ئاژەڵی بەهێز و خێرا بێت یان شتی تر ... لەم حاڵەتەشدا دەبێ ئەو دێوەی کە دەچێت تەختی شاژن بێنێت ئەوەندە سووك و خێرا بێت بەجۆرێك بچێتە کۆشکی شاژن و تەختەکەی بێنێت پێش ئەوەی شاژن و هاوڕێکانی بگەنە ئەو شوێنەی کە سولەیمان پێغەمبەری لێ یە.

ئەگەر شاژن دەستی بە گەشتەکەی کرد بێت و نیوەی یان یەك لەسەر سێ ی ڕێگەی بڕیبێت ئەوە لەسەر دێوەکە پێویستە بگاتە کۆشکی شاژن و بگەڕێتەوە بۆ کۆشکی سولەیمان پێش ئەوەی شاژن و داز و دەستەکەی بگەنەجێ. لەم حاڵەتەشدا خێرایی دێوەکە بە لای کەم دەبێ پێنج بە قەد خێرایی ئەو شتە بێت کە گەشتەکەی شاژنی پێ ئەنجام دەدرێت یاخود لەوەش زیاتر بێت . بۆ ئەوە پێش گەیشتنی شاژن تەختەکەی ئامادەبێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە خێرایی ئەجندە چەند کەڕەت لە خێرایی مرۆڤ زیاترە و جن خاوەن

خێراییەکە کە لەتوانای دایە لە شوێنێکەوە بچێتە شوێنێکی تر بە توانایەك کە لەسەرووی توانای ئادەمیزاد بێت.

## توانای جن و ..... توانای مرۆڤ

کەواتە گەیشتینە ئەوەی کە جن دەتوانێت هەموو شێوەیەك وەربگرێت و خێراییەکی ئێجگار زۆری هەیە و توانای هاتنە ناوەوە و بڕینی بەربەستی هەیە. دەگەینە ئەوەی کە بە پێی ڕەگەزی دروست بوونی توانای ئەجندە زۆر لەسەرووی توانای مرۆڤ دایە و لە توانایدایە گەلێ شت بکات کە لە توانای ئادەمیزاددا نیە و مرۆڤ نەك هەر پێی ناکرێت بەڵکو خۆشی لەو بوارەدا نابینێتەوە. کەواتە ئەو کەسانەی لە سیحردا شەیتانەکان بەکاردێنن ئەوانە هێزو توانایەك بە دەست دێنن لەسەرووی هێز و توانای مرۆڤدایەبۆیە دەتوانن هەندێ شت بکەن کە مرۆڤ ناتوانێت بیانکات.

دادپەروەرییەکەی خودای مەزن وای ویستووە کە جیاوازی لەنێوان مەخلوقێك و مەخلوقێکی تردا نەکات تەنیا بەهۆی خواپەرستی و گرتنی ڕێبازی خودای گەورە نەبێت. خودای مرۆڤە بە گشتی و خودای منە و خودای تۆیە. بۆیە ئەو مافەم پێ نادات کە بەسەر تۆدا زاڵ بم بەجۆرێك کە زۆرداری لە زەویدا بڵاوببێتەوە. چونکە مرۆڤ ئەگەر بەسەر مرۆڤێکی تردا زاڵ بێت ئەوسا بواری نێوان بەندەکان یەکسان نابن. ئەوەی کە هێز و توانایەك بەدەست دێنێت بە پشت بەستن بەهێزێکی تر. بەپێی ئەو ڕەگەزەی کە لێی دروست کراوە. هێزەکەی لە هێزی مرۆڤ زیاترە. بەڵکو خاسیەتێکی وەرگرتووە کە لەخۆبایی دەکات و بەرەو زوڵم و زۆرداری دەبات چونکە هەردەم هێز مرۆڤ لەخۆبایی

دەکات و وای لێدەکات کە زوڵم و زۆر لە خەڵك بکات و فەساد لەسەر ڕووی زەوی بڵاوبکاتەوە.
حیکمەتی خودای مەزن و باڵا وای ویستووە کە مرۆڤ تووشی خێر و شەڕ بکات.
ئەمەش لەم فەرموودەدا دەردەکەوێت کە خودای مەزن دەفەرموێت : ـ
((وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً)) ٣٥ ـ سورة الأنبياء
(( بێگومان ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بە شەڕ و ناخۆشی و بەلا و بە خێر و خۆشی و دارایی و توانایی ))
ل ٣٢٤ ـ ئاسان
هاوسەنگی بوارەکانە کە وادەکات ئاشتی و ئاسایش بەرقەرار بێت و خودای مەزن ژیانێکی ئاسوودەی بۆ بەندەکانی دەوێت و گەردوونیش لەسەر هاوسەنگی هێز و تواناکان دروست بووە و تێیدا هێز و تواناکان یەکسانن.بۆنموونە : ـ گەر سەیری ئاشتی و ئارامیمان کرد لە گەردووندا خودای پاك و بەرز و باڵا سوورە لەسەر ئەوەی کە بەندەکانی لە ئاشتی دا بژین و ئەوەی کە ئاشتی بەرقەرار دەکات هاوسەنگی هێز و تواناکانە.
ئەگەر وڵاتێك بەهێز بوو وڵاتێکی تریش لە بەرامبەریدا هەمان هێزی هەبوو ئەوا ئاشتی بەرقەرار دەبێت بەڵام ئەگەر وڵاتێك هەستی کرد لە دراوسێیەکەی بەهێزترە و ئەو هێزەی هەیە کە بەسەریدا زاڵ بێت ئەوا خۆی لێ خۆش دەکات و داگیری دەکات ئەوسا ئاشتی و ئارامیش دەشێوێت. بەڵام ئەگەر تواناکانیان هاوسەنگ بوو ئەوا هەریەکەیان لەوی تر دەترسێت. بۆیە ئەو سیاسەتەی کە پێی دەڵێن هاوسەنگی ناوەکی ئەوە نایەڵێت شەڕی سێیەمی جیهانی ڕووبدات و هەر ئەویش بەرپرسە لە بەردەوام بوونی ئاشتی لە جیهاندا ... وە ئەگەر یەکێ لە دوو هێزەکە هەستی کرد کە جیاوازە لەوەی تر و لەو بەهێزترە ئەوسا شەڕ

هەڵدەگیرسێت چونکە هاوسەنگی نیە لە هێزدا دیارە لە گەردوونیشدا هەر بە هەمان شێوەیە .

## سزای پشت بەستن بە سیحر

بۆیە ئەوەی کە پەنا بۆ سیحر دەبات پەنا بۆ هێزێك دەبات کە لە هێزی ئادەمیزاد گەورەترە و پەنابردنەکەشی دەبێتە مایەی دروست بوونی کەلەبەرێك لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەك ئەوە وایە کە یەکێك دەمانچەیەکی پێ بێت لە ناوەڕاستی کۆمەڵە خەڵکێکی بێ چەکدا. ئەو هێزو توانایەی ئەو چەکە پێی دەبەخشێت وای لێدەکات لەخۆبایی بێت و بەرەو زوڵم و زۆرداری بڕوات. بۆیە خودای مەزن پەنابردنە بەر سیحری حەرام کردووە و بەجۆرێك کوفری لە قەڵەم دەدات. چونکە سیحرباز وا دەزانێت لەم گەردوونەدا بەخوودی خۆی و بە زانستەکەی دەتوانێ دەسەڵاتی بشکێ بەسەر کەسانی تردا. لەلای ئەم خاڵەدا دەگەینە ئەوەی کە لەگەردووندا هێزی نادیار هەیە، لەو هێزانەش سیحر و سیحریش حەقیقەت نیە بەڵکو شتێکی خەیاڵی و ناواقیعی یە. ئەوەی کە تووشی جادوو دەبێت چاوی خەڵکەکەیە. سیحر ترس و تۆقاندن دەخات دەروونی خەڵکەوەو وای لێدەکات کە خۆی بەدەستەوە بدات و ملکەچ بێت بۆ هەرچیەك کە سیحرباز دەیەوێت. سیحربازیش پەنا بۆ هێزێك دەبات کە بە پێی پێکهاتەی دروست بوونی زۆر گەورەترە لە هێزی مرۆڤ ئەوانیش شەیتانەکانی جنن. پاش ئەوە ماوەتەوە چیرۆکی هاروت و ماروت بزانین. دوو فریشتەن خودای مەزن ڕەوانەی سەر زەوی کردوون تا خەڵك فێری سیحر بکەن.

# بەشی سێیەم

# هاروت و ماروت

ئەگەر بمانەوێت دەست بکەین بە چیرۆکی سیحر ... ئەوا دەبێت بەم ئایەتە پیرۆزە دەست پێ بکەین.

((وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ))

**١٠٢ سورة البقرة**

(( جا جووەکان وازیان لە کتێبی خوا ( تەورات ) هێنا و شوێنی ئەوە کەوتن کە شەیتانەکان دەیانخوێندەوە دەربارەی دەسەلاتی و حکومەتی سولەیمان. ئاشکرایە کە هەرگیز سولەیمان کافر نەبووە بەڵکو شەیتانەکان کافر بوون و خەڵکیان فێری سیحر و جادوو دەکرد. هەروەها مەردومیان فێری ئەوە دەکرد کە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو کە دوو فریشتە بوون لە بابل ( مەبەستیشیان تێ گەیاندنی خەڵکی بوو لە سیحرو جادوو )) ئەوانیش کەسیان فێری هیچ شتێك نەدەکرد تا پێیان نەوتایە ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقیکردنەوەیە و خۆت کافر مەکە (کەچی هەندێك هەر کۆڵیان نەداو ) لەو فریشتانەوە شتی وا فێردەبوون کە ژن و مێردی پێ لەیەك جودا بکەنەوە هەرچەندە ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بە کەس بگەیەنن مەگەر

وسیتی خوای لەسەربێت. ئەو خەڵکە سەرگەرادانە هەمیشە فێری شتێك دەبن کە زیانیان لێدەداو سوودی نیە بۆیان. بێگومان دەشزانن ئەوەی کاڵای وای کڕی بێت و شتی وا فێر ببێت لەو دونیا هیچ بەهرەیەکی دەست ناکەوێت ( بە ڕاستی ) ئەو شتەی ئەوان خۆیان پێ فرۆشتووە و کەوتوونەتە داوییەوە شتێکی زۆر ناپەسەندە و ئەگەر بزانن و تێ بگەن ( چونکە سیحرو جادوو چەواشەکارییە و کارێکی نادروستە))

ل ـ ١٦ ـ ئاسان

بەم جۆرە لەم ئایەت پیرۆزە تێ دەگەین کە سیحر خودای پاك و بەرز و باڵا دای بەزاندووە. دوو فریشتەی دابەزاندووە بۆ بابل ئەوانیش (هاروت و ماروت)ن سیحریش فتنەیە و بەرەو کوفرت دەبات و هیچ سوودێکی نیە و لە کاری چاکدا بەکار نایەت. بەڵام لە زەرەر و زیاندا بەکار دێت و زیانی هەیە بۆ جیاکردنەوەی ژن و مێرد لەیەکتر. ئەوەی سیحر بکات و بەکاری بێنێت لە ڕۆژی دوواییدا جگە لە ئاگر هیچ پاداشتێکی نیە. ئەوەی کە خەریکی سیحر بێت کۆتاییەکەی زۆر خراپ دەبێت و بە کافری دەمرێت. ئەویش بە پێی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە بەشێوەیەکی گشتی پێی ڕاگەیاندووین خودای پاك و بەرز و باڵا ویستوویەتی لە زیانی سیحر ئاگادارمان بکاتەوە جا بەگوێرەی ئەو کەسەی کە سیحر دەکات یا خەڵکی فێر دەکات.

شەیتانەکان کە لە جنەکانن یاخین لە ڕێبازی خودای مەزن و پەیوەندییەکی بەتینیان بە سیحرەوە هەیە.

## تووش بوون بە چاكە و خراپە

ئەگەر بمانەوێت لە سەرەتای چیرۆكەكەوە دەست پێ بكەین ئەوە دەبێت بە هاروت و ماروت دەست پێ بكەین. ئەوانیش ئەو دوو فریشتەیە بوون كە خودای مەزن دایبەزاندنە سەر ڕووی زەوی بۆ ئەوەی خەڵك فێری سیحر بكەن. خودای پیرۆز و بەرز و باڵا لەم گەردوونەیدا گەلێ تووش بوون یا تاقی كردنەوەی هەیە. ئەم تووش بوونانەش یان بە چاكە دەبێت یان بە خراپە. ژیانی دونیا هەر لە سەرەتایەوە تاكو كۆتایی تاقیكردنەوەیەكی گەورەیە كە ئادەمیزاد ڕووبەڕووی دەبێتەوە.خودای مەزن دەفەرموێت: ـ

((وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً))

**لە ئایەتی ٣٥ سورة الانبیاء**

بێگومان ئێمە ئێوە تاقی دەكەینەوە بە شەڕ و ناخۆشی و بەلا و بە خێر و خۆشی و دارایی و توانایی ))

**ل ـ ٣٢٤ ـ ئاسان**

وەك چۆن خودای مەزن ئادەمیزاد بە سامان و ماڵ و منداڵ تاقی دەكاتەوە كە خێری دونیا و مایەی سەربەرزین. ئەم نیعمەتەش یان دەبێتە مایەی زیاتر خواپەرستی ئەو كاتەی كە خاوەنەكەی لەو ڕێگەیەدا بەكاریان دێنێت كە خودای مەزن فەرمانی پێ كردووە لە چاكە و خێر و بەخشینەوە و نناندانی هەژاران یان لە خراپەدا بەكاری دێنێ و لە گوناه و تاواندا سەرفی دەكات. بە هەمان شێوە سیحریش بەلایەكە توانایەك بە ئادەمیزاد دەبەخشێت كە لەسەرووی توانای خۆیەتی.

لەم حاڵەتەدا ئادەمیزاد ئەو توانایە یا لەڕێگەی سوودمەندێتی بەكار دێنێت یاخود لە ڕێگەی زیان و ئازاردانی خەڵكدا چونكە ئەوەی فێری سیحر

ببێت دەتوانێت شەیتانەکان بۆ خزمەتی مەبەستەکانی خۆی بەکاربێنێت بەو پێیەی کە شەیتانەکان بە گوێرەی پێکهاتەکەیان لە مرۆڤ بەتواناترن. بۆیە ئەو کەسەی کە پەنایان بۆ ببات و بەکاریان بێنێ ئەوا هێزێك بەدەست دەهێنێ کە هاوسەنگ نیە لەگەڵ هێزی مرۆڤەکانی تر بەڵکو گەلێك لە هێزی ئەوان زیاترە.ئەم دەسەڵاتە وای لێدەکات لە خۆبایی بێت و دەست بە زوڵم و زۆر دەکات و زیان بە خەڵك دەگەیەنێت. سەرەڕای ئەوەی کە خودای بەرز و باڵا فەرمانی داوە سوود لە سیحر نەبینن و بەکاری نەهێنن چونکە کۆتاییەکی زۆر خراپی هەیە.

## بۆچی دوو فریشتە بوون

دوو فریشتەکە هاروت و ماروت بە فەرمانی خودا ڕەوانەی سەر زەوی کران بۆ ئەوەی خەڵك فێری سیحر بکەن. لە حیکمەتی خودای پاك و بەرز و باڵایە کە دوو فریشتەی هەڵبژارد کە لە ڕەگەزی ترن، جیان لە ڕەگەزی ئادەمیزاد.

یەکەم: لەبەر ئەوەی دوو فریشتەکە سوود لە سیحر نابینن چونکە ئەوان پێویستیان پێی نیە. بەمەش ئارمایی سوود بە تەواوی کۆتایی دێت. هەموومان دەزانین کە سیحر سوود ناگەیەنێت و تەنیا زیان دەبەخشێت.

ئەگەر خودای پاك و بەرز و باڵا مرۆڤێکی هەڵبژاردبایە و وەك پێغەمبەرێك بیناردبایە بۆ ئەوەی خەڵك فێری سیحر بکات. پێغەمبەریش دەبێت پێشەنگی ڕەوشت بێت و لەسەر ڕێبازێك بڕوات تا خەڵك شوێنی بکەون. ئەوسا خەڵك وایان دەزانی کە سیحر سوودبەخشە و دەیان ووت ئەمە پێغەمبەری

خودا فێری کردووین. پێغەمبەریش پێشەنگە بۆیە ئێمە شوێنی دەکەوین و وەکو ئەو دەکەین. ئەوسا دەبینرا کە یەکێ مجادەلەی دەکرد و دەی وت :ـ

ئەگەر سیحر زیانبەخش بێت و بەرەو کوفرمان ببات بۆچی خودا پێغەمبەرێکی بۆ ناردووە؟ پێغەمبەریش نوێنەری خودایە و لەلای ئەوەوە تەنیا ڕێبازی باش دەهێنێت.

بەلاّم دوو فریشتەکە هاروت و ماروت کە خەڵکیان فێری سیحر دەکرد هیچ سوودیان لێ نەدەبینی چونکە بە کەڵکی ئەوان نەدەهات. لە هەمان کاتدا خەڵکیان ئاگادار دەکردەوە کە سیحر بەلاّیە و بەرەو کوفریان دەبات. بەم جۆرەش ئەو زانستەی کە خودای هەق و پاك و بێگەرد ویستی بگاتە ئادەمیزاد لەو ڕێگەوە پێیان گەیشت کە خودا ویستی. بە ڕوون کردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە سیحر خراپەو بەلاّیەکە توشت دەبێت.

لەبارەی ئەوەی کە گەلێ شت لە هاروت و ماروت گێڕدراوەتەوە لە نێوان ئەم قسانە. کاتێ کە خودای هەق و پیرۆز هەواڵی دروست کردنی ئادەمی بە فریشتەکان ڕاگەیاند، وتیان: ـ

((أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ))

**٣٠ سورة البقرة**

(( لە دێرین زەماندا پەروەردگار بە فریشتەکانی وت : بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دا بنێم بۆ (ئاوەدانی و دینداری ) فریشتەکان وتیان ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپە و تاوانی تیادا بچێنێت. (خوێنڕێژی تیادا ئەنجام بدات ) لە کاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و

ستایشت دەکەین و قـەدر و ڕێـزی تـۆ چـاك دەزانـین و بـە دوورت دەگرین لـەو شتانەی شایستەی تۆ نین )) ل ـ ٦ ـ ئاسان

کاتیّ فریشتەکان ئەمەیان ووت خودای پاك و بەرز و بالاّ داوای لێکردن دوو فریشتە هەڵبژێرن بـۆ ئـەوەی دابـەزنـە سـەر ڕووی زەوی ئەوسـا سـەیریان دەکات چۆن کاردەکەن. ئەوانیش (هـاروت و مـاروت) یـان هەڵبـژارد. کـاتیّ کـە هاروت وماروت دابەزینە سـەر زەوی ، ژنێکـی شـۆخ و شـەنگی زۆر جـوان هاتـە لایان و داوایان لێکرد خۆی بداتە دەستیانەوە. ژنەکە ووتی: خۆم پێشکەشتان ناکـەم تـاکو هاویـەش بـۆ خـودا پەیـدا نەکـەن. بـەلاّم فریـشتەکان ئـەوەیان ڕەتکردەوە کە شەریك بۆ خودا دا بنێن. ئەوسا ژنەکـە ون بـوو، دوایـی هاتـەوە منداڵێکی پیّ بوو پێی ووتن: ئەگەر ئـەم منداڵـە بکـوژن ئـەوا خۆمتـان تەسـلیم دەکەم. بەلاّم ئەوان ڕازی نەبوون منداڵەکە بکوژن. ئەم جارەش ژنەکە ڕۆیشت. کە هاتەوە کاسەیەك مەی پیّ بوو. پێی ووتن خۆمتان نادەمە دەست تاکو ئـەم شـەرابە نەنۆشـن. ئـەوانیش شـەرابەکەیان خـواردەوە و منداڵەکـەیان کوشـت و زینایان لەگەڵ ژنەکە ئەنجام دا.

ئەم چیرۆکە هەرچەندە لە هەندیّ کتێبەکانی تەفسیردا هـاتووە.بـەلاّم ڕاست نیە.

یەکـەم :.لەبـەر ئـەوەی فریـشتەکان ( لا یعـصون الله مـا أمـرهم و یفعلون ما یؤمرون )

واتە فریشتەکان لەوە یاخی نابن کە خـودا فـەرمانیان پـیّ دەکـات وە هەرچ فەرمانێکیان پیّ بکات جیّ بەجیّ ی دەکەن.

دووەم: تەواوی بڕوا لەوە دایە کە دروست کراو هەر شتێك کـە خـودا داوای لیّ بکـات جـیّ بـەجیّ ی بکـات. ئـەم دوو فریـشتەیەش داوای ئـەوەیان

لێکرابوو کە خەڵك فێری سیحر بکەن. هەروەها داوایان لێکرا بوو کە هەر کەسێك داوای فێربوونی سیحر بکات ئاگاداری بکەنەوە کە سیحر فیتنەیە و بەرەو کوفریان دەبات.هەمان شتیشیان ئەنجام دا. بەمەش ئەو شتەیان بەجێ هێنا کە خودا فەرمانی پێ کرد بوون ئەمەش لە تەواومەندی داواکاری و تەواویەتی بڕوایە.

ئەم چیرۆکە کە لە هەندێ کتێب باس کراوە خەڵك با بزانن کە ئەم بەسەرهاتە ڕاست نیە و بوختانە پێیان کراوە. چونکە هاروت و ماروت ئەوەیان بەجێ هێنا کە خودا فەرمانی پێ کرد بوون. ئەگەر خودای هەق و بەرز و بالآ دوو فریشتەی نارد بێت بۆ ئەوەی خەڵك فێری سیحر بکەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سیحر زانستێکە مرۆڤ تێیدا پشت بە شەیتانەکان دەبەستێ و پەنایان بۆ دەبات بەلآم بۆ هەموو خەڵك وا چاکە فێری نەبن و خۆیان مەفتونی نەکەن چونکە سوودیان پێ ناگەیەنێت.

نموونەیەکمان هێنایەوە لەسەر ئەوە کە مرۆڤێك فێری بەکارهێنانی چەك بێت لەناو خەڵکێکدا کە هیچ دەربارەی بە کارهێنانی چەك نەزانن. ئینجا چەکێکی کڕی و وتی بۆ لابردنی زوڵم و زۆر لەسەر خەڵك بەکاری دێنم. بەلآم کاتێ کە چەکەکەی دەبێت ئایا دەتوانێت خۆی بگرێت و زوڵم و زۆر لە خەڵك نەکات؟ ئەم خاسیەتە وای لێدەکات کە لە خۆبایی بێت و دونیا پڕ بکات لە تاوان و زوڵم و زۆر داری.

## سیحر و سولەیمان

لە باسی سیحردا لە قورئانی پیرۆز ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی سولەیمان دا (د.خ) ڕوویداوە. ئایا سیحر لە سەردەمی سولەیمان دا

دەستی پێ کردووە؟ ئایا دوو فریشتەکە هاروت و ماروت لە سەردەمی سولەیمان دا دابەزیونەتە سەر زەوی؟ ئەوەی جێگیرە ئەوەیە کە سیحر پێش سەردەمی سولەیمان دابەزیووە چونکە سیحر لە سەردەمی موسا (د.خ) زۆر بڵاو بووە.

قورئانی پیرۆز هەواڵی ئەوەمان پێ ڕادەگەنێت کە لە نێوان موسا (د.خ) و سیحربازەکانی فیرعەون ڕوویداوە.

سولەیمانی کوڕی داود .(د.خ) وە داود لە دوای موسا (د.خ) هاتووە. وەك قورئانی پیرۆز بۆمان باس دەکات خودای گەورە دەفەرموێت :

((أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنْۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰٓ إِذْ قَالُوا۟ لِنَبِىٍّ لَّهُمُ ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ))

**٢٤٦ سورة البقرة**

(( ئایا نەت بیستووە و نەتزانیوە بەسەر هاتی دەستەیەك لە گەورە پیاوانی نەوەی ئیسرائیل لە دوای موسا لە کاتێکدا بە پێغەمبەرەکەی خۆیان وت: پاشایەك ، سەرکردەیەکمان بۆ دیاری بکە و بنێرە تا لە پێناوی خودا بجەنگین ))

ل ـ ٤٠ ـ ئاسان

نەوەی ئیسرائیل کە لە دوای موسادا هاتن داوایان لە پێغەمبەرەکەی خۆیان کرد کە پێغەمبەرەکەی دوای موسا بوو دیارە پێغەمبەر لە نەوەی ئیسرائیل گەلێ زۆرن چونکە یاخی بوونیان لەسەر ڕێبازی خودای پاك و بەرز و بالآ دا گەلێ زۆرە.

ئەو نەوەیەی ئیسرائیل داوایان کرد کە خودای مەزن پادشایەکیان بۆ ڕەوانە بکات بۆ ئەوەی لە پێناوی خودا دا بجەنگن. خوداش پادشایەکی بۆ ڕەوانە کردن و چوون بۆ جەنگ بەلاّم لە ڕێگادا زۆربەیان ڕایان کرد کەمێکیان نەبێت چوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پادشایەکی زۆردار کە ناوی (جالوت) بوو.

ئەوەی بەلامانەوە گرنگە لەم چیرۆکەدا فەرموودەی خودای هەق و بەرز و بالاّیە:

((وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ وَٱلْحِكْمَةَ))

٢٥١ سورة البقرة

(( داود کە یەکێك بوو لە سەربازانی (گالوت) (جالوتی) کوشت لە مەودوا خوای گەورە پاشایەتی و دانایی پێ بەخشی و هەرچی ویست بوو فێری کرد )) ل - ٤١ - ئاسان

کەواتە داود لە دوای موسادا هاتووە. سولەیمانیش کوڕی داودە سیحریش لە پێش سولەیماندا لەسەر زەوی دا هەبووە. بەڵکو پێش موساش هەبووە. قورئانی پیرۆز باسی سیحرمان بۆ دەکات کە لە سەردەمی نەتەوەکەی ( صالح ) ( د . خ ) هەبووە ئەویش لەو پێغەمبەرانەی خودایە لە پێش ( ئیبراهیمی خەلیل ) دا هاتوون کاتێ کە صالح ( د . خ ) هات و داوای لە میللەتەکەی خۆی کرد کە بێنە سەر ڕێبازی خودای مەزن... کەچی بەوە تاوانباریان کرد کە جادووی لێکراوە. ئەمەش لە فەرموودەی خودای پاك و بەرز و بالاّ دەردەکەوێت:

((قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلْمُسَحَّرِينَ))

١٥٣ سورة الشعراء

(( خوا نەناسان ووتیان وا دیارە تۆ بە ڕاستی لە وانەی کە فێڵ و جادووت لێکراوە))

ل ـ ٢٧٣ ـ ئاسان

لێرەدا دەردەکەوێت کە سیحر لە سەردەمی میللەتەکەی (صالح ) دا ناسرا بوو. ئەگەرنا چۆن پێغەمبەرەکەیان بەوە تاوانبار دەکرد کە جادووی لێکراوە. بەمەش دەگەینە ئەوەی کە هاروت و ماروت لە دێر زەمانەوە دابەزیونەتە سەر ڕووی زەوی و خەڵکیان فێری سیحر کردووە پێش هاتنی سولەیمان بە ماوەیەکی زۆر. ئەی چی وای کردووە ئەو ئایەتەی کە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاروت و ماروتی تیا هاتووە بە سولەیمانەوە ببەسترێتەوە؟

ئەگەر بە دوای ئەو ئایەتانەی پێشیدا بڕۆین کە لەسەر یەهودییەکانە دەبینین خودای هەق و پیرۆز و باڵا دەفەرموێت :

((وَلَمَّا جَآءَهُمۡ رَسُولٌ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمۡ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَـٰبَ كِتَـٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمۡ كَأَنَّهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ))

١٠١ سورة البقرة

(( کاتێکیش کە پێغەمبەرێکیان لە لایەن خواوە بۆ هات ( مەبەست حەزرەتی محمد (د . خ ) )ە لەگەڵ ئەوەشدا کە پشتگیری لە ڕاستیی تەورات دەکات. دەستەیەك لە خاوەن کتێبەکان ( جوووەکان ) کتێبی خۆیان پشتگوێ خست و خۆیان لێ گێل کرد. هەروەك هەواڵی وا نەزانن و نەیان بیستبێت))

ل ـ ١٥ ـ ئاسان

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای پاك و بەرز و بالاّ هەواڵمان پێ دەدات کە قورئانی پیرۆز هاتووە ڕاستی تەوراتی جوولەکەکان دەسەلمێنێ. بەلاّم ئەوان قورئانیان بە درۆ خستەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانن حەقە و کتێبەکەی خۆیان کە تەوراتە پشت گوێ خست .. واتە گوێیان پێ نەدا نەوەك ببێتە بەلگەیەك لەسەریان بۆ ڕاستی قورئان و هەڵوێستی مرۆڤێکی نەزانیان وەرگرت. وەك ئەوەی هیچ نەزانن دەربارەی ئەوەی کە لە تەوراتدا هاتووە و مزگێنی هاتنی پێغەمبەری خودایان پێ دەدات. تەنانەت ناشزانن سزای ئەو نەزانینەیان چی یە. ئەم میللەتە هاتن ئەو شتانەیان هێنایەوە کە شەیتانەکان لە سەردەمی حەزرەتی سولەیماندا دەیان وت. وەك ئەوەی پشت ببەستن بە قسەی شەیتانەکان دەیان ووت و خستیانە ناو پرۆگرامی تەوراتەوە. پشتیان بەم درۆ و کوفرە بەست بۆ ئەوەی بڕوا بە پێغەمبەری خودا ( د . خ ) و قورئانی پیرۆز نەهێنن. ئەوسا ئەو ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە کە تایبەتە بە سولەیمان ( د . خ ) و شەیتانەکان و ئەو سیحرەی کە بەکاریان دەهێنا. بۆ ئەوەی جوولەکەکان ڕیسوا بکات کە ڕێبازی خودایان گۆڕی بوو بۆ ئەوەی بڕوا بە قورئان و پێغەمبەری خودا ( د . خ ) نەهێنن.

## <u>شەیتانەکان خەڵکیان فێری سیحر کرد</u>

جولەکەکان پێغەمبەری خودا ( د . خ )یان تاوانبار کرد بەوەی کە کافر بووە و سیحری بەکار هێناوە. قورئانی پیرۆز سولەیمان (د.خ) لەم تاوانە درۆیە بەری دەکات.خودای مەزن دەفەرموێت :

((وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ)) له ئایەتی ١٠٢ سورة البقرة

كەواتەسیحر بەماوەیەكی زۆر پێش هاتنی سولەیمان دابەزیووە و شەیتانەكان لەناو خەڵكیدا بڵاویان كردۆتەوە بۆ ئەوەی تاوان و فەسادی لەسەر زەویدا بڵاو بكەنەوە.

بەڵام ئایا شەیتانەكان دەتوانن خەڵك فێری سیحر بكەن و لە ناو خەڵكیدا بڵاوی بكەنەوە؟

شەیتانەكان وەسوەسە دەخەنە دڵی خەڵك بۆ ئەوەی خراپە بكەن. بەشێوەیەكی نهێنی هەواڵ بە لایەنگرەكانی خۆیان ڕادەگەیەنن بۆ ئەوەی كوفر و گومڕایی لەسەر زەویدا بڵاوبكەنەوە. شەیتانەكان پەیوەندی بە لایەنگرانی خۆیان لە چینی ئادەمیزاد دەكەن بەشێوەیەكی نهێنی كە پێی دەڵێن وەحی كە دەلالەتە لەسەر ڕاگەیاندنی نهێنی.

تەنیا ئەوەی ڕای دەگەیەنێت و ئەوەی هەواڵەكەی بۆ دێت تێی دەگەن لەوانە زیاتر كەس تێ ناگات. خودای پاك و بێگەرد لە كتێبە پیرۆزەكەیدا دەفەرموێت: ـ

((وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ))

له ئایەتی ١٢١ سورة الأنعام

(( دڵنیا بن كە شەیتانەكان شت دەخەنە دڵی لایەنگرەكانیانەوە تا موجادەلەتان لەگەڵ بكەن و ( بەرگری لە بەتاڵیان بكەن ) جا ئەگەر ئێوە

فەرمانداری ئەو هاوەڵگەر و شەیتانانە بن ئـەوە بێگومـان مانـای وایـە ئێـوەش موشریك و هاوەڵگەرن ))

ل ـ ١٤٣ ـ ئاسان

خودای پاك و بەرز و باڵا لە قورئانی پیرۆزدا هـەواڵمان پـێ دەدات کـە چـۆن شـەیتانەکان شـت دەخەنـە دڵـی لایەنگرەکانیانـەوە کـە خـودای مـەزن دەفەرموێت : ـ

((وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَـٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَـٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ))

٣٦ سورة الزخرف

(( کەسێك خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خوای میهرەبـان ئـەوە ئێمـە شـەیتانێك دەکەینـە ملـۆزمی و هەمیـشە دەبێتـە یـار و یـاوەری و لەگەڵیدا دەبێت))

ل ٤٩٢ ئاسان

یاخود دەفەرموێت : ـ

(( وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَـٰسِرِينَ))

٢٥ ـ سورة فصلت

(( ئەوانەی بەهۆی تاوان و سەرکەشیانەوە کەسانێکمان کردە هاوەڵیان کە کار وکردەوەی ڕابردوو و داهاتوویان بۆ بڕازێنێتەوە تا سەرەنجام تۆڵە ئەمانیشی گرتووە وەك کۆمەڵانی پێش ئەمان لە پەری و ئینسانەکان بە ڕاستی هەر هەموویان زەرەرمەند و دۆڕاون))

ل - ٤٧٩- ئاسان

لێرەدا هاوەڵ شەیتانە کە وەسوەسەی خراپە دەخاتە دڵی خەڵك و هەوڵ دەدات بەرەو ڕێگای ئاگر پاڵیان پێوەنێت و هەموو ئادەمیزادێکیش هاوەڵێکی هەیە کە بۆ ئەم ڕێگەیە پاڵی پێوە دەنێت پێغەمبەری خودا (د.خ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت : -

(( ليس منكم من احد الا وقد وكل به قرينه من الشياطين قالوا حتى أنت يا رسول الله قال نعم . ولكن الله اعانني عليه فأسلم ))

واتە هیچ یەکێك نیە لە ئێوە هاوەڵێکی لە شەیتانەکان بۆ دانەنرابێت. ووتیان تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خودا. فەرمووی بەڵێ . بەلآم خودا پشتیوانی لێکردم و موسڵمان بوو.

## شەیتانەکان وەحی بۆ لایەنگرەکانیان دەنێرن

لەوانەیە هەندێ کەس سەریان سوڕ بمێنی لەوەی کە قسەکردنی نێوان شەیتانەکان و لایەنگرەکانیان بە وەحی ناوببرێت.

واتای وەحی ڕاگەیاندنی شتێکە بە نهێنی بۆ ئەوەی ئەم واتایە ئاسان تر بکەنەوە دەڵێین :ئەگەر میوانێکت هات لەبەر دڵت گران بوو و نەتویست ببینی. ئەوسا لەگەڵ کوڕەکەت یا خزمەتکارەکەت لەسەر هێمایەك ڕێك دەکەوێت. لەو کاتەی کە هێماکە دەبینێ تێدەگا و خۆی لە میوانەکە ڕزگار

دەكات. لەم حاڵەتەدا ڕاگەیاندنەكە بە ڕێگەیەكی نهێنی ئەنجام درا. تەنیا ئەوە تێی دەگات كە ووتویەتی و ئەو كەسەی كە بیستوویەتی و جێ بە جێ ی كردووە.

خودای پاك و بەرز و باڵاش وەحی بۆ مرۆڤ دەنێرێت بە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزە كە دەفەرموێت : ـ

((وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا))

**لە ئایەتی ٥١ سورة الشوری**

(( كەس بۆی نیە هیچ كات لە (دونیادا) خوای گەورە وتووێژی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا بكات مەگەر لە ڕێگەی وەحی و نیگاوە ))

ل ـ ٤٨ـ ئاسان

خودای مەزن و باڵا وەحی بۆ پێغەمبەرانی ناردووە كە ئادەمیزادن و وەحی بۆ ئادەمیزادی ئاسایی ناردووە. لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:

((وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ)) لە ئایەتی ٧ سورە القصص

(( ئێمە دایكی موسامان ئاگادار كردەوە )) ل ـ ٣٨٦ ـ ئاسان

خودای مەزن وەحی بۆ هەنگیش ناردووە دەفەرموێت : ـ

((وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ)) لە ئایەتی ٦٨ سورە النحل

(( پەروەردگاری تۆ ئەی (ئینسان) نیگا و ئیلهامی كردووە بۆ هەنگ ))

ل ـ ٢٧٤ ـ ئاسان

هەروەها وەحی بۆ بێ گیانەكانیش ناردووە. خودای مەزن دەفەرموێت :ـ

((إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا

﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلْإِنسَـٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ))

**١- ٥ سورة الزلزلة**

(( كاتێك زەوی دەهێنرێتە لەرزە و بوومەلەرزە زۆر بەهێزەکەی بۆ پێشهات. هەرچی لە زەویدا هەبوو لە مادده سەنگینەکانی ناوی دەری پەڕاند و هێنایە دەرەوە (ئەو کاتە) ئادەمیزادیش دەڵێت ئەوە چیەتی بۆ وای لێ هات. ( ئیماندار هەست دەکات کۆتایی دنیایە و بەرپا بوونی ڕۆژی قیامەتە بێ ئیمانیش سەری لێ دەشێوێت و ناتوانێت بەرەو کوێ ڕا بکات) لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.
بەهۆی ئەوەی کە پەروەردگارت ڕای گەیاندووە.(ئەی ئینسان) فەرمانی بۆ دەرکردووە لە کاتی کۆتایی هاتنی بۆت ))

**ل - ٥٩٩ - ئاسان**

کەواتە وەحی وێنەی جیاواز وەردەگرێت. خودا وەحی بۆ پێغەمبەران و بۆ فریشتەکان دەنێرێت. هەروەها وەحی بۆ ئادەمیزادی ئاسایی و جگە لە پێغەمبەران دەنێرێت. هەروەها وەحی بە هەنگ و شتە بێ گیانەکانیش دەدات. خودای مەزن وەحی بە هەرشتێك دەدات کە ویست و ئارەزووی لەسەر بێت.
بەڵام کاتێ کە ناوی وەحی وەك ناو بەکاربێت ئەوسا ڕاگەیاندنە لە خوداوە بۆ پێغەمبەران.

## زانیاری شەیتانەکان دەربارەی غەیب

خودای مەزن کاتێك کە پێی ڕاگەیاندین شەیتانەکان لە ڕەگەزی جنن و وەحی بۆ لایەنگرەکانیان دەنێرن داوای لێکردین کە گوێ ڕایەڵیان نەبین. ئەگەرنا کافر دەبین و هاوبەشی بۆ خودا پەیدا دەکەین. لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا. ئایا شەیتانەکان بەچی وەحی دەدەن بە لایەنگرەکانیان؟

دەڵێین: لە کۆندا شەیتانەکان لە ئاسماندا گوێیان ڕادەگرت. هەندێ شوێن هەبوو خۆیان تیا مەڵاس دەدا و گوێیان ڕادەگرت لەو فەرمانانەی کە بۆ فریشتەکان دەهاتە خوارەوە. ئەو فەرمانانەی کە بریتی بوون لە هەندێ شت و ڕووداو کە دەبوایە لە گەردووندا ئەنجامی بدەن. ئەوسا شەیتانەکان کە گوێیان لە فەرمانەکان دەبووبە پەلە بە لایەنگرەکانی خۆیان ڕادەگەیاند. ئەوانیش کاهین و سیحربازەکان بوون گەلێ درۆ و خوڕافاتیان دەخستەسەر لەگەڵ هەندێ شتی تر کە خەڵك بەرەو کوفر و یاخی بوون دەبەن لە بری گوێ ڕایەڵی و ملکەچی بۆ فەرمانەکانی خودای مەزن. کاهین و سیحربازەکان ئەو خەڵکانەی کە دەچوونە لایان خۆیان لە بەردەمیان هەڵدەکێشا کە باسی شتی وایان بۆ دەکات کە ڕوو دەدات. وە وایان لە خەڵکەکە دەگەیاند کە زانیاری و زانستێکی ڕاستەقینەیان هەیە دەربارەی ئەو شتانەی کە لە دواڕۆژدا ڕوودەدەن. ئەگەر خەڵکەکەش باوەڕی پێ بکردبان بەرەو کوفرو گومڕایی دەچوون. کاهین و سیحربازەکان بوختانیان بە خودا دا دەکرد. کە ئەوان هەندێ شتیان خستۆتە ناو کتێبەکانی. لەکاتێ کە خودای پاك و بەرز و باڵا فەرمانی پێ نەکردووە. بەڵکو بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان گۆڕانیان لەو کتێبانە کردووە.

بەڵام کاتێ کە پەیامی پێغەمبەر محەمەد ( د . خ ) گەیشت. خودای پاك و بەرز و باڵا گوێ ڕاگرتنی لە شەیتانەکان قەدەغە کردوە وای لێ هات

شەیتانەکان بە هیچ شێوەیەك نەیان توانی بچنە ناو ڕێبازی خودای هەق یاخود لە ئاسماندا گوێ ڕابدێرن چونکە نەیزەك دەیسووتاندن. قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت:

((وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَـٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَـٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْـَٔانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا )) ٨ ، ٩ ـ سورة الجن

(( ئێمەش بە ڕاستی بەرەو ئاسمان کشاین و هەست و هۆشمان خستەکار سەرنجمان دا کە پڕە لە پاسەوانی بە تواناو بێ شومار نەیزەکیش بە هەموو لایەکدا دەکشا ( دیار بوو کە ڕووداوێکی گەورە ڕوویدا بوو ) ئێمە جاران لە هەندێ شوێنی ئاسماندا خۆمان حەشار دەدا بۆ گوێ گرتن و دەنگ و باس بیستن بەڵام ئێستا ئەوەی بیەوێت گوێ بگرێت یەکسەر نەیزەکێکی بۆ ئامادەیە و بۆی دەهاوێژرێت ( لە ناوی دەبات ))

ل ـ ٥٧٢ ـ ئاسان

بەم شێوەیە شەیتانەکان لە ئاسماندا خۆیان مەڵاس دەداو گوێیان ڕادەگرت بۆ ئەوەی ڕێبازی خودا لەسەر ڕووی زەوی تێك بدەن و کوفر و گومڕایی بڵاو بکەنەوە. کاتێ کە پەیامی موحەمەد (د . خ ) هاتە خوارەوە خودای پیرۆز و بەرز و باڵا پاسەوانی بۆ فریشتەکان دانا ئەگەر هەر شەیتانێك نزیك ببایەوە نەیزەکێك بۆی ئامادە بوو بەرەو ڕووی دەردەچوو دەی سووتاند بەم شێوەیە خوای مەزن ئاین و قورئانەکەی خۆی لە یاری پێ کردنی شەیتانەکان پاراست.

سولەیمان پێغەمبەر ( د . خ ) تاکە پێغەمبەر بووە کە دەسەلاتی بەسەریاندا شکاوە و حوکمی لەسەر جنەکان کردووە. ئەجندە و شەیتانەکان لە ژێر دەسەلاتی ئەودا بوون و بەویست و توانای خودای مەزن ملکەچی فەرمانەکانی بوون. بۆیە سولەیمان پێغەمبەر (د.خ) لە توانای دابوو کە کتێبەکانی سیحر و نوشتەکانیان کۆ بکاتەوە و هەریەکێك لە شەیتانەکان ئەگەر یاخی بێت ئازار و ئەشکەنجەی بدات. سولەیمان پێغەمبەر ( د . خ ) داوای لە خودای مەزن کرد کە لەپاڵ پەیامەکەیدا موڵك و دەستەلاتێکی وای پێ ببەخشێت کە کەس لەپێش ئەودا پێی نەبەخشرابێت و لەدوای ئەویش بەکەس نەدرێت. لەم بارەوە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ـ

(( قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾ فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾ وَٱلشَّيَـٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴿٣٧﴾ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ )) ٣٥ ـ ٣٨ سورة ص

(( ووتی پەروەردگار لێم خۆش بە و دەسەلاتێکم پێ ببەخشە کە دەست نەدات بۆ کەسی تر لە دوای خۆم. چونکە بە ڕاستی تەنها تۆ بەخشەری هەموو ناز و نیعمەتێکیت. ئێمە نزامان گیرا کرد و بامان بۆ ڕام هێنا کە بە فەرمانی ئەو بە نەرمی هاتوچۆ بکات بۆ هەموو شوێنێك ویستی هەروەها شەیتانەکانمان کردە خزمەتگوزاری لە هەموو جۆرە بیناسازێك و مەلەوانێکی ژێر دەریا هەندێکی تریش بە کۆت و زنجیر بەستراوبوونەوە ( تا نەتوانن خراپەکاری ئەنجام بدەن ) ))

ل ـ ٤٥٥ ـ ئاسان

بەم جۆرە دەزانین کە سولەیمان پێغەمبەر ( د . خ ) دەسەلاتێکی وای پێ درابوو کە نەدرابوو بە هیچ پێغەمبەرێکی تر نە لە پێش خۆی نە لەدوای خۆی. و لەنێوان ئەوانەی کە خودای مەزن بۆی ڕەخساند بوو شەیتانەکان بوون کە کۆشك و باڵەخانەی زۆر مەزنیان بۆ بنیات دەنا و کاری قورسی وایان بۆ ئەنجام دەدا کە لە دەسەلاتی مرۆڤدا نەبوو. چینێکی تر لە شەیتانەکان دەچوونە ژێر دەریا و هەرچییەکی بویستبایە لە مرواری و شتی گرانبەها بۆیان دەردەهێنا. چینێکی تر لە شەیتانەکان کە یاخی بوون لە دەسەلاتی سولەیمان بە کۆت و زنجیر بەسترابوونەوە . خودای مەزن وای کردبوو کە بەسەریاندا زاڵ بێت و کۆت و زنجیریان بکات .

## سولەیمان پێغەمبەر پادشا بوو

شێکی غەریب و سەرسوڕهێنەر نیە کە سولەیمان پێغەمبەر و پادشا بێت لەیەك کاتدا.پێغەمبەری خودا موحەمەد ( د . خ ) خودای مەزن سەرپشکی کرد لەنێوان ئەوەی کە بەندەیەکی پەیامبەر بێت یاخود پێغەمبەرێکی پادشا بێت و موڵك و دەسەلاتێکی گەورەی هەبێت. بەلام موحومەد ( د . خ ) ئەوەی هەڵبژارد کە بەندەیەکی پەیامبەر بێت . چونکە ئەم پلە و پایە لەلای خودای مەزن زۆر بەرز و بالایە.

لەسەردەمی سولەیمان پێغەمبەردا ( د . خ ) شەیتانەکان لە سیحرو ئازاردانی خەڵك بەکار دەهێنران . حەزرەتی سولەیمان بەم کارەی زانی هەرچی کتێبی سیحر هەبوو کۆی کردەوە . دەڵێن لە شوێنێکدا خستوویەتیە ژێر زەوی

بۆئەوەی خەڵك لە ئێش و ئازاریان بپارێزێت. یاخود دەڵێن لەژێر عەرشی خۆیدا خستوویەتیە ژێر زەوی.

کاتێ کە سولەیمان کۆچی دوایی کرد شەیتانەکان شوێنی ئەم کتێبانەیان بە هەندێ کەس ووت. شەیتانەکان وایان بڵاو کردەوە کە سولەیمان بەهۆی ئەم کتێبانەوە ئادەمیزاد و ئەجندە و با و هەرچییەك کە لەم گەردوونەدا هەیە خستبووە ژێر دەستەلاتی خۆی و هەریەکێك ئەم کتێبانە بخوێنێتەوە ئەوا گەردوون بۆی ملکەچ دەبێت و دەکەوێتە ژێر ویست و ئارەزووی ئەو. دیارە ئەمەش کوفرە و سولەیمان لێی بەری یە.

سولەیمان بە توانای خودای پاك و بەرز و بالآ گەردوون خرایە ژێر دەسەلاتی نەك بەهۆی سیحر. شەیتانەکان ویستیان خەڵکەکە هەڵبخەڵەتێنن کە سیحر بەم جۆرە کاردەکات تاکو بڕوا بە توانای سیحر بکەن و بڕوا بە هێز و توانای خودا نەکەن و بەرەو گومرایی بڕۆن. بۆیە هەرکەسێك بڕوا بە توانای سیحر بکات کافر دەبێت و هەریەکێ پیشەی سیحربازی بێت کافرە. سولەیمانیش ( د . خ ) بەرییە لە تاوانی کوفر. خودای پاك و بەرز و بالآ لە قورئانی پیرۆزدا بێ تاوانیی و بەری بوونی سولەیمانی دەرخستووە .

## سیحرو دونیا بەدەست هێنان

کەواتە شەیتانەکان نیگاو وەحی ئەوەیان بە لایەنگرەکانیان لە چینی ئادەمیزاد بەخشی کە سولەیمان پێغەمبەر ( د . خ ) ئەو سەروەت و سامان و دەسەلاتەی کە پێی درا بوو بە کەسی تر نەدراوە. ئەویش بە پشتیوانی ئەو سیحرە بوو کە فێری ببوو ئەمەش وەك ئاماژەمان پێ کرد ڕاست نیە. چونکە خودای مەزن ئەو موڵك و دەسەلاتەی بە سولەیمان بەخشی ئەویش ناز و

نیعمەتەکانی خودای بە چاکە و سوپاسەوە وەرگرت و گەلێك ستایشی خودای مەزنی کرد. سولەیمان زمانی مەل و مێروولە و تەسبیحاتی شاخەکانی دەزانی. لەم بارەیەوە خودای هەق و پاك دەفەرموێت :

((حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٨﴾ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكٗا مِّن قَوۡلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَدۡخِلۡنِي بِرَحۡمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ))

**١٨ ، ١٩ سورة النمل**

(( هەتا گەیشتە دۆڵی مێروولە، مێروولە مێچکەیەك ( هاواری کرد ) ووتی ئەهای مێروولەینە بچنە ماڵ و کون و کەلەبەرەکانتانەوە نەوەکو سولەیمان و سەربازانی پێشێلتان بکەن. لەکاتێکدا هەستتان پێ ناکەن. سولەیمان کە گوێی لە هاواری مێروولەکە بوو زەردەخەنەی گرت و پێکەنی بە هاوار و قسەکەی. بۆیە ووتی پەروەردگار یارمەتیم بدە دڵ و دەروون و ڕۆح و گیانم کۆ بکەرەوە تاکو سوپاسگوزاری ناز و نیعمەتەکانت بم کە بەسەر من و دایك و باوکمدا ڕژاندووتە هەروەها کۆمەکیم بکە تا کار و کردەوەی چاکە ئەنجام بدەم کە تۆ پێی ڕازی بیت و بە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانتەوە))

ل ـ ٣٧٨ ـ ئاسان

بەم شێوەیە دەبینین کە سولەیمان زانیوبەتی کە هەرچییەکی پێی دراوە و ئەو شتانەی کە بۆی ڕەخساوە هەمووی لەلایەن خودای پاك و بەرز و بالآوەیەو بە توانای ئەوە. بۆیە سوپاس و ستایشی خودای مەزنی کرد لەسەر ئەو ناز و نیعمەتەی کە پێی بەخشیووە و داوای لە خودای پیرۆز و بالآکرد کە کۆمەکی و یارمەتی بکات بۆ کردەوەی چاك بکات.

خودای پاك و بێگەرد و بالآ لە بەخشینی ئەو موڵك و دەسەلآتەی کە دابووی بە سولەیمان و بەکەسی تری نەدابوو دەیەوێت سەرنجمان بۆ دوو شتی گرنگ ڕابکێشێت .

حەقیقەتی یەکەم : ئەوەیە کە توانای خودای مەزن لە گەردووندا ڕەهایە. گەلێ ڕەگەزی دروست کردووە و وای کردووە بەپێی پێکهاتەی دروست بوونیان بەهێز و تواناتر بن لە ڕەگەزەکانی تر. بەلآم خودای مەزن دەیەوێت سەرنجمان بۆ ئەوە ڕابکێشێت کە هەموو شتێك لەلایەن خودی خۆیەتی و بە بڕیاری ئەوە. ئەم پەروەردگارە مەزنە لەتوانایدایە کە ئەوانەی هێز و توانای زۆر بەرزیان هەیە بخاتە خزمەت ئەوانەی کە لەوان بێ هێزترن بە پێی پێکهاتەی دروست بوونیان.

ئەوەی کە بۆ سولەیمانی ڕەخساند، خوودی سولەیمان خۆی وەك مرۆڤێك نەیدەتوانی بیان ڕەخسێنێت. خودای مەزن وای کرد لە خزمەتی ئەودا بن و لەژێر فەرمانی ئەودا بن و چیان لێ داوا بکات بۆی جێ بەجێ بکەن.تاکو بزانن و تێبگەن کە هیچ کەسێك لە خوودی خۆیەوە ناتوانێت خاسیەتێك یان هێز و توانایەك بەدەست بێنێت هەموو هێز و توانایەك کە دروست کراوە بە دەستی دەهێنێت لەلایەن خودای پاك و بێگەرد و بالآیە.

ئینجا خـودای هـەق و مـەزن دەیـەوێت سـەرنجمان بـۆ ئـەوە ڕابکێـشێت کـە سولەیمان بە دەسـتی هێنـاوە. لـە توانـاو هێـزی خـۆی نـەبووە بـەڵکو لەلایـەن خوداوەیە... ئەوانەی کە لە موڵکی سولەیمان دا دەژیان خودا زانست و زانیاری زیـــــاتری پـــــێ دەبەخـــــشین لـــــەخودی ســـــولەیمانیش. قورئـــانی پـــیرۆز ئـــەوەمان بـــۆ دەگێڕێتـــەوە کـــە لـــەنێوان ســـولەیمان و پەپووسلێمانەدا ڕوویدا کاتێ کە سولەیمان موڵکەکەی خـۆی بەسـەر کـردەوە و بینـی کـە پەپووسـلێمانە ئامـادە نیـە. بەڵێنیـدا کـە سـزای بـدات : کـاتێ کـە پەپووسلێمانە هاتەوە لای چـی ووت ؟ بـا ئـەم فەرموودەیـەی خـودای هـەق و بەرز و بالاّ بخوێنینەوە :

((فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ))

**لە ئایەتی ٢٢ سورة النمل**

(( سولەیمان زۆر چاوەڕوانی نەکرد. پەپوو پەیدا بوو یەکسەر هـات و نیـشتەوە و ووتی ئەوەی من پـێم زانیـووە تـۆ پێـت نـەزانیووە مـن لـە ولاّتـی سـەبەئەوە هەواڵێکی ڕاست و دروستم بۆ هێناویت ))

**ل ـ ٣٧٨ ـ ئاسان**

بەم جـۆرە دەبیـنین خـودای پـاك و بـەرز و بـالاّ زانـست و زانیارییـەکی وای بـە یەکێك لـە سـەربازەکانی سـولەیمان بەخـشیووە کـە پەپووسـلێمانەیە بـەخودی سولەیمانی نەبەخشیبوو. بۆ ئەوەی بزانین کە هەموو زانستێك لە لایەن خـودای مەزن و بالاّوەیە ە ئێمە ناتوانین هیچ شتێك بدەست بێنین تەنیا ئەوە نەبێت کە خـودا ویـست و ئـارەزووی لەسـەرە . ... سـولەیمان کـە خـودا ئـەو هـەموو

دەسەلاتەی پێ بەخشیبوو ئەو شتەی نەدەزانی کە پەیوەسلێمانە دەیزانی:
هەروەها موسا ( د . خ ) کە پێغەمبەری خودا بوو و قسەی لەگەڵ خودای مەزندا دەکرد ئەوی نەچووە لای ئەو پیاوەی کە خودا زانستێکی پێ بەخشیبوو. موسا داوای لێکرد کە ئەو زانستەی فێر بکات. خودای مەزن دەفەرموێت : -

((فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا ))

٦٥ ، ٦٦ - سورة الكهف

(( لەوێ بە بەندەیەك لە بەندەکانی ئێمە ئاشنا بوو کە لە ڕەحمەتی تایبەتی خۆمان بەهرەوەرمان کرد بوو زانست و زانیاری تایبەتی خۆمانمان پێ بەخشیبوو. موسا (د . خ ) پێی ووت ئایا مۆڵەتم دەدەیت کە شوێنت بکەوم تا لەو زانست.و زانیاریەی پێت بەخشراوە منیش بەهرەدار بکەیت ؟ ))

ل - ٣٠١ - ئاسان

ئەگەر خودای هەق و پاك و بالا خۆی ئەوانەمان پێ ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەیە کە بە یەقین بزانین هەموو شتێك لەلایەن خوداوەیە. ڕەهایی توانا و دەسەلاتی خودایە کە لە گەردووندا حوکم دەکات نەك توانای هیچ دروست کراوێك لە دروست کراوەکانی خودا هەرچەندە لە خودای پاك و بەرز و بالاش نزیك بێت .... بۆئەوەی بە یەقینی بزانن کە هەموو هێزو توانایەك هی خودایە.

## موڵکی سولەیمان و بڕوا هێنانی خەڵك

حەقیقەتی دووەم : کە خودای پاك و بەرز و بالاْ دەیەوێت سەرنجمان بۆی ڕابکێشێت ئەوەیە . خودای مەزن گەلێك پێغەمبەر و نێردراو و بەندەی خۆی ناردووە بۆ چینی ئادەمیزاد جا گەلێك پێچەوانەی ئەوانیان کردووە و دژایەتیان کردوون و بە کافریان لەقەڵەم داون و کوفریان کردووە. ئەمانە هەمووی وەك یاخی بوونێك لەسەر ویستی خودا ڕووی نەداوە بەڵکو یاخی بوونێکە لەسەر ڕێبازی خودا بەوەی کە سەربەست و ئازادی کردووین لە هەڵبژاردندا، لە گرتنەبەری ئەو ڕێبازەی کە داینـاوە. واتە ئێمە سەرپشکین لەوەی کە ئەم ڕێبازە بگرینەبەر یاخود نەیگرینەبەر خودا پێغەمبەری مرۆڤی ناردووە. هەروەها پێغەمبەری پادشای ناردووە ئەویش سولەیمانە. موڵك و دەسەلاْتێکی وای پێ بەخشیوە کە بە کەسی تری نەداوە. وای کردووە کە گوێڕایەڵی و بەرئەمری بۆ ئەو وەك هی پادشاکان بێت. ئارەزووشی تێدایە ترسیشی تێدایە. ئەو توانایەی پێی بەخشیبوو کە هەریەکێك لە فەرمانەکانی دەربچێت جا ئادەمیزاد بێت یا جن یا هیتر سزایان بدات. بۆیە هەموو لە ئارەزووەوە بڕوایان بە سولەیمان هێنا هەش بوو لە ترسی سزای سولەیمان بڕوایان پێ هێنا ئەی سولەیمان کاتێ کە موڵکەکەی بەسەر کردەوەو پەپوولێمانەی نەبینی بە ئامادەبووانی ئەوت :

((لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَاْذْبَحَنَّهُۥٓ أَوْ لَيَأْتِيَنِّى بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ))

٢١ سورة النمل

(( سوێند بێت ئەبێت سزایەكی زۆر سەختی بدەم یان سەری ببڕم یان دەبێت بە بەڵگەیەكی ئاشكراوە بێت بۆلام ))

ل - ٣٧٨ - ئاسان

كەواتە خودای پاك و بەرز و باڵا لەتوانایدایە كە پێغەمبەرێك ڕەوانە بكات و سەروەت و سامان و دەسەڵاتی پێ ببەخسێت. ئەوسا خەڵك لەبەر هێز و توانای ئەو ملكەچی ببن و بڕوای پێ بهێنن هەروەها خودای مەزن و باڵا لەتوانایدایە كە خەڵك ملكەچ بكات بۆ بڕواهێنان هەروەك دەفەرموێت :

((إِن نَّشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةً فَظَلَّتْ أَعْنَـٰقُهُمْ لَهَا خَـٰضِعِينَ ))

٤ سورة الشعراء

(( خۆئەگەر بمانەوێت موعجیزەیەكیان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنین ئەوسا بەردەوام گەردنیان بۆی ملكەچ و زەلیل دەبێت ))

ل - ٣٦٧ ئاسان

بەم جۆرە خودای هەق و پاك و باڵا دەیەوێت سەرنجمان بۆ ئەوە ڕابكێشێت كە لەتوانایدایە خەڵك وا لێ بكات لە ترسا بڕوا بێنن پێغەمبەرێكی بەهێز و بە دەسەڵاتیان بۆ ڕەوانە بكات و لێی بترسن و بڕوا بێنن. لەتواناشیدایە كە خەڵك وا لێ بكات كە هەموو ملكەچ ببن و بڕوا بهێنن بەوەی كە لە ئاسمانەوە موعجیزەیەك بنێرێتە خوارەوە. بەڵام خودای پاك و بەرز و باڵا وای دەوێت كە بەندەكانی لەڕووی خۆشەویستییەوە بچنە ناو ئاینی خودا و بە ئارەزووەوە بڕوا بهێنن. خوادی مەزن كە پێغەمبەرانی ناردووە هەموویان بەندەی ئەو بوون بۆ ئەوەی خەڵك لە خۆشەویستییەوە بەرەو بڕواهێنان بێن. هەروەها پێغەمبەری

تـری نـاردووه دەسـەلاّتی داوەتـیّ بـۆ ئـەوەی خـەڵك بـزانن كـە خـودای مـەزن لەتوانایدایە خەڵك ملكەچ بكات بۆ بڕواهێنان لە ترسی هێز و دەسەلاّتی پادشـا. بۆ ئەوەی بزانن كە خودای پاك و بەرز و بالاّ توانای هەیە لەسەر ملكەچ كردن و زەلیل كردن. با ئادەمیزاد بزانێت كە لەم گەردوونـەدا هـیچ ویـستێك نیـە تـەنیا ئەوە نەبێت كە خودا ئارەزوویەتی و ئەگەر خـودای پـاك و بـەرز و بـالاّ شـتێكی هەڵبژارد ئەوا هیچ شتێك نیە ڕێی پیّ بگرێت. هەڵبژاردنی ئەو پێغەمبەرانەی كـە هەژارن و موڵك و سامان و دەسەلاّتیان نیە تـا خـەڵك ملكەچیان بـبن ئـەوە لـە حیكمـەتی خـودای هـەق و پـیرۆزو بـالاّ دایـە. بـۆ ئەوەیـە كـە ئـەو پێغەمبـەرە بەندەیەك بێت لە بەندەكانی خودا. داوا لە خەڵك بكـات بـڕوا بێـنن خـەڵك ڕووی تیّ بكەن و لە خۆشەویستییەوە بڕوا بهێنن. خۆیان سەر پشك بن لە بڕوا هێنان یان بڕوا نەهێنان نەك لەبەر ترس و تۆقاندن بڕوا بهێنن .

تـائێرە گەیـشتینە ئـەوەی كـە خـودای هـەق و بێگـەرد و پـاك خـۆی زانـستی سیحری ناردۆتە خوارەوە. سـیحری نـاردووە بـۆ سـەر ڕووی زەوی تـاكو خـەڵك دێوانـە بكـات. بۆئـەوەی ببێـت بـە تاقیكردنەوەیـەك بۆیـان. دوو فریـشتەی دابەزاندووە كە ( هاروت و ماروت )ن ئەم دوو فریـشتەیە ئـەركی خۆیـان بـەجیّ هێنا. وەك ئەوەی كە خودای پـاك و بـەرز و بـالاّ فـەرمانی پـیّ كردبـوون. گـەلیّ خەڵكیان فێری سیحر كرد و ئاگاداریشیان كردنـەوە كـە سـیحر بەلاّیـە و بـەرەو هەڵدێری كوفریان ڕادەپێچێت( خودا بمانپارێزێت). هەموو ئـەو قـسانەی كـە لـە بـارەی سـولەیمانەوە دەوترێـت گوایـە موڵكەكـەی خـۆی لەڕێگـەی سـیحرەوە بەدەست هێناوە ڕاست نیە و درۆیە بەڵكو كوفریشە. هێـزو توانـا هـەمووی هـی خودای پاك و بەرز و بالاّیە، هەموو هێزەكانی زەوی بـۆ خـودی خۆشـیان هـیچ سوودو زیانێكیان لەدەست نیە. نـەژیان نەژیانـەوە تـەنیا ئەگـەر خـودا ویـستی

لەسەر بێت. شەیتانەکان کە لە جنە یاخی بووەکانن لەڕێبازی خـودا دەرچـوون لەهەنـدێ شـوێنێ ئاسمانـدا خۆیـان حەشـار دەدا و گوێیـان دەگـرت بـۆ ئـەو فەرمانانەی کە دادەبەزێنرا بۆ سەر ڕووی زەوی تاکو ژیانی لەسەر ڕێك بخرێـت ئەوان کە گوێیـان لێ دەبـوو ئـەم هەواڵـەیان لەگـەڵ لایـەنگرەکانیان لـە کاهین و سیحربازەکان دەقۆستەوە بۆ ئـەوەی هەنـدێ شـت لـە ڕێبـازی خـودا بگـۆڕن و لەبری بڕوا، کوفر و گومڕایی لەسەر ڕووی زەوی بلاو بکەنەوە.

پرسیارێکی گرنگ ماوە ئەویش ئەوەیە : ـ

چـۆن سـیحر ژن و مێـرد لەیـەك جـی دەکاتـەوە ؟ چـۆن زیـان بـە خـەڵك دەگەیەنێت؟ چۆن سیحربازەکان خۆیان یەکـەم کەسـن کـە سـیحر زیانیـان پـێ دەگەیەنێت ؟

## بـەشـی چـوارەم

# زیانیان پێ دەگەیەنێت و سوودی بۆیان نیە

باسی سیحرمان کرد وه چۆن چاوەکان جادوویان لێدەکرێت ئەوسا مرۆڤ خەیاڵ و مەزەندەی هەندێ شت دەکات کە بوونیان نیە. چونکە سیحر حەقیقەت ناگۆڕێت و ناتوانێت هیچ شتێك بگۆڕێت بۆ شتێکی تر. تەنیا ئەوەندەیە سیحرباز ترس دەخاتە دەروونی ئەو کەسەی کە سیحری لێدەکات و وای لێدەکات کە مەزەندەی هەندێ شت بکات. ئەوسا ملکەچ دەبێت بۆ ویست و ئارەزووەکانی سیحرباز وە داوای هەرچی لێ بکات بۆی جێ بە جێ دەکات. دیارە ئەمەش لەترسانە.

کاتێ کە باس لەو شتانە دەکەین پێویستە لە خۆمان بپرسین.باشە ئەگەر سیحر بەم شێوەیە بێت کە قورئانی پیرۆز بۆمان وەسف دەکات، چۆن ژن و مێرد لەیەك جیا دەکاتەوە ؟سیحر چۆن زەرەر و زیانی لێ دەکەوێتەوە ؟

خودای مەزن فەرموویەتی : -

((فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ))

**لە ئایەتی ١٠٢ سورة البقرة**

(( لەو فریشتانە شتی وا فێردەبوون کە ژن و مێردی پێ لەیەك جودا بکەن هەرچەندە ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بە کەس بگەیەنن مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت ))

**ل - ١٦ - ئاسان**

لەسەرەتاوە دەڵێین بۆ هەموو خەڵك باشترە فێری سیحر نەبن و خۆیان مەفتوونی نەکەن چونکە هیچ سوودێکی نیە بەڵکو زیانیان پێ دەگەیەنێت.

نموونـەی ئـەوەمان هێنایـەوە ئـەو کەسـەی کـە لـەناو کۆمەڵـە خـەڵکێك دایـە و چەکدارە. ئەم چەکەی ئەو وای لێدەکات کە زوڵم و زۆر بکات و بوونی چـەکەکە وای لێدەکات کە لەخۆبایی بێت و بەرەو زوڵم و تاوان بڕوات.

ئەگەر سیحریش زانستێك بێت وا بکات مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێت کـە جنـەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و بۆ ویست و ئارەزووەکانی خـۆی بـەکاری بهێنێـت. لەوانەیە یەکێ بڵێت من دەمەوێ فێـری سـیحر بم بـۆ ئـەوەی لـە کـاری چـاکەدا بەکاری بهێنم ، بەم جۆرە کەسە دەڵێین ئـەم قـسەیە دەکـەیت لـەو کاتـەی کـە ئـارام و لەسـەرخۆیت. خۆشەویـستیت ، ئـارەزووت بـۆ ئـەم جـۆرە زانـستە کـە خاسیەتێکت پێ دەبەخشێت لەسەرووی خەڵکانی ترە بەڵام ئایە تۆ خۆت زامـن دەکەیت ئەگەر ئەم جۆرە توانایەت بەدەست هێنـا لـە زوڵـم و زۆرداری بـەکاری نەهێنیت؟

گریمان گەنجێك داوای لە باوکی کرد دەمانچەیەکی بـۆ بکرێـت ، بـەڵام باوکەکـە داواکەی ڕەت کردەوە و بۆی نەکڕی. لەوانەیە گەنجەکە زیز بێت لـە بـاوکی کـە چاکەی ئەوی ناوێت بۆیە چەکەکەی بۆ نەکڕیوە. بەڵام باوکەکە جگـە لـە چـاکە هیچی تـری بـۆ کوڕەکـەی ناوێـت چـونکە ئـەو دەزانێـت ئـەم گەنجـە لـە کـاتی تووڕەبووندا خۆی بۆ ناگیرێت و لەوانەیە تووشی کارەسات بێت.

خودای هەق و پاك و باڵا فەرمویەتی : -

((وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ))

**لە ئایەتی ١٠٢ سورة البقرة**

(( ئەو خەڵکە سـەرگەردانە هەمیـشە فێـری شـتێك دەبـن کـە زیانیـان لێـدەدا و سوودی نیە بۆیان ))

**ل - ١٦ - ئاسان**

خودای هەق بڕیاری داوە کە سیحر سوودی نیە کەواتە با کەس نەیەت و بڵێت من فێری سیحر دەبم بۆ ئەوەی لە چاکەدا بەکاری بێنم. چونکە زانست و زانیاری خودای هەق و بەرز و بالآ لەسەرووی زانست و زانیاریی ئادەمیزادەوەیە.
جا ئەو کە بڕیاری داوە سیحر جگە لە زیان هیچ شتێکی تری لێ بەدەست نایەت و سوودی نیە.بۆیە گەر یەکێك هات و جگە لەوە باسی شتی تری کرد پێی دەڵێین ڕاست ناکەیت تۆ دەتەوێ خاسیەتێك بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی زوڵم و زۆری پێ ئەنجام بدەیت. چونکە خودای پاك و بەرز و بالآ ئەو بڕیارەی داوە کە سیحر زیان دەبەخشێت و سوودی نیە. جا هەوڵ مەدە بەم قسانەت هەڵیگێڕیتەوە و فێڵ لە خەڵك بکەیت. چونکە بەم کارەت ڕووبەڕووی بەلآ دەبیتەوە و بەرەو خەرەندی کوفرت دەبات.
وا دەبینین هەر یەکێك سیحرباز بێت ئەوا کۆتاییەکی خراپی دەبێت و بە هەژاری و زەلیلی دەمرێت و لەناو خەڵکی ڕیسوا دەبێت و ڕقیان لێیەتی و بە خراپی ناوی دەبەن.
ئەگەر بە دوای ژیانی ئەو کەسانەدا بچین کە ئەم کارانە دەکەن ئەوا کۆتاییەکەیان هەمووی شەڕ وخراپەیە. خودای پاك و بەرز و بالآ لە قورئانی پیرۆزدا لەم کارە خراپە ئاگاداری کردوینەتەوە هەروەها هەواڵی کۆتایی ئەو کەسانەی پێداوین کە پەنا بۆ جنەکان دەبن و بەکاریان دەهێنن بۆ ئەوەی جیاواز بن لە خەڵکی تر یان بۆ ئەوەی خەڵکی بترسێنن کە زەرەر و زیانیان لێدەدەن.
خودای بەرز و بالآ فەرمویەتی : -
((وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ

فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ))

**٦ سورة الجن**

((بەڕاستی پیاوانێك لە دەستەی ئادەمیزاد پەنایان دەبرد بۆ پیاوانێك لە دەستەی پەریەكان (پەریەكان ئەمەیان بە هەل زانی) كەچی ئەوەندەی تر ماندوویان كردن (بەخورافات و شتی بێ سەروبەر) ))

**ل ـ٥٧٢ ـ ئاسان**

كەواتە ئەوكەسانەی كە پەنا بۆ جنەكان دەبەن بۆ ئەوەی بۆ مەرامی خۆیان بەكاریان بێنن با باش بزانن كە جنەكان ئەم هەلە دەقۆزنەوە و زیاتر ماندوو سەرگەردانیان دەكەن.

## پەنا بردنەبەر جنەكان هەرگیز چاكەی بەدواوە نیە

كەواتە پەنابردنە بەر جنەكان هەرگیز سوود وچاكە بە ئادەمیزاد ناگەیەنێت بەڵكو تەنیا بەرەو هەڵدێری خراپەی دەبات. ئەگەر بڕوانینە ئەوانەی خەریكی سیحرن سەرەڕای ئەوەی كە پەنا بۆ ئەجندەكان دەبەن ئەوا هەرچیەك هەیە لە دەوروبەریان ئەوا لەوان باشترن و ژیانیان خۆشترە. سیحربازەكان بە دوای ڕزق و ڕۆزی دا دەگەڕێن لە لای ئەو كەسانەی كە سیحرباز نین و پەنا بۆ جن نابەن. بۆیە سیحربازەكان هەردەم ئەو دەستەیەن كە لە خوارەوەن و دەست لەبەر ئەوانە پاندەكەنەوە كە بەندەی خودان و هیچ جۆرە سیحرێك ئەنجام نادەن.

ئەگەر ئەوانەی سیحربازن ڕاست دەكەن و ئەوە دەكەن كە سوود بە خەڵك بگەیەنێت. با پێویستییەكانی خۆیان جێ بە جێ بكردبایە. ئەوان تەنانەت ناتوانن بۆ پەیداكردنی ڕزقیشیان پشت بە سیحرەكەی خۆیان ببەستن.

بەلام خودای پاك و بەرز و بالا ویستوویەتی ئەو کەسانەمان پیشان بدات کە خەریکی سیحرن. لەگەڵ ئەوەشدا کە پشت بە ڕەگەزێك دەبەستن کە خودا دروستی کردووە و توانای لە مرۆڤ زیاترە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە بەردەم خەڵکەکەی دەوروبەریاندا زەلیلن و هەردەم دەستیان لەبەر پاندەکەنەوە و داوای ڕزقیان لێ دەکەن.

کەواتە کەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە پەنا بردنەبەر جنەکان سوودی هەیە. بەکارهێنانی هەر شتێك سیحر بێت، چەك بێت، قسە بێت دوور لە ڕێبازی خودای مەزن ئەوا گومانی تیا نیە کە زیان بە ئادەمیزاد دەگەیەنێت.

کەواتە ئەگەر دەرچوون لە ڕێبازی خودای مەزن لە مەسەلە ماددییەکاندا زیان بە مرۆڤ بگەیەنێت ئەوا بەهەمان شێوە دەرچوون لە ڕێبازی خودا لە مەسەلە نهێنیەکانیشدا زیان دەبەخشێت. بڕوا داوای ئەوەمان لێدەکات کە هەموو ئەو زانستانەی کە فێریان دەبین لە خزمەتی ڕێبازی خودادا بەکاریان بهێنین. ئەمەش کاتێك ڕوودەدات ئەگەر هاتوو دەستمان گرت بە زانستی دیاری کراودا.

فیتنە و بەلا و هەرشتێکی تر کە خودای پاك و بەرز و بالا بۆ تاقیکردنەوەی ئادەمیزاد دروستی کردوە. پێویستە لەسەر هەموومان خۆمانی لێ دوور خەینەوە و حەیرانی نەبین چونکە هەریەکێك بەدەوری ئاگردا بسوڕێتەوە تێی دەکەوێت.

فیتنە و بەلا لەوانەیە شێوەیەکی ماددی هەستی وەربگرێت وەکو ئەو فیتنانەی کە لە ژن وماڵ و منداڵ و گەلێ شتی تردا دەیان بینین. لەوانەشە شێوەیەکی غەیب وەربگرێت و هەستی پێ نەکەین وەکو سیحر. جا پێویستە لە هەردوو جۆرەکەی فیتنە دووربکەوینەوە چونکە تەنیا حەیران کردن و هەڵخەڵەتاندنە و جگە لە خراپە هیچی تری لێ بەدەست نایەت و هەرگیز سوود بەخش نیە.

ئەگەر خودای هەق و بەرز و بالاّ بە پێغەمبەری (د.خ) ڕاگەیاند بێت بۆ ئەوەی پێمان بڵێت کە سیحر فیتنەیە و بەرەو کوفرمان دەبات. ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە خودای پاك و بەرز و بالاّ بۆ پێغەمبەری ڕاستگۆ و دەستپاکی ناردووە بۆیە دەبێ خۆمان لە فیتنە دوور بخەینەوە و هەرچیەك کە بەرەو فیتنەمان دەبات نزیکی نەکەوین و بە فەرمانێکی بزانین لەسەرمان کە فێری سیحر نەبین. ئەگەر بە شێوەیەکی ماددیش هەستی پێ نەکەین و لەبەر چاومان نەبێت کە چۆن فیتنە ڕوودەدات ئەوا دەزانین بە دەست هێنانی توانایەك کە لە لایەن ئادەمیزادەوە کە زۆرتر بێت لە توانای کەسانی دەوروبەری وای لێدەکات کە خۆی بۆ نەگیرێ و دەسەلاّتی لە دەست خۆی نامێنێت و خۆی بۆ ناگیرێ و شتێکی بەسوود فێر نابێت بەڵکو شتێك فێر دەبێت کە زیان بەخەڵك دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا ئەگەر بڕوانینە ئەوانەی خەریکی بەکارهێنانی سیحرن دەبینین شێوەیان پڕیەتی لە ماندوێتی و ڕۆژی هەموویان لە دابەزیندایە و هیچ لە سیحربازەکانی ناتوانێت ئەو زانستەی لە سیحردا هەیەتی بۆ سوودی خۆی بەکاری بێنێت. ئەمە بەسە وەك بەڵگەیەك بۆمان کە سیحر خراپەیە و چاکە نیە . ... و زیانە و سوودی نیە خودای پاك و بەرز و بالاّ دەفەرموێت:

((وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّـٰحِرُونَ)) لە ئایەتی ٧٧ سورة یونس

(( خۆ جادووکەران سەرفراز نابن))

ل ـ ٢١٧ ـ ئاسان

هەروەها فەرمویەتی :ـ

((وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ))

**لە ئایەتی ٦٩ سورة طه**

((جادووگەریش بۆ هەر کوێ بچێت و هەرچی بکات سەرکەوتوو نابێت))

ل ـ ٢١٦ ـ ئاسان

سەرفرازی و سوود هەرگیز لە سیحرەوە بە دەست نایەن واتە هیچ شتێك نیە کە سیحرباز بیکات و سەرفرازی بەدەست بێنێت.

## لێکدابرینی ژن و مێرد

کەواتە تەنیا زەرەر و زیانە کە لە سیحردا بەدەست دێت. زیانیش گەلێ جۆر و شێوەی جیاوازی هەیە کە سنووری بۆ نیە.

دەبێ چ جۆرە زیانێك بگەیەنێت! لەبەر ئەوەی سیحر لە ئێمەوە پەنهانە و نادیارە بۆیە ئەو زیانانە باس دەکەین کە خودای پاك و بەرز و بالاّ و پێغەمبەر (د.خ) پێیان ڕاگەیاندوین و یەکەم شت کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە لێك دابڕینی پیاو و هاوسەرەکەیەتی.

جیاکردنەوە و لێك دابڕینی هاوسەرانیش لەوانەیە لە هەندێ شتی ماددییەوە دروست ببێت. ئایا لە ژیانی ئاساییدا کەسانێك نین کە گوێ بە ڕێبازی خودا نادەن. ئەوانەی کە وشەیەك لێرەو وشەیەك لەوێ دەگوازنەوە بۆ ئەوەی جیاوازی بخەنە نێوان ژن و مێردەوە؟ بەڵێ ئەمە هەیە و ئێمەش شایەتی بۆ دەدەین. ئەگەر ئەمە لە مەسائیلی ماددییدا ڕوویدات کەواتە لە مەسائیلی پەنهان و نادیاریشدا ڕوو دەدات.

زانیمان کە جنە شەیتانەکان دەتوانن هەموو شێوەیەك وەربگرن و بە هەموو شێوەیەك دەربکەون.

پێغەمبەری خودا (د.خ) فەرموی: ئەوەندە نەما بوو شەیتان لە کۆڵەگەی مزگەوت ببەستمەوە. پاش ئەوەی کە هاتبووە سەر شێوەی ئادەمیزاد بۆیە یاسای مرۆڤی بەسەردا سەپا .

وەك باسمان کرد ئەمەش لە میهرەبانی خودای مەزنە کە شەیتان هەر شێوەیەك وەربگرێت حوکمی ئەو شتەی بەسەردا دەسەپێت کە تێیدا دەرکەوتووە. بە جۆرێك ئەگەر خۆی خستەسەر شێوەی ئادەمیزاد یان گیانلەبەری تر ئەگەر تەقەی لێبکەی و بەری کەوێت دەکوژرێت .

جا ئەگەر کار وابێت چ شتێك هەیە کە ڕێگر بێت لەبەردەم شەیتانەکان کە لە جنەکانن لەسەر شێوەی ژنێکی دەم و چاو ناشیرین خۆی دەربخات بە شێوەیەك ئەگەر پیاوەکەی سەیری بکات لە وزەی دا نەمێنێ سەیری بکات. بەهەمان شێوە چ شتێك هەیە ڕێ لە جنە شەیتانەکان بگرێت کە خۆی لەسەر شێوەی پیاوێکی ڕوخسار ناشیرین بخاتە ڕوو بە جۆرێك هەر کاتێك ژنەکەی سەیری بکات لێی بێتاقەت بێت و ڕووی لێوەربگێرێت. کەواتە ئەمە شتێکە ڕوودانی زۆر ئاساییە لەلای جنەکانەوە بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت. لەم بارەدا هەر کاتێك پیاو سەیری ژنەکەی خۆی کرد دەم و چاوێکی نەفرەت لێکراو دەبینێ و لێی ڕادەکات. دیارە پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە. هەر کاتێ ژن سەیری پیاوەکەی خۆی کرد ئەوا دیمەنێکی ئەوەندە ناشیرین دەبینێ ناتوانێت سەیری بکات ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە دەبێتە مایەی جیا بوونەوەی ژن و مێرد. گەلێ شتی تریش هەیە کە ئێمە نایانزانین چونکە لێمانەوە پەنهانە. بەلآم دەزانین لێك جیاکردنەوەی ژن و مێرد ئاسانە هەر وەك قورئانی پیرۆز بۆی باس کردووین ، لەوانەیە گەلێ جۆر زیانی تریش هەبێت کە لە سیحر دێتە ئاراوە ئەی پێغەمبەری خودا (د.خ) نەی فەرمووە : ـ

(( ان الشيطان يجرى في الأنسان مجرى الدم )) واتە شەيتان لەناو خوێنی ئادەمیزاددا دەسووڕێتەوە. هەندێ کەس سەریان لەم فەرمودەیە سوڕدەمێنێ دەڵێن چۆن شەیتان لەناو ئادەمیزادا وەکو سوڕی خوێن دەسووڕێتەوە.

لە وەلامدا دەڵێین گەلێ شت هەیە کە لە سووڕی خوێنی ئادەمیزادا دەسووڕێنەوە هەمووشیان شتی ماددین. ئێمە هیچمان دەربارەیان نەدەزانی هەتا ئەم دواییە. بەڵکو لە سووڕی خوێندا لە پاڵ ئەم شتانە کارگەیەکی گەورە هەیە بۆ دروست کردنی خڕۆکەی سپی. بۆ نموونە : ـ ئەگەر تەنێکی بیانی هاتە ناو خوێنەوە سەرەتا جۆرەکەی دیاری دەکات ئینجا ئەو ماددانەی بۆ دادەنێت کە ئەم تەنە دەکوژێت. لە نێوان میکرۆب و خرۆکە سپی یەکانی ناو خوێن جەنگ ڕوودەدات هەتاکو خڕۆکە سپی یەکان بەتەواوەتی بەسەر ئەم میکرۆبانەدا زاڵ دەبن و لەناویان دەبەن میکرۆبەکان بوونەوەری ماددین و ئەو شەفافیەتەیان نیە کە شەیتان هەیەتی. ئینجا دیواری لەشی مرۆڤ دەبڕن بە بێ ئەوەی ئادەمیزاد هەستی پێ بکات دەچنە ناو خوێنەوە و تێیدا دەژین و زیاد دەکەن. ئەگەر ئەمە بە بوونەوەرێك بکرێت لە بنچینەی ماددەکەی قوڕە. ئایا بۆ بونەوەرێکی تر ناکرێت کە ماددەکەی لێی دروست کراوە شەفافی یەتی لە قوڕ زیاترە؟

ئەوانەی کە سەریان سوڕدەمێنێ لە فەرمودەکەی پێغەمبەر (د.خ) ئەوا ئاگاداری ئەو شتانە نین کە زانست ئاشکرای کردووە. ئەو هەموو ماددەیەی کە لە خوێنی ئادەمیزاددا دەسووڕێنەوە و لە توانامانداییە بە شیکردنەوەیەکی ووردی خوێن هەندێکیان دەست نیشان بکەین کەچی دەیەها جۆری هەیە.

## له مەسەلەی غەیب دا چۆن نیە

خـودای هـەق و پـاك و بـالا کـە مەسـائیلی غـەیبی هەیـە بۆمـان نیـە دەربارەیان بڵێین چۆن؟ غەیب خودایە.

لە مەسائیلی ماددییدا دەتوانرێت بپرسین چۆن؟ بۆ نموونە دەپرسین ئـاو چـۆن پێکـدێت؟ وەلامەکـەی تاقیکردنەوەیـەکی زانـستی یـە. کـە دوو گەردیلـەی هایدرۆجین لەگەڵ گەردیلەیەك ئۆکسجین یەك دەگرن و ئاو پێکدێنن.

کەواتە لە زانستی تاقیکردنـەوەی ماددیـدا دەتـوانین بپرسـین چـۆن؟... ئەگـەر نەتوانین بپرسین ئەی ئەمە بۆ ڕوودەدات؟ لێرەدا وەلامەکـەی ئەوەیـە کـە ئـەم خاسیەتانە خودای هەق و پـیرۆز و بـالا لـە گەردوونەکەیـدا دانـاوە . بـەلام لـە مەسائیلی پەنهانی دا کەس ناتوانێت بپرسێت ئەمە چۆن ڕوو دەدات؟

ئیبراهیم پێغەمبەر ( د . خ ) لە خودای پرسی .

((قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى))

**لە ئایەتی ٢٦٠ سورة البقرة**

(( بەیاد بهێنەوە کاتێك ئیـبراهیم وتـی پـەروەردگارا نیـشانم بـدە چـۆن مـردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ خوا فەرمووی ئایا باوەڕت نەهێناوە؟ ئیبراهیم ووتـی بـەڵێ ( بـاوەڕم هەیـە ) بـەلام حـەز دەکـەم ( بـە چـاوی خـۆم ببیـنم ) تـا دڵـم ئـارام بگرێت )) ل ـ ٤٤ ـ ئاسان

باوکی پێغەمبەران ئیبراهیمی خەلیل ( د . خ ) داوای لـە خـودای پـاك و بـەرز و بالا کرد کە پیشانی بدات چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە دیارە زیندووکردنـەوەی

مردوو لە مرۆڤەوە پەنهانە و نادیارە پرسیارەکە ئەوە بوو چۆن؟ ... واتا چۆنیەتی.

ئایا خودای هەق و پاك و بالاّ پێی ڕاگەیاندووین چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە ؟ خودای مەزن لەبەر چاوی حەزرەتی ئیبراهیم تاقیکردنەوەیەکی ئەنجام دا کە ڕەهایی توانای خودا لە زیندووکردنەوەی مردوودا دەسەلمێنێت :

خودای مەزن فەرمووی:

(( قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ))

**لە ئایەتی ٢٦٠ سورة البقرة**

(( خوا فەرمووی جا کەواتە چوار باڵندە بهێنە و جوان سەرنجیان بدە و دوایی هەر چواریان سەربڕە و گۆشت و پەڕ و خوێنیان تێکەڵ بکە ئەوسا لەسەر لوتکەی هەر شاخێك هەندێك لەو تێکەڵەیە دابنێ پاشان بانگیان بکە بەگورجی و بە پەلە هەموویان دێنەوە بۆ لات و چاك بزانە و دڵنیابە بەڕاستی خوا بالاّ دەست و کار بەجێ یە)) ل ـ ٤٤ ـ ئاسان

ئەم تاقیکردنەوەیە لەبەرچاو ئیبراهیم ( د . خ ) ڕوویدا. چوار باڵندەی هێنا و سەری بڕین و پارچە پارچەی کردن و هەر هەندێکی لەسەر لووتکەی شاخێك دانا. ئینجا بانگی کردن. باڵندەکان بەرەولای هاتن و لەبەردەمی ئامادە بوون و بەپێی خۆیان دەڕۆیشتن. بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی ئەو باڵندانەن کە خۆی

پارچە پارچەی کردن. و باڵندەکان لە شوێنێکی ترەوە نەهاتوون هەتا سەری لێ بشێوێت.

بەڵام ئایا خودای پاك و بەرز و باڵا پێی ووت چۆن؟ ئایا چۆنیەتی کارەکەی پێ ووت؟ نەخێر چونکە چۆن لەگەڵ شتی پەنهانی دا ناوترێت.

ئەگەر یەکێ پرسی چۆن زیان بە سیحرلێکراوە دەگەیەندرێت؟ دەڵێین خودای هەق و پاك و باڵا هەندێ شتی پێ ڕاگەیاندووین هەندێکیش لێمانەوە پەنهانە. خودای پاك و بەرز و باڵا پێی ڕاگەیاندووین کە جادوولێکراو هەندێ شتی وا لەبەردەمیدا مەزەندە دەکات کە حەقیقەت نین. هەروەك چۆن خەڵکەکە دار و گوریسی سیحربازەکانی فیرعەونیان لەبەرچاو ببووە مار و دەجوولان. ئەم خەیاڵ کردنە یان مەزەندەکردنە ترسی خستە دڵ و دەروونی بینەران و وای لێکردن کە ویست و ئارەزوویان بە دەنگ سیحربازەکانەوە بچێت. ئەو ترسەی کە دەروونی پڕ کردبوون هەموو توانا و بەرگرییەکی لێسەندبوونەوە. بۆیە وایان لێهات بوو ئەو شتەیان دەبینی کە سیحرباز دەیویست.

بە بەڵگەی ئەوەی دار و گوریسەکان لەبەر چاویان ببوە مار. هەروەها ئەوە نابینن کە سیحرباز نایەوێت بیبینن. بە بەڵگەی ئەوەی ئەوان حەقیقیەتی دار و گوریسەکانیان نەبینی کە هیچ گۆڕانیان بەسەردا نەهاتبوو و وەکو خۆیان مابوونەوە.

ئەمە حەقیقەتێکە خودای پاك و بەرز و باڵا لە قورئانی پیرۆزدا بۆی گێڕاوینەتەوە. بەڵام جیاکردنەوەی ژن و مێرد خودای پیرۆز و بەرز و باڵا هیچی دەربارەی پێ ڕانەگەیاندوین کە دەکرێ ڕوویدات. بەڵام ئەوەی بۆ ڕوون نەکردینەوە کە ئەو ڕێگایانە چین کە پێیانەوە ڕوو دەدات. هەروەك خودای هەق و مەزن پێی ڕاگەیاندووین کە زیان بەهۆی سیحرەوە ڕوودەدات. بەڵام

چـۆنیەتی ڕوودانەکـەی بـۆ ڕوون نەکردوینەتـەوە و ئەگـەر فەرموودەکـەی پێغەمبەر ( د . خ ) نەبوایە نەماندەزانی کە شەیتان لەگەڵ خوێنی ئـادەمیزاددا لەناو جەستەیدا دەسووڕێتەوە.

## سیحرباز هیچ دەربارەی غەیب نازانێ

هەندێ کـەس لـەو بـاوەڕەدان کـە سـیحربازەکان دەزانـن چ لـە غەیبـدا هەیە. ئەمەش ئەرکی دەجالەکانە کە هەوڵ دەدەن خەڵك هەڵبخەڵەتێنن و وایان تێ بگەیەنن کە ئەوان دەتوانن ئەوەی لە پەنهاندایە و دیـار نیـە بۆیـان ئاشـکرا بکەن بەڵام ئەمە ڕاست نیە.

بۆ ئەوەی لە کێشەکە بگـەین دەبـێ ئـەوە بـزانین کـە دوو جـۆر پـەنهان هەیـە: پەنهانی ڕێژەیی و پەنهانی ڕەها.

پـەنهانی ڕێـژەیی ئەوەیـە کـە لـەلای مـن پـەنهان و نادیـارە بـەڵام یـەکێکی تـر دەیزانێت . بۆ نموونە :ـ

شتێکت لێ دزرا . دزەکە کێ یە؟

لێرەدا ئەم کێشەیە لەلای مـن پەنهانـە و نادیـارە و نـایزانم لەوانەیـە پۆلیـسیش هیچی لێ نەزانێت. بەڵام دزەکە دەزانێت کە خۆی دزیویەتی و ئەوەی شـتەکانی لەلا شاردراوەتەوە ئەویش دەزانێت دزەکە کـێ یـە. لەوانەیـە ئـەو کەسـەی کـە شتەکانیشی پێ دەفرۆشن بزانێت دزەکە کێ یە.

ئەگەر ووتمان وەزیر واژۆی فەرمانی بەرز کردنەوەی منی کـردووە بـۆ پلەیـەکی بەرزتر. ئەمە لەلای من پەنهانە و نایزانم و نازانم بەرز کراومەتـەوە بـۆ پلەیـەکی تـر. بـەڵام جـەنابی وەزیـر دەزانێـت چـونکە خـۆی فەرمانەکـەی دەرکـردووە. بەڕێوەبەری نوسینگەکەشی دەزانێت چونکە فەرمانەکەی وەرگرتووە بۆ ئەوەی

فۆتۆکۆپی بکات. ئەو کەسەی کە فەرمانەکەشی چاپ کردووە دەیزانێت. کەواتە ئەمە پەنهانێکی ڕێژەیی یە. چونکە لەلای من پەنهانە بەلاَم لەلای کەسانی تر پەنهان نیە. ئەم جۆرە پەنهانە ئادەمیزاد و ئەجندە دەتوانن بیزانن. پەنهانێکیش هەیە ڕابردووە. شتێکە ڕوویداوە و کۆتایی هاتووە. لەلای هەندێ کەس پەنهانە بەلاَم خاوەنەکەی و ئەوانەی بینیویانە دەیزانن بۆیە ئەمەش پەنهانێکی ڕێژەیی یە. هەروەها ئەو پەنهانەی کە لە ماوەیەکی دوورەوە ڕوویداوە و هەموو ئەوانەی بینیویانە نەماون و مردوون. ئەمەش پەنهانی ڕێژەیی یە چونکە لەوانەیە بەلگە و شوێنەوارمان دەست بکەوێت و ئاشکرای بکات و سەربردەکەی بزانین بەلاَم پەنهانی ڕەها ئەوەی کەس نایزانێت جگە لە خودای بەرز و بالاَ زانیاری تەواوی دەربارەی پەنهان هەیە.

خودای مەزن دەفەرموێت : ـ

((عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ))

**٢٦ سورة الجن**

(( ئەو زاتە زانای نهێنی و شاراوەکانە کەسیش لە نهێنی و شاراوەکانی ئاگادار ناکات . )) ل ـ ٥٧٣ ـ ئاسان

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن ... پێغەمبەری خودا ( د . خ ) هەندێ شتی پێ ڕاگەیاندووین کە پەنهان بوون و لە دواییدا ڕوویان دا دەڵێین پێغەمبەری مەزن ( د .خ) فێری زانیاری هەندێ لایەنی پەنهان کرابوو. واتە خوای پاك و بەرز و بالاَ ئەو شتانەی پێ ڕاگەیاند بوو کە خۆی ویست و ئارەزووی لەسەر بوو کە پێغەمبەر دەربارەی پەنهان زانیاری ئەو لایەنانەی هەبێت و ئەوەی خودای مەزن پێی ڕاگەیاند بوو پێغەمبەر (د.خ) بە ئێمەی ڕاگەیاندووە قورئانی پیرۆز ئەوەمان پێ پیشان دەدات. خودای مەزن دەفەرموێت : ـ

((قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ))

**له ئایەتی ٥٠ سورة الانعام**

(( ئەی موحەمەد ( د . خ ) پێ یان بڵێ من پێتان ناڵێم گەنجینـەکانی خـوا لای منه هەروەها له نهێنی و شاراوەکانیش هیچ نازانم و ئاگادار نیم ))

ل ـ ١٣٣ ـ ئاسان

خودای مەزن داوا له پێغەمبەرەکەی دەکات که به هەموو خـەڵك بڵێـت کـه ئـەو هیچ له پەنهان و شاراوه نازانێت. بەڵام خودا هەندێ شتی پەنهانی پێ وتووه و پێغەمبەر ( د . خ ) به ئێمەی ڕاگەیاندووه .

## جنەکان هیچ دەربارەی غەیب نازانن

له قورئانی پیرۆزەوه زانیمان کـه خـودای مـەزن کـاتێ کـه موحەمـەدی ( د . خ ) ڕەوانه کرد وەك پێغەمبەر، ئۆمەتی موحەمـەدی پاراسـت لـەوەی کـه شەیتانەکان له ئاسماندا خۆیان مەڵاس بدەن و لەکاتی دابەزینی قورئاندا گـوێی لێ ڕابگرن. خودای مەزن ئەوەی له شەیتانەکان قەدەغەکرد. هەروەها ئەوەشـی لێ قەدەغه کردن که له ئاسماندا گـوێ بـۆ ئـەو فەرمانانـه ڕابگـرن کـه بـۆ سـەر ڕووی زەویدا دادەبەزێت بۆ ئەوەی ژیانی لەسەر ڕێك بخرێت.

بەم جـۆره شـەیتانەکان بەتـەواوەتی دابـڕان لـەوەی کـه گـوێ ڕابـدێرن یـاخود شوێنێك هەبێت له ئاسماندا خۆیانی تێدا حەشار بدەن و گوێ ڕابگـرن. لـەدوای دابەزینی قورئانی پیرۆز هیچ سیحرێك نەما تەنیا ئەوه نەبێت که دوو فریشتەکه هارت و ماروت خەڵکیان فێر کرد بوو. خودای پاك و بـاڵا ئـەم بەشـەی سـیحری هێشتەوه بۆ ئەوەی ببێت به فیتنه لەسـەر ڕووی زەویـدا. کەواتـه شـەیتانەکان هـیچ شـتێك دەربـارەی پـەنهان و نادیـار نـازانن هـەتاکو بتـوانن بـه کـاهین و

سیحربازەکانی ڕابگەیەنن. شەیتانەکان لە ڕابردووشدا پەنهانی ڕەهایان نەدەزانی و هیچ زانیارییەکیان دەربارەی نەبووە. قورئانی پیرۆز ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ. لە چیرۆکی مردنی حەزرەتی سولەیماندا ( د . خ ). با ئەم ئایەتە پیرۆزانە بخوێنینەوە کە باس لە مردنی سولەیمان ( د . خ ) دەکات .

((فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلۡجِنُّ أَن لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٱلۡغَيۡبَ مَا لَبِثُواْ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ ))

١٤ سورة السبأ

(( تەنها مۆرانە نەبێت کە گۆچانەکەی کلۆر کرد هیچ شتێك ئەوانی ئاگادار نەکرد لە مردنەکەی جا کە سولەیمان کەوت بە ڕوودا ئەوسا پەرییەکان زانیان سولەیمان دەمێکە وەفاتی کردووە. جا ئەگەر غەیبزان و نهێنی زان بوونایە ئەوە لە کار و فرمانی ناخۆش و ڕیسواکەردا بەردەوام نەدەبوون ( چونکە لە ترس دا لە کاری سەخت دا بەردەوام بوون و نەیانزانی مردووە ) ))

ل ـ ٤٢٩ ـ ئاسان

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای بێگەرد و بالا پێمان ڕادەگەیەنێت کە سولەیمان ( د . خ ) کاتێك کە وەفاتی کرد خۆی بەسەر عەساکەیدا دابوو خودای مەزن مردنی سولەیمانی بە پەنهانی هێشتەوە لە ئەجندە و ئادەمیزادەکان. واتە هیچیان نەیانزانی مردووە. جنەکان بەردەوام بوون لە جێ بە جێ کردنی ئەو فەرمانەی کە سولەیمان پێش مردنی پێی دابوون هەتاکو خودای پاك و پیرۆز فەرمانی بە مۆرانە کرد کە عەساکەی سولەیمان کلۆر بکات. تاکو دارەکە زۆر

لاوازبوو و لەوە زیاتر نەیتوانی بەرگەی قورساییەکە بگرێت ئەوسا دارەکە شکا و سولەیمان کەوتە سەر زەوی. تەنیا ئەو کات جنەکان زانیان کە سولەیمان زۆر لەمێژە مردووە. ئەم ڕووداوە بۆ ئەوە بوو کە ئادەمیزاد و جنەکان بزانن کە جن هیچ شتێك دەربارەی پەنهان نازانن.

جنەکان وایان لە خەڵك دەگەیاند کە ئەوان زانیاریان دەربارەی پەنهان هەیە و باسی هەندێ شتی درۆیان بۆ دەکردن کە نەدەهاتە جێ. هەندێ لە ئادەمیزادەکان بڕوایان پێ دەکردن و بڕوایان بەو درۆیانە دەکرد کە دەربارەی پەنهانە ە ئەو شتانەی کە جنەکان زیادیان دەکرد بۆ ڕێبازی خودا ئەمەش بەرەو کوفری دەبردن. بەم جۆرە قورئانی پیرۆز بۆمان ئاشکرا دەکات کە جنەکان هەر هەموویان بە شێوەیەکی گشتی هیچ دەربارەی پەنهان نازانن. شەیتانە یاخی بووەکان هەرچەندە هێز و توانایان زیاتریش بێت و بەرەبەرە بەرز بێتەوە زانیاریان زیاتر بێت هەرگیز ناگەنە ئەو پلەیەی کە هیچ شتێك دەربارەی پەنهان بزانن .

پێش دابەزینی قورئانی پیرۆز شەیتانەکان خۆیان لە هەندێ شوێنی دیاریکراوی ئاسمان حەشار دەدا و گوێیان ڕادەگرت. بەڵام ئەمە زانینی پەنهان نەبوو بەڵکو گوێ ڕاگرتن بوو بۆ بیستنی هەندێ شت. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێکیان نەدەزانی دەربارەی ئەو فەرمانانەی کە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دادەبەزین. پاش دابەزینی قورئانی پیرۆز لەم گوێ ڕاگرتنەش بە تەواوەتی دابڕان و لێیان قەدەغە کرا. جگە لە سیحر هیچیان بۆ نەمایەوە کە بە هۆیەوە زیانیان بەخەڵك دەگەیاند ، ئەویش دوو فریشتەکە هاروت و ماروت فێریان کردبوون.

کەواتە ئەو پڕوپاگەندەیەی کە سیحرباز و دەجال و ئەستێرەناسان[2] دەیکەن گوایە دەتوانن هەواڵی پەنهانی ڕابگەیەنن. یاخود زانیاریان دەربارەی پەنهان هەیە پڕوپاگەندەیەکی درۆیە و هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ـ

((كذب المنجمون ولو صدقوا ))

واتە ئەستێرە ناسان درۆ دەکەن ئەگەر ڕاستیشیان وتبێ یاخود ئەگەر ڕاستیش بکەن.

پێغەمبەر(د.خ) داوای لێکردووین کە بڕوا بە ئەستێرەناس و فاڵچی یەکان نەکەین و لەگەڵیان دانەنیشین.

عەلی کوڕی ئەبی طالب خودا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت : ـ

(( ان السحرة والعرافين كهان العجم . ومن جلس الى كاهن يؤمن له بما يقول فقد برىء مما أنزل على محمد (ص) ))

واتە سیحرباز و فەتاح فاڵەکان کاهینی عەجەمەکانن و هەرچی لەگەڵ کاهین دا دابنیشێت و بڕوا بەقسەکانی بکات ئەوا بێ بەشە (بەری یە) لەوەی خودا بۆ موحەمەدی (د.خ) ناردۆتە خوارەوە .

شەیتان و جنەکان لەوانەیە پەنهانی ڕێژەیی بزانن بە حوکمی سوکی جولە و خێرایی چونیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. وەك ئامارژەمان پێ کرد پەنهانی ڕێژەیی ئەوەیە کە من نایزانم بەڵام کەسانی تر دەیزانن. بەڵام جن و شەیتانەکان بە هیچ شێوەیەك هیچ لە پەنهانی ڕەها نازانن و زانیاریان دەربارەی نیە.

---

[2] ئەستێرەناس لێرەدا مەبەست لەو فاڵچی یانەیە کە بەناوی ئەستێرەو زانینی ئەستێرەی هەموو کەس فێڵ لە خەڵك دەکەن . نەك ئەوانەی لە زانستی ئەستێرەناسی کاردەکەن .

دەجال و فالچی یەکان ئەوانەن کە هەوڵ دەدەن خەڵکی هەڵخەڵەتێنن و وایان تێ بگەیەنن کە زانیاریان دەربارەی ڕەها هەیە. ئەمەش بۆ ئەوەیە بەم فێڵە موڵك و ماڵیان لێ بە فیڕۆ بدەن. ئەمەش لە بنچینەدا دەست پانکردنەوەیە بۆ پەیدا کردنی رزق. ئەگەر ئادەمیزاد شوێن دەجالەکان کەوت و باوەڕی پێ کردن ئەوا شەیتانەکان یەك دەیداتە دەست ئەوی تر هەتاکو کوفر دەکات و بە جارێك گومڕا دەبێت.

## پەنا بردنەبەر شەیتانەکان ڕێگای کوفرە

هەندێك لە دەجالەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پشت بە جنەکان دەبەستن لە ڕێگەی نوشتەو کشتەکەوە.دیارە پشت بەستن بە شەیتانەکان کە لە جنە یاخی بووەکانن کە کافرن و دژی ڕێبازی خودان.

دەڵێین ئەم نوشتەو کشتەکانە دەبێ وشەی کوفریان تێدا بێت تاکو شەیتانەکان پشتگیری و کۆمەکی سیحرباز و فالچی یەکان بکەن. ئەم بانگەشە و پڕوپاگەندەی فالچی و دەجالەکانە. پێویست ناکات گفتوگۆی لەسەر بکەین چونکە هەموو دەجال و فالچی یەکان ئەم قسانە دەکەن و زۆربەشیان درۆزنن.

لەوانەیە یەکێ بێت و پرسیار بکات دەربارەی ئەو سیحرانەی کە لە وڵاتی هیند و هەندێ شوێنی تر ئەنجام دەدرێت وەك ئەوەی کە منداڵێك دێنن و لەبەر چاوی خەڵك سەری دەبڕن ... دوایی چاك دەبێتەوە.

دەڵێین ئەم سیحرە لە جۆری خەیاڵییە کە لە قورئانی پیرۆزدا بۆمان باس کراوە. هەروەك چۆن سیحربازەکان وایان لە خەڵکەکە کرد کە دار و گوریسەکان لەبەرچاویاندا ببێت بە مار و بجولێت و لەسەر زەوی دا بڕوات بەهەمان شێوە ئەوانەی ئەم کارانەش دەکەن جادوو لە چاوی خەڵکەکە دەکەن

دەیان ترسێنن و وایان لێ دەکەن ئەوە ببینن کە سیحربازەکە دەیەوێت دوور لە حەقیقەت و وا لەبەر چاویان پیشانی دەدات وەکو ڕاستی بێت. خودای پـیرۆز و بەرز و بالاّ ئەو نهێنیەی سیحربازەکانی فیرعـەونی پـێ ڕاگەیانـدوین کـە ئـەوەی خەڵکەکە دەیانبینی حەقیقەت نەبوو و دوور بوو لە واقیع .

تا ئێرە گەیشتینە ئەوەی کە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی وا چاکە فێـری سـیحر نـەبن چـونکە خـودای هـەق و بـالاّ دەفـەرموێت ((ویتعلمـون مـا یـضرهم ولا ینفعهم)) واتە شتێ فێر دەبن کە زیانیان پێ دەگەیەنێت و هیچ سوودێکی نیـە بۆیان. هەریەکێك خەریکی سیحر بێت یـاخود خـەڵکی فێـری سـیحر بکـات یـان فێری ببێت ئەوا کۆتاییـەکی زۆر خراپـی دەبێـت و ڕزق و ڕۆزی کـەم دەبێـت و تووشی خراپە و خراپەکاری دەبێت.

سیحر هیچ جۆرە سوودو سەرفرازییەك بەدەست ناهێنێت بەڵکو بە پێچەوانەوە. شەیتانەکان و سیحربازەکان و کاهینەکان هیچ زانیارینەکیان دەربارەی پـەنهان نیە و هەرچییەك بڵێن دەربـارەی زانـست و زانیاریـان بـۆ پـەنهان ڕاسـت نیـە و درۆیە.

پێویستە لەم کتێبە دا ڕووبەڕووی ئـەو باسـە ببینـەوە کـە زۆربـەی زاناکـان لـە ڕووبەڕووبوونەوەیدا خەجاڵەتن بۆیە پـشت گـوێی دەخـەن. ئـەویش باسـی ئـەو جولەکەیەیە کە جادووی لە پێغەمبەر (د.خ) کرد. گەلێ قسە و باس لەسەر ئـەم بابەتە کراوە. ئێمە دەڵێین ئەوەی کە ڕوویدا شایەتییەك بوو بۆ پێغەمبـەر (د.خ) نەك شایەتی بێت لەسەری و ئەگەر ئەو شتەی کە ڕوویدا بـە وردی وەریبگـرین و ئەو شتانەی کە بەسەر پێغەمبەرانی پێشوودا ڕوویـداوە. ئـەوا باسـەکە زیـاتر ڕوون دەبێتەوە و کاریگەریەکەشی ئەوەندە نابێت کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت .

## بەشی پێنجەم

# پێغەمبەر و سیحر

ئەگەر ویستمان باسی پیغەمبەر ( د . خ ) و سیحر بکەین ئەوە پێش ئەوەی دەست بەم باسە بکەین دەبێ بڵێین کە پێغەمبەرانی خودا گشتیان مرۆڤن ، کە مرۆڤیش بن ئەوا یاساکانی مرۆڤیان بەسەردا دەسەپێت. بۆیە خودای پاك و بەرز و بالاّ کاتێك دەیەوێت دەستە وەستان و بێ توانایی دروست کراوەکانی لە بەرامبەر هێز و توانای خۆیدا دەربخات ئەوا ئەو هێزانە دەخاتە وێزەی پێغەمبەران و وای پیشان دەدات کە بەسەریاندا زالّ بوون بەلاّم لەدواییدا دەستە وەستان دەوەستن و بەسەر پێغەمبەراندا زالّ نابن چونکە خودا پشت و پەنای پێغەمبەرانە. بۆ نموونە :ـ کاتێ کە میللەتەکەی ئیبراهیم ( د . خ ) بڕیاریاندا بیخەنە ناو ئاگر و بیسوتێنن ئەمە هەولێك بوو بۆ سووتاندنی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی خودا.

دیارە گەلێك رێگە هەبوو بۆ ئەوەی ئیبراهیم ( د . خ ) لە سووتان رزگار بکرێت.یەکەمیان ئەوەبوو خودا لەبەرچاوی کافرەکان حەشاریبدا و نەیبینن. یاخود وەحی پێ ببەخشێ و جێگەیەکی بێ ترسی پێ پیشان بدات. کە دەستیان نەیگاتێ بەڵکو هەر خەیاڵیشیان بۆی نەچێت یاخود کاتێ کافرەکان دەیهێنن بیسووتێنن ئەوە بارانێك دای بکردایەو ئاگرەکەی بکوژاندایەوە. ئەوسا ئیبراهیم ( د . خ ) رزگاری دەبوو. بەلاّم خودای پاك و بەرز و بالاّ وای کرد کە کافرەکان ئیبراهیم بدۆزنەوە و بیگرن و بیخەنە ناو ئاگرەکەوە. خودای مەزن وای کرد ئاگرەکە بەردەوام بێت و زیاتر مەشخەڵی بەرز بێتەوە. بارانیش بەسەریدا نەبارێت بۆ ئەوەی بیکوژێنێتەوە. ئینجا موعجیزەکە ڕوویدا خودای هەق و پیرۆز و بالاّ فەرموی : ـ

((قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ))

**٦٩ سورة الأنبياء**

(( ( خودای گەورە دەفەرموێت : ـ ) ئێمەش فەرمانمان دەرکرد و وتمان ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم ( هەرچەندە ئاگر سووتێنەرە بەلاّم بە فەرمانی خوا توانای سووتاندنی نەما و ئەگەر پەروەردگار فەرمانی بە سەلامەتی نەدایە حەزرەتی ئیبراهیم لەناو ئاگرەکە سەرمای دەبوو ) ))

ل ـ ٣٢٧ ـ ئاسان

ئەم ڕووداوە ڕوویدا بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بزانن کە کافرەکان ئیبراهیمیان خستە ناو ئاگرەوە و ئاگر نەیسووتاند. لەبەرئەوەی ئیبراهیم مرۆڤە بۆیە ملکەچە بۆ یاساکانی مرۆڤ. بە پێی ئەو یاسایەش ئەو کە خرایە ناو ئاگرەوە دەبوایە بسووتابوایە. ئەگەر ئیبراهیم ( د . خ ) فریشتە بوایە ئەوە دەبوو ئاگر نەیسووتێنێت. فریشتەکان سەرپەرشتی دۆزەخ دەکەن.

خودای هەق و پاك و بالاّ دەفەرموێت : ـ

((لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ ﴿٢٩﴾ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً))

**٢٩ ، ٣٠ ، وجزء من الآيه ٣١ سورة المدثر**

( پێستیان هەڵدەقرچێنێت و ڕەش دەکات و دەری دەخات. نۆزدە فریشتە سەرپەرشتی دۆزەخ دەکەن. جا ئێمە وە نەبێت کارگوزەرانی دۆزەخمان لە کەسانی تر جگە لە فریشتە بەدی هێنابێت ))

ل ـ ٥٧٦ ـ ئاسان

بەم جۆرە دەزانین کە فریشتەکان بە ئاگر ناسووتێن. بۆیە ئەگەر ئیبراهیم ( د.خ ) فریشتە بوایە ئەوا هیچ موعجیزەیەك لە ئارادا نەدەبوو کە بخرێتە ناو ئاگرو نەسووتێت.

هەروەها موسا ( د . خ ) کە پێغەمبەر و کەلیمی خودا بوو. خودا ویستی لەگەڵ سیحربازەکاندا بیخاتە تاقیکردنەوە بۆیە فێری کرد و ڕای هێنا لەسەر ئەوەی کە ڕوودەدات. خودای پاك و بەرز و باڵا لەسەر موعجیزە و سیحر ڕای هێنا و فێری کرد.

موعجیزەکە ئەوەیە کە عەساکەی دەگۆڕێت بۆ مارێکی ڕاستەقینە واتە سروشتەکەی دەگۆڕێت لە دارەوە بۆ مار.

کە خودای هەق و پاك و باڵا داوای لێکرد عەساکەی هەڵدات:

((قَالَ أَلْقِهَا يَـٰمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ ))

**١٩ ، ٢٠ سورة طه**

(( خوا فەرمووی : دەفرێی بدە ئەی موس . جا هەر کە فڕێیدا یەکسەر بوو بە مارێکی زیندوو بە خێرایی دەجولایەوە ))

**لـ - ٣١٣ - ئاسان**

ئەمە ڕاهێنانێك بوو لەسەر موعجیزە. چونکە لە موعجیزەدا موسا کاتێك کە دارەکەی فڕێ دەدا لەبەرچاوی سیحربازەکاندا دەگۆڕا بۆ مارێکی ڕاستەقینە. خودای پاك و بەرز و باڵا ویستی لەپڕ ئەمە لەپێش چاوی موسادا ڕوونەدات و بترسێت. بۆیە ڕای هێنا لەسەر ئەوەی کە ڕوودەدات ئینجا لەدوای ئەوە خودای هەق و پاك و باڵا لەسەر ئەو سیحرە ڕای هێنا کە لەلایەن سیحربازەکانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. خودای مەزن دەفەرموێت : -

((وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا))

**لە ئایەتی ٣١ سورة القصص**

(( ئینجا فەرموی عەساکەشت فڕێ بدە ( کاتێك فڕێیدا موسا ) بینی

(( زۆر بەخێرایی دەجولێتەوە وەکو توولە مار هەڵهات و ئاوڕی نەدایەوە))

ل ـ ٣٨٩ ـ ئاسان

پێویستە سەرنج بدەینە فەرمودەی خودای هەق و پاك و بالاّ ( كأنها جان ) واتە عەساکە نەدەگۆڕا بۆ مار بەلاّم لەبەرچاوی موسا ( د . خ ) وا دەردەکەوت. ئەمەش ئەو ڕاهێنانە بوو لەسەر سیحری سیحربازەکان. ئەوانەی وایان دەکرد کە گوریس و دارەکانیان وەکو مار لەبەرچاوی موسا ( د . خ ) دەربکەوێت.

## موسا و سیحر

خودای پاك و بەرز و بالاّ بەشێوەیەکی پراکتیکی موسای ڕاهێنا لەسەر هەموو شتێك کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. پێش ئەوەی لەگەڵ سیحربازەکاندا بە یەك بگات. جا ئەگەر موعجیزە بێت کاتێ کە دارەکەی دەگۆڕێت بۆ مارێکی ڕاستەقینە یاخود ئەو سیحرەی کە توشی دێت لە بە یەك گەیشتنی لەگەڵ سیحربازەکانی فیرعەوندا.

بەلاّم چی ڕوویدا کاتێ کە موسا (د.خ) ڕووبەڕووی سیحربازەکانی فیرعەون بووەوە؟

خودای هەق و پاك و بالاّ دەفەرموێت: ـ

((قَالَ بَلْ أَلْقُواْ فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَىٰ))

٦٦ سورة طه

((موسا وتی : نەخێر ئێوە لە پێشدا دەست پێ بکەن. جا هەر کە دەستیان پێکرد پەت و گوریس و دار و چێوەکانیان وا دەهێنرایە بەرچاوی بەهۆی جادوویانەوە بێگومان وەك مار بە خێرایی دەڕوات ))

ل ـ ٣١٦ ـ ئاسان

پێویستە لێرەدا سەرنج بدەینە فەرموودەی خودای هەق و پاك و بالا (( یخیل الیه )) واتە موسا وای بە خەیاڵدا دەهات کە ئەو پەت و گوریس و دارانەی کە سیحربازەکانی فیرعەون فڕێیاندا گۆڕان و بوون بە مار.

واتە سیحربازەکان جادوویان لە چاوی موسا کرد هەتا پەت و گوریس و دارەکانیان لە سەر شێوەی مار ببینێ و وەکو حەقیقەتی خۆیان نەیانبینێت کە پەت و گوریس و دارن. خودای هەق و پاك و بالا لەم فەرموودەیە ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوەو دەفەرموێت:

((فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ))

٦٧ ـ سورة طه

(( ئەوسا موسا هەستی کرد بە ترسێك لە دڵ و دەروونیدا))

ل ـ ٣١٦ ـ ئاسان

واتە موسا هەستی بە ترس کرد. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چاوەکانی جادوویان لێکرابوو. ئەگەر دار و گوریسەکانی سیحربازەکانی فیرعەونی لەسەر حەقیقەتی خۆی بدیتبایە ئەوا هەستی بە ترس نەدەکرد. بۆچی هەست بە ترس بکات کاتێ کە دار و پەت و گوریس لەبەردەم خۆیدا ببینێ کە وەکو خۆیان مابوونەوە و سروشتیان نەگۆڕا بوو. کەواتە دەبێ موسا لەسەر ئەو شێوەیەی ببینێ کە سیحربازەکانی فیرعەون دەیانویست ئەمەش ڕوونادات کە موسا (د.خ) مەزەندەی ئەوە بکات کە دار و پەت و گوریسەکان

بوون به مار مەگەر لەو کاتەدا نەبێت کە سیحربازەکانی فیرعەون جادوویـان لـە چاوەکانی موسا کردبێت. بەڵام چونکە پێغەمبەری خودایە، خودای پاك و بـەرز و باڵا وای کرد کە ئارام بگرێت و نەترسێت و خۆڕاگر بێت.

خودای گەورە دەفەرموێت: ـ

((قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ۝ وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ۖ إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ)) ٦٨، ٦٩ سورة طه

(( (ئێمەش نیگامان بۆ کرد) وتمان مەترسە و دڵنیابە چونکە بە ڕاستی هەر تـۆ بەرز و سەرکەوتوویت. ئەوەش لە دەستی ڕاستتدایە (واتە عەساکەت) فڕێ بدە هەرچی ئەوانەی کردویانە تەنها فێڵ و تەڵەکەی جادووکـەرە. جادووگـەریش بـۆ هەر کوێ بچێت و هەچی بکات سەرکەوتوو نابێت .))

ل ـ ٣١٦ ـ ئاسان

کەواتە خودای پاك و بەرز و باڵا کاتێ کە سیجربازەکان جادوویان لە چاوەکانی موسـا کـرد ڕای گـرت و جـێگیری کـرد و داوای لێکـرد نەترسـێت و عەسـاکەی هەڵبدات بۆ ئەوەی موعجیزەکە ڕووبدات.

ئەمەش ڕوویدا لەگەڵ ئەوەشدا کە خـودای هـەق و بـەرز و بـاڵا موسـای لەسـەر هـەموو شـتێك ڕا هێنـا بـوو کـە لەگـەڵ سـیحربازەکاندا ڕوویـان دەدا. جـا ئـەو موعجیزەیە بێت کە بەڕاستی عەساکە دەگۆڕا بۆ مار یاخود ئـەو خەیاڵـەی کـە تووشی دەهات دیارە ئەمەش عەیب نیە ... چونکە موسا مرۆڤێکـە و بـووە بـە

پێغەمبەر و یاساكانی مرۆڤی بەسەردا دەسەپێت بەڵام لە لایەن خودای پاك و بەرز و باڵا وە پشتگیری لێكراوە.

## ئەو سیحرەی كە لە پێغەمبەر ( د . خ ) كرا

دێینە سەر باسی ئەو سیحرەی كە لە پێغەمبەر ( د . خ ) كرا بوخاری لە ( صحیح ) ی دا ١٠ / ١٩٢ وە موسلم لە ( صحیح ) ی دا ٤ / ١٧١٩ لە عائیشە دەیگێڕنەوە خودا لێی ڕازی بێت:

(( قالت : سحر رسول الله صلى الله عليه وسلم يهودى من يهود بنى زريق.. يقال له لبيد بن الأعصم ... قالت : حتى كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يخيل اليه أنه يفعل الشىء وما يفعله .. حتى اذا كان ذات يوم ـ أو ذات ليله ـ دعا رسول الله صلى الله عليه وسلم .. ثم دعا .. ثم دعا .. ثم قال يا عائشه ... أشعرت أن الله أفتانى فيما استفتيته فيه : جاءنى رجلان .. فقعد أحدهما عند رأ سى والآخر عند رجلى . فقال الذي عند رأسى للذي عند رجلى أو الذى عند رجلى للذى عند رأسى : ما وجع الرجل ؟ قال مطبوب .. آى مسحور . قال من طبه ؟ قال : لبيد بن الأعصم . قال : في أى شئ ؟ قال : في مشط و مشاطةِ . وجف طلعة ذكر قال: فأين هو ؟ قال في بئر ذى أروان .. قالت فأتاها رسول الله صلى الله عليه وسلم في أناس من اصحابه ثم قال : يا عائشة .. والله لكان ماءها نقاعة الحناء .. ولكأن نخلها رءوس الشياطين : قالت فقلت يا رسول الله أفلا احرقته قال : لا .. أما أنا فقد عافانى الله وكرهت أن أثير على الناس شراً فأمرت بها فدفنت ))

عائیشە خودای لێ ڕازی بێت : بۆمان دەگێڕێتەوە كە یەكێك لە جولەكەكانی ( بنی زریق ) كە ناوی ( لبید بن الأعصم ) بوو سیحری لە پێغەمبەر ( د . خ )

کردبوو بە جۆرێك کە پێغەمبەر (د . خ ) وای خەیاڵ دەکرد کە کارێك دەکات لە ڕاستیشدا نەیدەکرد یان نەیکردبوو. هەتاکو ڕۆژێك یاخود شەوێك پێغەمبەر (د . خ ) دوعای کرد ئینجا دوعای کرد ئینجا فەرمووی : ئەی عائیشە هەستم کرد کە خودا ئەو فتوایەی پێدام کە بەخەڵکم وتووە. دوو پیاو هاتنە لام یەکیان لەلای سەرم دانیشت و ئەوی تریشیان لەلای قاچم دانیشت. ئەوەی لەلای سەرم دانیشتبوو بە ئەوەی لای قاچمی ووت یان ئەوەی لەلای قاچم دانیشتبوو بە ئەوەی لای سەرمی ووت. چی ئەم پیاوەی نەخۆش خستووە؟ یاخود نەخۆشی ئەم پیاوە چی یە؟

ووتی : سیحری لێکراوە. ووتی کێ سیحری لێکردووە؟ ووتی ( لبید بن الأعصم ). ووتی بە چی؟ ووتی بە شانەیەك و هەندێ پرچ و کۆپکەی نێرەی دار خورما کە ووشك کراوەتەوە. ووتی باشە لەکوێ یە ؟ ووتی لە بیری ( ذی أروان ) ە عائیشە ووتی ( پێغەمبەر لەگەڵ چەند کەس لە یارانی چوونە سەر ئەو بیرە: دوایی بۆی گێڕامەوە فەرمووی:ـ سوێند بە خودا ئاوەکە وەکو ئاوی خەنە بوو دارخورماکانیش لقەکانیان وەکو سەری شەیتانەکان بوو.

ئینجا عائیشە دەفەرموێت: ـ ووتم ئەی پێغەمبەری خودا باشە نەت سووتاند؟ فەرمووی نەخێر ... من خودا چاکی کردمەوە و پێم ناخۆش بوو کە خراپە و شەڕ بەسەر خەڵکی دا بووروژێنم بۆیە فەرمانم دا کە بیخەنە ژێر گڵەوە.

تاکو ئێرە ئەو باسەی کە لە ( صحیح ) ی ( مسلم و بخاری ) دا هاتووە کە بەسەر پێغەمبەر (د . خ ) ڕوویداوە کۆتایی دێت . ئەم باسە بوە مایەی گفتوگۆ و وتووێژێکی گەورە لە نێوان زانایاندا.

ئەوان ناتوانن بەسەر موحومەد (د.خ) دا زاڵ بىن. جا ئەگەر بە ئاشكرا دوژمنايەتى بكەن ياخود بەشێوەى نهێنى بۆ كوشتنى پيلان بگێڕن ياخود پەنا بەرنەبەر ڕەگەزێكى تر كە جنۆكەيە.چونكە خوداى پاك و بەرز و بالاّ ڕەوانەى كردووە . هەرچييەك ڕوويدات بۆى ئاشكرا دەكات و فڕ و فێڵى پيلان گێڕان بەتاڵ دەكات جا ئەگەر ئادەميزاد بن يان جنۆكە.

## تاوانباركردن نيە .... بەڵكو تەحەددايە

كەواتە ئەگەر موحەمەد ( د . خ ) جولەكەكان سيحريشيان لێكرد بێت ئەمە بە تاوانێك دانانرێت لە دژى ئەو بەڵكو تەحەددليەكە بۆ ئادەميزاد و جنۆكە كە بە هەموو تواناياناەوە چيان پێدەكرێت لە دژى پێغەمبەر ( د . خ ) با بيكەن خوداى بەرز و بالاّ بەسەرياندا سەرى دەخات.

خوداى پاك و بەرز و بالاّ جنۆكەى خستۆتە ناو خانەى تەحەددلوە بەرامبەر بە قورئان و ڕێبازى ئيسلاميش. ئەمە دەبووايە ببێت بۆ ئەوەى ڕاستى ئەم ئايەتە پيرۆزانە دەركەوێت كە تەحەددای ئادەميزاد و جن دەكەن. دەبووايە تەحەددايەكى حەقيقى بۆ هێزى جنۆكە بكرێت. كە هەوڵياندا بەسەر پێغەمبەردا زاڵ بىن بەلاّم سەرنەكەوتن و نوشستيان هێنا. دەبێ ئەمەش شتێكى ڕوون و ئاشكرا بێت نەك تەنيا بۆ جنۆكەكان بەڵكو بۆ جنۆكە و ئادەميزاد چونكە پێغەمبەر (د.خ) بۆ هەردووﻻ نێردراوە ئادەميزاد و جنۆكە. دەبێ ئەوە بزانن كە فڕ و فێڵى ئادەميزاد و جنۆكە ئەگەر هاوكارى و كۆمەكى يەكتريش بكەن ئەوا ناتوانن هيچ لە پێغەمبەر ( د . خ ) بكەن.

ئەگەر ئەو سيحرەى كە لە پێغەمبەر ( د . خ ) كرا بە شێوەيەكى نهێنى ڕوويبدايە و بە ئاشكرايى نەبايە بەو جۆرەى كە خەڵك پێى زانى ئەوسا

دەیانووت قورئان تەحەددای ئادەمیزاد و جنۆکەی کرد. ئادەمیزاد چوونە ناو تەحەدداکە و نوشستیان هێنا. بەڵام جنۆکە نەچوونە ناو تەحەدداکەوە لەوانەیە ئەگەر بچوونایە ناو تەحەدداکەوە سەربکەوتنایە. بۆیە خودای هەق و پاك و باڵا ویستی بۆیان بسەلمێنێت ئەگەر جنۆکەش بچوونایەتە ناو تەحەدداکەوە ئەوە سەرنەدەکەوتن و نوشستیان دەهێنا.

## موعجیزەی کۆچکردن

دەبێ سەرنج بدەینە ئەوەی کە ئادەمیزاد و جنۆکە چەند جارێك پیلانیان دژی پێغەمبەر ( د . خ) گێرا. پیلانی کوشتنی پێغەمبەر ( د . خ ) لە شەوی کۆچکردندا لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری لەسەر درا. ئادەمیزاد و جنۆکە بەشداریان تیا کرد و شەیتانەکان کۆبوونەوەکەیان بەڕێوە دەبرد. خودای پاك و بەرز و باڵا ویستی تەحەددای هەموو ئەو شتانە بکات کە بە شێوەیەکی نهێنی بۆ پێغەمبەریان ئامادە کردبوو.

شێوازەکە دەبووایە بەجۆرێك بێت کە توانای خودای مەزنی تێدا دەرکەوێت. ئەو توانایەی کە پێغەمبەر ( د . خ ) دەپارێزێت و نایەڵێت چی بەسەربێت. خودای هەق و بەرز و باڵا نەیویست پێغەمبەر ( د . خ ) لە شوێنێکی ئەمین بشارێتەوە کە دەستی کافرەکانی نەگاتێ. بۆیە لە ماڵەکەی خۆی هێشتیەوە و کافرەکانیش زانیان کەوا لە ماڵەوەیە. هەروەها خودای پاك وبێگەرد و باڵا نەشیویست وا بکات پێغەمبەر ( د . خ ) لە ماڵەکەی دەربچێت پێش ئەوەی پیاوە توند و تیژەکان بگەنە بەردەم ماڵەکەی. ئەو پیاوانەی کە بۆ جێ بە جێ کردنی پیلانی کوشتنی پێغەمبەر ( د . خ ) هەڵبژێردرابوون گەیشتنە بەردەم ماڵی پێغەمبەر ( د . خ ) و دەوری ماڵەکەیاندا. ئەو کاتە پێغەمبەر ( د . خ ) لە

ماڵەوە بوو. بەم شێوەیە پیلانەکە هەموو بنەماکانی تەواو بوو. پێغەمبەر ( د.خ ) لە ماڵی خۆی خەوتبوو. دوژمنەکانیش دەوری ماڵەکەیان دابوو. ئینجا چی ڕوویدا .

کاتێ کە پێغەمبەر ( د . خ ) لە ماڵەکەی خۆی هاتە دەرەوە خودای مەزن بینایی لە چاوی ئەو پیاوانە سەندەوە کە هاتبوون بۆ کوشتنی پێغەمبەر (د.خ ) و خەوی بەسەریاندا باراند پێغەمبەر ( د . خ ) چنگێ خۆڵی گرت و بە دەم و چاوی داکردن و فەرمووی واقیان وڕ بمێنێ ئەوسا کەسیان لە جێگای خۆیان نەجوولانەوە و هەستیان نەکرد کە پێغەمبەر وا بە نێوانیاندا تێدەپەڕێت و بەرەو ئەشکەوت کەوتە ڕێ.

ئەمە موعجیزەی خودا بوو کە تەحەددایەکی ڕاستەوخۆی کافرەکان بوو ئەگەر پێغەمبەر ( د . خ ) لە شوێنێکدا وون ببایە و نەیان زانیبایە ئەوسا دەیانووت ئەگەر بماندیتبایە دەمانکوشت. ئەگەر پێغەمبەر لە ماڵەکەی خۆی دەربچووبایە پێش ئەوەی کافرەکان بگەنە ئەوێ ئەوسا دەیانووت ئەگەر بیگەیشتباینێ دەمانکوشت.

بەڵێ دەیانزانی شوێنەکەی کوێ یەو لەناو جێگەی خۆی خەوتووە بەڵام نەیانتوانی بیکوژن و پێغەمبەر ( د . خ ) بە ساغ و سەلامەتی دەرچوو چونکە خودای مەزن پشت و پەنای بوو.

## سیحر هەروەها موعجیزە

چیرۆکی ئەو سیحرەی کە جوولەکەکە لە پێغەمبەری کرد ئەگەر لەوەدا کافرەکان پشتیان بە سیحر و بە جنۆکە نەبەستبایە ئەوسا دەیانووت ئەگەر پەنامان بۆ سیحر ببردایە ئەوا بەسەریدا زاڵ دەبووین.

ئەگەر خودای هەق و بەرز و بالاّ پێش ئەوەی سیحرەکە ڕوویدات پووچەڵی بکردبایەوە ئەوا دەیانووت ئەگەر سیحرەکە پووچەڵ نەکرابایەوە ئەوا کارێکی ترمان لەگەڵیدا دەبوو. بەلاّم خودای هەق و پاك و بالاّ ویستی کە پشت بە سیحر و جنۆکە ببەستن و جادوو لە چاوەکانی پێغەمبەر ( د . خ ) دا بکەن هەروەك چۆن جادوویان لە چاوەکانی موسا کرد. ئینجا دوای ئەوەی سیحرەکە ئەنجام درا خودای مەزن شوێنی سیحرەکەی بە پێغەمبەر ( د . خ ) ووت بۆ ئەوەی سیحرەکە پووچەڵ بکاتەوە و ناوی ئەو کەسەشی پێووت کە سیحری لێکردووە بۆ ئەوەی موسوڵمانان هەموویان پێی بزانن.

ئەو شتەی کرا دژی پێغەمبەر نیە بەڵکو لە سوودی پێغەمبەر (د.خ) دا بوو. ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە جنۆکەش چوونە ناو تەحەدداکەوە لە دژی پێغەمبەر ( د . خ ) بەلاّم خودای مەزن پێغەمبەری بەسەر کافرەکاندا سەرخست.

ئەو سیحرەی کە لە پێغەمبەری پیرۆزمان کرا لە هەمان جۆری ئەو سیحرە بوو کە لە موسا کرا. ئەویش سیحری خەیاڵ کردن بوو. ئەو سیحرەی کە تەنیا کاریگەری لەسەر چاوەکان هەیە و کاریگەری لەسەر عەقڵ و دڵ و ئەندامەکانی تری لەشدا نیە واتە خەیاڵ کردنەکە تەنیا لەسەر چاوە.

خوازیارین کە بیرۆکەی خۆمان ڕوون کردبێتەوە دەربارەی چیرۆکی ئەو جادووەی کە لە پێغەمبەر ( د . خ ) کرابوو.

خودای پاك و بێگەرد و بالاّ دەفەرموێت: ـ

((وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ))

**لە ئایەتی ١٠٢ سورة البقرة**

(( هەرچەندە ئەم جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بەكەس بگەیەنن مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت ))

ل ـ ١٦ ـ ئاسان

بەم جۆرە دەبینین كە خودای هەق و پاك و بالاّ بەرامبەر بەندەكانی خۆی زۆر میهرەبان بووە. هەرچەندە خودای مەزن ئەو توانایەی داوەتە هەندێ دروست كراوی خۆی كە بتوانن پشت بە شەیتانەكان ببەستن بۆ ئازاردانی كەسانی تر. بەلاّم خودای مەزن مۆڵەتی ئەم زیان گەیاندنەی بۆ خۆی هەلگرتووە. ئەگەر ویستی لەسەر نەبێت ئەوا ناتوانن زیان بە كەس بگەیەنن. خودای مەزن داوای لێكردووین كە خۆمان بە خودای گەورە پەنا بدەین لە سیحر. هەروەها ئەو ئایەتەی كە دوعا و پاڕانەوەیە بۆ خۆپاراستن لە سیحر و حەسوودی.

## دووعای خۆ پاراستن لە سیحرو حەسوودی

ئەی خودای مەزن ، ئەی ئەو خوایەی كە توانای سیحر و خراپە و خراپەكاریت بە هەندێ لە دروست كراوەكانی خۆت داوە بەلاّم مۆڵەتی زیانی ئەم خراپانەت بۆ خۆت پاراستووە.

خۆمان پەنا دەدەین بەوەی كە بۆ خۆت پاراستووە. لە شەڕ و خراپەی ئەو كەسانەی كە ئەو توانایەیان هەیە. تو حەقی ئەم فەرمودەیەت ( وما هم بضارین به من أحد الا باذن الله ) لە شەڕ و خراپەی ئەو كەسانە بمانپارێزە.

لەوانەیە هەندێ كەس بپرسن ... چۆن دەبێ سیحر هیچی پێ نەكرێت و نوشستی بێنێت؟

دەڵێین ئەمە لە ژیانی ماددیماندا ڕوودەدات. گریمان مرۆڤێك دەیەوێت من بكوژێت. خودای مەزن ئەو توانایەی پێداوە كە ئەو چەكە بكڕێت بۆ ئەوەی

منی پێ بکوژێت یاخود پەیدای کردووە، توانای ئەوەشی هەیە کە فێری ببێت و بەکاری بێنێت. خودا ئەوەشی بۆ ڕەخساندووە کە لە شوێنێکی چۆڵ تووشم ببێت و کەس دیار نەبێت. کەواتە خودا هەموو هۆکارەکانی بۆ ڕەخساندووە. بەلأم ئایا خودای مەزن کە ئەم هۆکارانەی بەو کەسە داوە ئەو توانایەی هەیە کە من بکوژێت؟ دەڵێین نەخێر ...

چونکە لەوانەیە لەکاتی تەقەکردندا دەستی بلەرزێت و گوللەکە بەرم نەکەوێت. یان خودا وادەکات کە من بەرەو لای ڕاست یان چەپ خۆم لار بکەمەوە و گوللەکە بەرم نەکەوێت و بەرەو لایەکی تر بڕوات. یاخود لەپڕ خۆم دەچەمێنمەوە یاخود باز دەدەم یاخود لەو کاتەدا سەگێك دەوەڕێت و دەنگێکی ترسناك پەیدا دەبێت و ترسێك دەچێتە دڵی ئەو و دڵی من هیچ شتێك ڕوونادات.

دیارە لە ژیانماندا گەلێ نموونەی تر هەیە.

ئایا نەمان بیستووە پیاوێك بچێت کەسێك بکوژێت کەچی لە تاریکیدا هەڵەی کردووە و یەکێکی تری کوشتووە. یاخود یەکێك ویستوویەتی لە کەسێك بدات لەپڕ کەسێکی تر پەیدا دەبێت و دێتە ناو باسەکەوە و شەڕ لە نێوان کەسی یەکەم و ئەو کەسەی کە تازە هاتووە ڕوو دەدات و ئەو کابرایەی کە مەبەست بووە لێی بدرێت هیچی پێ ناکەوێت.

بۆیە پێویستە بیر لەوە بکەینەوە ئەگەر هەموو هۆکارەکانیش ئامادەبوون ئەوا مانای ئەوە نیە کە ڕووداوەکە ڕوو دەدات چونکە لەسەرووی هەموو هۆکارێکەوە ویستی خودای گەورە هەیە. تەنیا ویستی ئەوە کە وادەکات ڕووداوەکە ڕووبدات یان نا. با هەموو هۆکارەکانیش تەواو بێت ئەگەر خودا ئارەزووی لەسەر نەبێت هیچ ڕوونادات لەوانەیە کەشتیەك لەناو دەریادا

بکەوێتە ژێر ئاو. هەموو هۆکارەکان تەواو بن بۆ ئەوەی هەموو سەر نشینەکانی بخنکـێن: بـەڵام خـودای هـەق ویـستی لەسـەر بێـت کەسـێك یـان دوان لەسەرنشینەکان خۆیان بخەنە سەر بەرمیلێکی سەرئاوکەوتوو یـەرەو کـەناریان ببات و ڕزگاریان ببێت.

لەوانەیە ماڵێك بڕمێت و هەموو ئەوانەی کە لەو ماڵەن بکەونـە ژێـر دار و بـەردی ماڵەکە و بمرن بەڵام دارێك ژیانی پیاوێك بپارێزێت کە لەژێریا خەوتووە. دارەکە نەیەڵێت دار و بەردی خانووەکە بەسەر پیاوەکەدا بکـەوێت و بـی پلیـشێنێتەوە لەهەمان کاتدا هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی هەوای بگاتێ و نەخنکێت.

لەوانەیە ماڵێك بەسەر جێنشینەکانیدا بڕمێت

پیاوانی فریاکەوتن بگەنێ و هەندێکیان بە مردوویی و هەندێکیان بـە زینـدوویی دەربێنن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموویان لەو ماڵەدا دەژیـان و ڕووبـەڕووی هـەمان بارودۆخ بوونەتەوە.

هەزارەها نموونەی لەم بابەتەمان هەیە کە تەئکید لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە لەگەڵ تەواوبوونی هۆکارەکانیشدا تەنیا مۆڵەتی خودای مەزن کارایە . هەروەها لەگەڵ نـەبوونی هۆکارەکانیـشدا هـەر مۆڵـەتی خـودای گـەورە کارایـە و بـە بـیٚ ویستی ئەو هیچ شتیٚ ڕوونادات.

## کردار تەنیا بۆ خوایە

لەوانەیە ئادەمیزاد لە شوێنێکدا بێت کە زۆر دووربێت لە هەموو ترسـێك لە پڕ گوللەیەکی وێڵ بەری کەوێت و بیکوژێت. یاخود بچێتە شوێنێك بۆ ئەوەی خۆی حەشار بدات و خۆی لە ئەگەری ترسێك بپارێزێت. وەك ئەوەی بچێتە نـاو کەلێنە شاخێك یان ئەشکەوتێك یا ژێر زەمینێك بۆ ئـەوەی خـۆی حەشـار بـدات

کەچی لەو شوێنەدا تووشی مارێك یان دڕندەیەك دەبێت و دەیکوژێت. یاخود خاوەنی ژێر زەمینەکە وا دەزانێت دز هاتۆتە سەریان و تەقەی لێدەکات و کابرا دەکوژێت. کەواتە ئەو کەسە لە ئەگەری خەتەرێکی چاوەڕێکراو ڕزگاری بوو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی خەتەرێکی واقیعی ببێتەوە بۆیە لەسەر مرۆڤی بڕوادار پێویستە هەردەم توانای دیاریکراوی خۆی وەبیر بێتەوە و لەیادی نەچێت کە تەنیا توانای خودای مەزنە کە بێ سنوورە و هەرگیز خۆی نەداتە دەست ئەو وەهم و خەیاڵەی کە لەوانەیە لەوێدا ئادەمیزادێك یان شەیتانێك هەبێت کە توانای ئەوەی هەیە لێ بدات یان ئازاری بدات دوور لە ویست و ئارەزووی خودای پاك و بەرز و باڵا.

خودای مەزن سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە سیحر و جگە لە سیحر هەرچیەکی تر هەیە بە بێ مۆڵەتی خودای گەورە ناتوانن زیان بە کەس بگەیەنن. و هیچ زیانێك ڕوونادات مەگەر ویستی خودای لەسەربێت. خودای هەق و پاك و باڵا دەفەرموێت: ـ

((وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ ۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ))

**لە ئایەتی ١٠٢ سورة البقرة**

(( ئەو خەڵکە سەرگەردانە هەمیشە فێری شتێك دەبن کە زیانیان لێ دەدا و سوودی نیە بۆیان بێ گومان دەشزانن ئەوەی کاڵای وای کڕی بێت شتی وا فێر دەبێت لەو دونیادا بەهرەیەکی دەست ناکەوێت. بە ڕاستی ئەو شتەی ئەوان

خۆیان پێ فرۆشتووه و کەوتوونەتە دوابیەوه شتێکی زۆر ناپەسەندە ئەگەر بـزانن و تێبگـەن ( چـونکە سـیحر و جـادوو چەواشـەکارییە و کـارێکی نادروستە . ) )) ل ـ ١٦ ـ ئاسان

باسی ئەوەمان کرد کە سیحر زیان بە جادووگەر و جادوولێکراو دەگەیەنێت و ئەوەمان ڕوون کردەوه کە چۆن سیحرباز توشی بەلا و نەهامەتی دێت و بە زەلیلی دەمرێت. ژیانی پڕ دەبێت لە تاڵی و ناخۆشی و خەم و پەژارە و دەربەدەری و نەبوونی هیوا بڕاو و نائومێد دەبێت. ئەو دوو فریشتەیەی کە خەڵکیان فێری سیحر دەکرد بە خەڵکیان ووتوه بە هەرکەسێ کە ئارەزووی فێربوونی سیحری هەبووبێت پێیان ووتوه ئێمە فیتنە و بەلاین. کوفر مەکە. بەلام ئادەمیزادی نەزان ڕووی کردۆتە فێربوونی سیحر و وا دەزانێت کە شتێکی وای کڕیووه بەهۆیەوه موڵك و سامانی چەنگ دەکەوێت. نازانێت کە خودی خۆی بە نرخێکی زۆر کەم فرۆشتووه و زیانی بۆ خۆی وەدەست هێناوه و دونیا و قیامەتی لەدەست داوه.. سیحر هیچ بوارێك زیاد ناکات لە ژیانی ئادەمیزاددا بەڵکو بەرەو کوفری دەبات لەوێشەوه بەرەو لەدەست دانی دنیا و قیامەتی دەبات. بۆیە خودای مەزن سەرنجمان بۆ ئەوه ڕادەکێشێت ئەو کەسانەی کە سیحربازن خراپترین شتیان سەندووه لە دونیاداو خۆیان فرۆشتووه بۆ ئەوەی کوفر و هەژاری و ئازار و ئەشکەنجەی دوارۆژ بەدەست بێنن.

هەتا ئێرە باسی واقیعی ئەو سیحرەمان کرد کە تووشی پێغەمبەر (د.خ) بووه و ئەوەشمان ڕوون کردەوه کە موسا ( د . خ ) لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی سیحربازەکانی فیرعەون جادووی لێکرا بەلام خودای پاك و بەرز و بالا وای کرد کە خۆگر بێت و بڕوای خۆی لەدەست نەدات. کێشەی ئەو سیحرەی کە تووشی پێغەمبەری خۆشەویستمان هات (د.خ) ڕووبەڕوو بوونەوه و تەحەددایەکی

تەواوی ئـەم ئاینـە بـوو بـۆ جنـەکان و خـودا بـە پێغەمبـەری ڕاگەیانـد کـە کـێ سیحری لێکردووەو شوێنەکەشی لە کوێ یـە . ئەمـەش لـە سـوودی پێغەمبـەر ( د . خ ) بوو نەك زیانی پێ بگەیەنێت . لەدواییـدا ئـەوەمان ڕوون کـردەوە کـە خـودای پـاك و بـەرز و بـالآ مۆڵـەتی زیـانی سـیحری بۆخـۆی هێـشتۆتەوە وە سـیحرباز ناتوانێـت هـیچ زیانێـك بـە سـیحرلێکراو بگەیـەنێت تـەنیا بـە مۆڵـەتی خودای گەورە نەبێت.

ماوەتەوە باسی هێزێکی تـری نهێنـی بکـەین کـە ئـەویش لێمـان پەنهانـە بـەڵام خودای پاك و بەرز و بالآ ئاگادارمان دەکاتەوە کە خۆمانی لێ بـە دوور بگـرین و خۆمانی لێ بپارێزین. ئەو هێزەش حەسوودی یە.

## بەشی شەشەم

# حەسوودی

له پێشدا باسی سیحرمان کرد بەڵام پێش ئەوەی کۆتایی بە باسەکەمان بهێنین دەبێ باسی حەسوودیش بکەین. چونکە حەسوودیش هەروەکو سیحر لە هێزە نادیارەکانە لە گەردووندا و ئەگەر خودای پاك و بەرز و باڵا لە قورئانی پیرۆزدا بۆمانی باس نەکردایە ئەوا هیچمان دەربارەی نەدەزانی؟ چونکە حەسوودی بە هەموو شێوەیەکیەوە لەبەرچاوی ئێمەدا وونە. حەسوودی هیواخواستنی نەهێشتنی نیعمەتە واتە تۆ هیوای ئەوە بخوازی کە خودا نیعمەتێك لە بەندەکەی خۆی بسەنێتەوە بە بێ ئەوەی هیچ سوودێك بە تۆ بگات.

هەندێ جار خوازیاری ئەوەی سەروەت و سامانێك لە مرۆڤێك بسەندرێتەوە بۆ ئەوەی بدرێت بە تۆ. یاخود هەوڵ دەدەیت بۆ ئەوەی نیعمەتێك لە کەسێك دوور کەیتەوە بۆ ئەوەی بۆ خۆتی بەریت. بەڵام حەسوودی شتێکی ترە. ئەویش خوازیاری نەهێشتنی نیعمەتێکە بە بێ ئەوەی حەسوودەکە هیچ سوودێك ببینێت یاخود چی بەرکەوێت.

بوونی حەسوودی شتێکە براوەتەوە و گفتوگۆی پێ ناوێت چونکە حەقیقەتێکە و لە قورئانی پیرۆزیشدا باسی هاتووە. ئەویش شەڕ و خراپەیەکە لە هێزە نادیارەکانە کە زیان بە ئادەمیزاد دەگەیەنێت. بۆیە خودای پاك و بەرز و باڵا داوای لێکردووین کە پەنا بە خوا بگرین لەم شەڕ و خراپەیە:

((وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ))

**٥ سورة الفلق**

( لە شەڕ و خراپەی حەسوود و بە خیل کاتێك کە حەسوودی و بەخیلی دەبات )

ل - ٦٠٤ - ئاسان

ئەگەر هیچ زانیاریەکمان دەربارەی حەسوودی نەبوو ئەوا دەڵێین شت هەر چەندە وورد بێت و چاو نەیبینێت .. ئەوا کاریگەرییەکەی بە هێز ترە و لە کردارەکەیدا زۆر توندە  ووردترین میکرۆب توندترین کاریگەری لەسەر جەستەدا هەیە و لە هەموو میکرۆبەکان بە هێزترە لە بەربەرەکانی کردنی داو و دەرمان.

هەرچەندە لە زانستدا پێش بکەوین و زیاتر بالآ بین و توانای گەورەکردنی شتەکانمان هەبێت سەدان هەزار جار و ملیۆن جار ئەوا میکرۆب و شتی وا دەدۆزینەوە کە لەوپەڕی ووردیدان و کاریگەرییەکی زۆر گەورەشیان هەیە.

کەواتە ئەگەر ئێمە هیچ شتێك دەربارەی حەسوودی نابینین ئەوا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کاریگەر نیە . ... یاخود کاریگەرییەکەی لاوازە. ئەگەر بمانەوێت وێنەکە زیاتر لە زەین نزیك بکەینەوە دەڵین لەگەڵ پێشکەوتنی زانست جۆرەها تیشك دۆزرایەوە یەکێك لەوانە  تیشکی لێزەرە کە لەم ساڵانەی دواییدا دۆزرایەوە. ئەم تیشکە لە کرداری زانستی زۆر گەورەدا بەکاردێت. ووردترین هۆکارە بۆ پێوان. لە نەشتەرگەری زۆر ووردا بەکاردێت. بە جۆرێك کە نەشتەرگەری بە تیشکی لێزە ئەنجام دەدرێت بە بێ ئەوەی چەقۆی نوژداری تێدا بەکاربێت و بە بێ ئەوەی یەك دڵۆپ خوێنی لێبڕژێت. ئەم تیشکە ووردترین و قورسترین شت دەبڕێت و لێی دەچێتە ژوورەوە. زانستی تازەی پزیشکی لە گەڵ بواردا پشت بە تیشکی لێزەر دەبەستێت . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەخۆشەی بە تیشکی لێزەر چارەسەر دەگرێت یاخود نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدرێت ئایا ئەو تیشکە دەبینێت؟ یاخود تیشکەکە دەناسێت کاتێ دەچێتە ناو جەستەیەوە؟ نەخێر، نایبینێت.

بەڵام لەناو جەستەی مرۆڤدا کاریگەرییەکەی زۆر بەهێزترە لە کاریگەری چەقۆی نوژدار. کەواتە شتێك هەیە پەنهانە و چاو نایبینێت و دەتوانێت بچێتە

ناو جەستەی مرۆڤەوە. دەتوانێت گەلێ شتی زیاتر بکات لە چەقۆی نوژدار.
کەواتە تۆ چورانیت کە چاوی حەسوودیش تیشکێکی وای لێ دەرناچێت کە زۆر بەهێزترە و توانای لە ناو بردنیشی لە تیشکی لێزەر زیاترە دەچێتە ناو جەستەتەوە و گەلێ شتت بەسەر دێنێ و خۆشت نایزانیت؟
ئایا ناکرێت تیشکی لێزەر و کاریگەرییەکەی ئەوەمان بۆ نزیک کاتەوە کە لە چاوی مرۆڤی حەسووددا ڕوودەدات ؟ و وێنەیەکی واقیعمان بداتێ لەسەر ئەو وێنەیەی کە نادیارە و هەستی پێناکرێت.
بۆ ئەوەی زیاتر لە بیرو زەینمان نزیک بیێتەوە ، ئایا تۆ مرۆڤێکی توڕەت نەدیوە . ... کاتێ دەڵێی ئاگر لە چاوی دەباری یاخود شەڕ لەناو چاوی دەخوێندرایەوە؟ تۆ ئەم تەعبیرانەت لەکوێ هێناوە؟ ئایا پزیشکی حەقیقی یاخود شەڕی ماددی هەیە تا لەچاودا ببینرێت؟ یاخود جۆرە شتێك هەیە تۆ هەستی پێ دەکەیت. ئەگەر هیچ شتێکی ماددی نەبینیت کە ئەوە بگەیەنێت ئەوا کەسیش پزیشکی ماددی پیشان نەداوین کە لەچاودا دەردەچێت یاخود هیچ شەڕێکی بەرجەستە نەکردووە لەبەرچاوماندا .
بەڵام ئەم هەستە لە ناخماندایە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە هەست بە کاریگەری شتێکی مەعنەوی دەکەین.بەتەواوەتی وەك ئەو نەخۆشەی کە هەست بە تیشکی لێزەر دەکات بەبێ ئەوەی ببیینێت.
دیارە ئەو وێنانەی کە هێنامانەوە تەنیا بۆ ئەوەیە کە ماناکە لە بیر و زەین نزیک بکەینەوە.

## حەسوودی ڕاستیەکە بوونی هەیە

**ئەوەی کە لە قورئانی پیرۆزدا جێگیرە ئەوەیە کە سیحر حەقیقەتە و ئادەمیزاد**

تووشی شەڕ و خراپە دەكات. بەلاّم ئێمە وەكو شتێكی ماددی نایبینین. بەلاّم شت هەرچەندە بچووك بێت ئەوا توندی و تیژییەكەی زیاترە چونكە توندی و تیژی بە قەبارەی ماددەوە پەیوەست نیە بەڵكو پەیوەستە بە كاریگەری و قووڵی كرداری ماددەكەوە.

سیحرو حەسوودیش لە شەڕ و خراپە نەبینراوەكانن كە یەكسانن بە شەڕ و خراپەی بینراو. ئەگەرچی كەرەسەكانیان لەوپەڕی ووردی و لەوپەڕی توند و تیژیدایە لەهەمان كاتدا و ئەو تیشكانەش لە چاوی مرۆڤی حەسوود دەرناچن تەنیا لەباری ڕق و كینە و حەسوودیدا نەبێت. خودای پاك و بەرز و بالاّ دەفەرموێت : ـ

((وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ )) ٥ سورة الفلق

لێرەدا دەزانین كە ئادەمیزاد دەكرێت توشی حەسوودی ببێت و ماڵی وێران بێت. حەسوودیش شەڕ و خراپەیەكە دەبێ خۆمان بە خودای مەزن پەنا بدەین لەم شەڕ و خراپەیە. دیارە لە هەموو جەستەیەكدا غەریزەی پێ ناخۆشی و ڕق و كینە هەیە ئەگەر ئەم غەریزانە بوروژێندرێت جۆرە ماددەیەك دەڕێژێت كە خوێن هار و هاج دەكات لەم حاڵەتەشدا حەسوودی ڕوودەدات.

لە ئیبن عباس دەگێڕنەوە كە پێغەمبەر فەرموویەتی:

(( العین حق ولوكان شیئ سابق القدر لسبقته العین ))[٢]

واتە حەسوودی حەقیقەتێكە و ئەگەر شتێك هەبایە پێش قەدەر بكەوتایە ئەوە حەسوودی پێش ئەویش دەكەوت.

---

[٢] اخرجه مسلم ٢١٨٨ لە كتێبی ( انبیاء الله ) وەرگیراوە ل ١٧٤

هەروەها لە ئەبو هورەیرەش دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی:

(( العین حق))[٤]

واتە بەچاو چوون یاخود بڵێین حەسوودی حەقیقەتێکە و هەیە.[٥]

عائشە دەگێڕێتەوە:

(( أمرنی رسول الله صلی الله علیه وسلم أن نسترقی من العین ))[٥]

واتە پێغەمبەری خودا ( د . خ ) فەرمانی پێکردم کە دوعا و نوشتە بکەین بۆ ئەوەی لە حەسوودی و چاو پیسی بپارێزرێین.

لە أسماء بنت عمیس دەگێڕنەوە کە وتویەتی:

: یا رسول الله ان ولد جعفر تسرع الیهم العین افأسترقی لهم ؟ قال (( نعم فانه لوکان شیء سابق القدر لسبقته العین ))[٦]

( أسماء ) دەڵێت ووتم ئەی پێغەمبەری خودا منداڵەکانی جەعفەر زوو بە چاو دەچن ئایا دوعا و نوشتەیان بۆ بکەم ؟ . پێغەمبەر ( د . خ ) فەرموی بەڵێ ئەگەر شتێك هەبوایە و پێش قەدەر بکەوتایە ئەوا حەسوودی پێش ئەویش دەکەوت.

کەواتە حەسوودی حەقیقەتێکە و دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین. خودای پاك و بەرز و بالاش لە میهرەبانی خۆیەوە فەرمانمان پێدەکات کە خۆمان بە خودا پەنا بدەین لە شەڕ و خراپەی هێزی نەبینراوی وەك ڕق و کینە و حەسوودی .

---

[٤] اخرجه البخاری ( ٥٩٤٤ ) و مسام ( ٢١٨٧ ) لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە .

[٥] اخرجه البخای ( ٥٧٣٨ ) ومسلم ( ٢١٩٥ ) س . پ

[٦] رواه الترمذی ( ٢٠٥٩ ) وصححه الألبانی في صحیح الترمذی ( ١٦٨٢ ). س. پ انبیاء الله . محمد متولی الشعراوی . قطاع الثقافة أخبار الیوم جمهوریة مصر العربیة . د . ت.

ئەگەر ئێمە بڕوامان بە خودای خۆمان بە تین بێت و ڕوو بکەینە ئەو و خۆمان بە ئەو پەنا بدەین ئەوە بە گەورەیی خۆی لە هەموو شەڕ و خراپەیەك دەمانپارێزێت بەلام ئەوەی کاریگەری ئەو هێزانە دەهێڵێتەوە ئەوەیە ئێمە ڕوو ناکەینە خودای پاك و بەرز و بالا. ئەگەر توشی زەرەر و زیان بووین ئەوا هەوڵ دەدەین پەنا ببەینە بەر تواناکانی مرۆڤ. ئەگەر کەسێك بەهۆی سیحرەوە توشی زەرەر و زیان بوو ئەوە لە سیحربازێکەوە دەچێت بۆ لای یەکێکی تر تاکو کاریگەری سیحرەکە بەتاڵ بکات. کەچی ئەگەر بە دڵێکی پاك و بێگەردەوە ڕوو بکاتە خودای پیرۆز و بالا ئەوە کاریگەری سیحرەکە بەتاڵ دەبێت و نامێنێت. بەهەمان شێوە لە حەسوودیش دا کاتێ کە یەکێك بە چاو دەچێت هەوڵ دەدات پەنا بەرێتەبەر نوشتە و کشتەك یاخود هەندێ شتی تر وەك پەنابردنە بەر مۆرووی شین یاخود شتی تر. ئەم نوشتە و کشتەکانە بە گشتی نە زیان دەبەخشن نە سوودیان هەیە و نەکاریگەری حەسوودی لا دەبات و نە سیحر بەتاڵ دەکات. ئەمە جۆرێکە لە هاوبەشی پەیداکردن بۆ خوا. خەڵکی لێ ئاگادار دەکەینەوە کە خۆیان لەم شتانە بەدوور بگرن. چونکە لەم گەردوونەدا کردار تەنیا بۆ خودای مەزنە و هیچ کارایەکی تر نیە گەر بیەوێت کارێك بکات تەنیا خودای هەق و بالاو مەزن نەبێت. بۆیە ئەگەر جگە لە خودای مەزن پەنامان برد بۆ یەکێکی تر کە داوای پارێزگاری یاخود لابردنی زەرەر و زیان یان شتی ترمان لێکرد ئەمە دەبێتە جۆرێك لە هاوبەشی پەیداکردن بۆ خوا. خودای پیرۆز و بالا لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانمان پێدەکات کە خۆمان بە خودا پەنا بدەین لە هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کرد. دەفەرموێت: ـ

((قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ

إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ
حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ )) سورة الفلق

(( ( ئەی محمد ( د . خ ) ئەی ئیماندار ) بلێ پەنا دەگرم بەو پەروەردگارەی کە بەرەبەیان پێش دەهێنێت. لە شەڕ و خراپەی هەرچی کە دروستی کردووە. ( لە پەری و ئادەمیزاد و مارو مێروو ) لە شەڕ و خراپەی شەو کاتێك کە دادێت و دونیا تاریك دەبێت و دەبێت بە شەوە زەنگ. لەشەڕ و خراپەی ئەو کەسانەی کە جادوو دەکەن و پەت و دەزوو گرێ دەدەن و فووی پیا دەکەن. بە فێڵ و جادوو نێوان خەڵکی تێك دەدەن . لە شەڕو خراپەی حەسوودو بەخیل کاتێك کە حەسوودی و بەخیلی دەبات . )) ل - ٦٠٤ - ئاسان

هەروەها خودای پاك و بەرز و بالا دەفەرموێت : -

((قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾
مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ
ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ))

سورة الناس

(( ( ئەی محمد ( د . خ ) - ئەی ئیماندار ) بلێ پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی بە پادشای خەڵکی و بە خودای خەڵکی لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کە وەسواسە و خەتەرەو خەیاڵ دەخاتە دڵەوە کە ( خەنناسە ) بریتی یە لەوەی

که وەسوەسە فڕێ دەداتە سینە و دڵ و دەروونی خەڵکییەوە. لە پەری و خەڵکی لە جنۆکە و ئادەمیزاد . ( ئەوانەی کە شەیتان سیفەتن ) ))

ل - ٦٠٤ - ئاسان

مادام خودای هەق و پاك و باڵا فەرمانی بە پێغەمبەر ( د . خ ) کردووە لە فەرموودەکەیدا دەڵێ ( بڵێ ) وەك ئەوەی ئێمە کاتێ ئەم ئایەتە دەخوێنینەوە وەك ئەوەی پێغەمبەر ( د . خ) فەرمووی پێویستە ئێمە سەرنج بدەینە ئەوەی لە سورەتی ( الفلق ) داهاتووە. ڕوو بکەینە خودلو خۆمان بە ئەو پەنا بدەین لەو شتانەی کە ئێمە توانا و ئیرادەمان لەسەریان نیە و ناتوانین زەرەر و زیانەکانیان لەسەر خۆمان و بەو پەنا بگرین لەو شتانەی کە توانا و ئیرادەمان لەسەریان هەیە بەڵام دەترسێین ئەوەك لە بەرامبەریاندا لاواز بین و دەستەوئەژنۆ بوەستین .

## پەنا گرتن بۆ خودا

خودای هەق و پاك و باڵا دەفەرموێت ( قل أعوذ برب الفلق ) ( الفلق ) بەیانە یاخود ئەو ڕووناکییەیە کە تاریکی ڕادەماڵێت. وەك ئەوەیە کە ئێمە خۆمان پەنا بدەین بە نووری خودای هەق و پیرۆز و باڵا تاکو تاریکی شەڕ و خراپە و نارەوایی لە دەروونماندا وەدەربنێت و بە نووری پیرۆزی خۆی ڕێگای هەقمان بۆ ڕۆشنکاتەوە. لێرەدا پەنا گرتن بە خودا خۆی لەخۆیدا ڕووکردنە خودای پاك و باڵایە لە ترسی شتێك کە ئادەمیزاد دەتۆقێنێ و هەڕەشە لە ئاسایشی دەکات. ئادەمیزادیش بەو توانایەی خۆی ناتوانێت ڕووبەڕوی ببێتەوە بۆیە ڕوو دەکاتە خودای مەزن تاکو ئەم خراپەیەی لەسەر لاببات. ئەگەر خودای گەورە داوای لێکردبین کە خۆمان بە خودی ئەو پەنا بدەین ئەوە کاتێ ئەم کارە دەکەین

ڕێبازی خودا جێ بەجێ دەکەین ڕێبازیش نوور و ڕۆشنکەرەوەی ئادەمیزادە لە ژیاندا و ( الفلق ) ئەو نوورەیە کە تاریکی دەڕەوێنێتەوە. خودای پاك و بالآش نووری زەوی و ئاسمانەکانە. هەر ئەویش بە مەزنی خۆی ئەو نوورەی خستە ناو دڵەکانەوە بۆ ئەوەی بەرەو بڕوا و ڕاستەقینەمان ببات. هەر ئەویش ئەو نوورەی هێنایە هەموو گەردوونەوە بۆ ئەوەی ڕێگای ژیانمان بۆ خۆش بکات.

خودای پاك و بەرز و بالآ کاتێ کە داوای لێکردین کە ڕوو بکەینە ئەو و هاواری بۆ بەرین فەرموی : - ( من شر ما خلق ) لێرەدا هەڵوەستەیەك دەکەین. خودا شەڕ و خراپەی نەهێناوەتە کایەوە بۆ ئادەمیزاد بەڵکو خودای مەزن شتی باش و بەسوودی لە ژیانماندا دروست کردووە. ئادەمیزاد بە ویستی خۆی شەڕ و خراپەی هێنایە کایەوە، یاخی بوونی هێناوەتە ئاراوە و ئەوەی هێناوەتە ئاراوە کە گەردوون تێك بدات و بەرەو خراپەی ببات. لەم بارەیەوە خودای هەق و بالآ لە قورئانی پیرۆزدا نموونەیەکمان لەسەر مانای شەڕ و خراپە بۆ دێنیتەوە و دەفەرموێت :

((وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلۡأَعۡنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرٗا وَرِزۡقًا حَسَنًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ))

**٦٧ سورة النحل**

(( لە بەروبوومەکانی دار خورما و ڕەزی ترێ کانیش ( هەندێ جار ) شتی سەرخۆشکەر دروست دەکەن ( گەلێ جاریش ) بەرهەمی چاك و بەسوودە ( وەك و دۆشاو و مێوژ و شەربەت ... هتد ) بەڕاستی ئا لەوەشدا بەڵگە و نیشانەی ئاشکرا هەیە بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیری خۆیان دەخەنە کار ( تا بیر بکەنەوە چۆن لەم دار و درەختە ڕەق و تەقانە ئەم بەرهەمانە دروست دەبێت

چ کارخانەیەك لەناوکی خورما و ترێ و میوە جۆراوجۆرەکاندا حەشاردراوە تا لەبارودۆخی خۆیدا بکەوێتەکار و خزمەت بە ئادەمیزاد بکات ... هتد ) ))

ل - ٢٧٤ - ئاسان

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەمان پیشان دەدات کە خوادی پاك و بەرز و بالا خورما و ترێی دروست کردووە بۆ ئەوەی لێیان بخۆین. بەلأم ئێمە ئەو شتانەمان لە رزق و ڕۆزییەکی باش گۆڕی بۆ شەڕ و خراپە کاتێ کە عەرەق و شەڕابمان لێدروست کردن . ئەگەر سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین دەبینین کە شەڕ و خراپەکاری لە خراپی هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە هەڵقوڵاوە نەك لە خودی شتەکەوە. بۆ نموونە چەقۆ گەلێ سوودی لێ دەبینین بەلأم دەتوانین بۆ شەڕ و خراپە بیگۆڕین و خەڵکی پێ سەربېڕین.

تەلەفزیۆن دەتوانین بەکاری بهێنین لە هەموو ئەو شتانەی کە سوود بە خەڵك دەگەیەنێت لە زانست و زانیاری بەلأم ئێمە دەیگۆڕین بۆ خراپە و خراپەکاری بەوەی کە هەرچی حەرامە و خراپەکارییە تێیدا پیشانی دەدەین. زمان دەتوانێت شایەتمان پێ بێنێت. کە جگە لە خوایەکی تر نیە و موحەمەدیش ( د . خ ) پێغەمبەری خودایە. دەتوانین بەم زمانە قورئان بخوێنین بەلأم ئێمە لە خراپەو خراپەکاری بەکاری دەهێنین و وشەی کوفری پێ گۆ دەکەین( خودا بمان پارێزێت) بەهۆیەوە ڕێگای چاکە دەگۆڕین لە خەڵك و شایەتی بە درۆی پێ دەدەین.

دەست سوودەکانی ناژمێردرێت بەلأم دەتوانین بیگۆڕین بۆ شەڕ و خراپە بەوەی کە خەڵکی پێ ئازار بدەین. خەڵکی پێ بکوژین و شتی خراپ و حەرامی پێ ئەنجام بدەین. کەواتە شەڕ و خراپە لەم گەردوونەدا لە خراپی بەکارهێنانی خەڵکە بۆ ئەو شتانەی کە خودای پاك و بالا بۆ سوودی ئەوان دروستی

کردووه. بەمەش مانای ئەم ئایەتە پیرۆزە دەزانین ( ومن شر ما خلق) واتە لە شەڕ و خراپەی هەر چییەك كە دروستی کردووە هەروەها دەفەرموێت (من شرَ غاسق اذا وقب) واتە لە شەڕ و خراپەی شەو كە دادێت و تاریكی باڵی بەسەر زەویدا دەكێشێت (اذا وقب) واتە كە تاریكی دائەات. شەو بە تاریكی خۆی وا دەكات كە ئادەمیزاد نەتوانێت پارێزگاری لە خۆی بكات. چونكە لە تاریكیدا نابینین و نازانین چیمان بۆ هەڵدەبەسترێت. لەوانەیە دوژمنێك خۆی لە تاریكیدا حەشاردا بێت و بیكوژێت یاخود مارێك یا مێرووله‌یەكیش زیانبەخش لە تاریكیدا نەیبینن و زیانی پێ بگەیەنێت.

شەو ئارامی و ئاسوودەی و خەوتنە، ئادەمیزادیش كاتێك دەخەوێت توانای بەرگری كردنی لە خۆی نامێنێ. بۆیە پێویستی بە یەكێك هەیە كە ئێشكی بۆ بگرێت و پارێزگاری بكات. لێرەدا دەبینین پاسەوان لە شەواندا زۆر دەبن. پیاوانی پۆلیس شەو ناخەون بۆ ئەوەی ئاسایش بپارێزن چونكە ئادەمیزاد لە ڕۆژدا دەتوانێت پارێزگاری لە خۆی بكات. بەڵام لە شەودا پێویستی بە یەكێك هەیە كە شەونخونی بكێشێت بۆ ئەوەی بیپارێزێت.

## ئەوانەی پەت و دەزوو گرێ دەدەن و فوی پیا دەكەن

خودای گەورە دەفەرموێت ( ومن شرَ النفاثات في العقد ) لە شەڕ و خراپەی ئەو كەسانەی كە جادوو دەكەن و پەت و دەزوو گرێ دەدەن و فوی پیادەكەن. واتە لە شەڕ و تەڵەی سیحربازان . (والنفاثات في العقد) هەموو سیحربازەكان دەگرێتەوە. دەڵێن هەندێ لە سیحربازەكان گرێ لە پەت و دەزوو دەدەن و

فوی پیا دەکەن. واتە فووکردنێکی کەم ئەوسا خەڵك بە هۆیەوە توشی جادوو دەبن.

هەروەها کە دەفەرموێت ( ومن شرّ حاسد اذا حسد) واتە لە شەڕ و خراپەی ئەو هێزە نهێنییانەی کە زەرەر و زیان بە خەڵك دەگەیەنن ئەوانەی کە دڵەکان پڕ لە رق و کینە دەکەن. ئەو حەسوودانەی کە دڵیان پڕ لە رق و کینەیە لەوانەیە هەموو شتێکی ڕووخێنەر و ماڵ وێرانکەر ئەنجام بدەن وەك ئەوەی ئاگر لەو ماڵە بەر بدات کە حەسوودی پێ دەبات و رقی لێیەتی یاخود خاوەنەکەی ئازار بدات یان زیان بە ماڵەکەی یان بە منداڵەکانی بگەیەنێت.

هیچ شتێك نیە بە قەد حەسوودی و رق و کینە کاولکار و ئازاربەخش و زیان گەیەنەر بێت. حەسوودی دژی ئیمانە چونکە ناڕازی بوونی تێدایە بەو کارەی کە خودا ئەنجامی داوە.

هەردەم ناڕازی بوونە بەو بەشەی کە خودا بۆی داناوی. هەروەها ناڕازی بوونە بە کردار و قەدەری خودای مەزن لە گەردووندا. خودای پاك و بەرز و بالا نیعمەتەکانی خۆی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر خەڵك دابەش کردووە. بەڵام جێگەی داخە کە ئێمە تەنیا دەڕوانینە ئەو ماڵەی کە پێی بەخشیوین و هەموو شتەکانی تر پشت گوێ دەخەین. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ نیعمەتی تر هەیە کە بە چەند جار لە ماڵ و سامان باشترە .

بۆ نموونە : ـ تەندروستی گەورەترین نیعمەتە کە خودا بە بەندەکانی خۆی بەخشیوە. ئەگەرنا سوودی ماڵ و سامان چی یە گەر بێت و تۆ ئیفلیج بیت و لەسەر جێگا کەوتبیت و نەتوانیت لە شوێنی خۆت هەڵسیتەوە. هەموو جۆرە نیعمەتێك لە دەوروبەرت دابێت بەڵام نەتوانیت خۆشیان لێ ببینیت.

موڵك و ماڵ چ سوودێكی هەیە گەر خودای مەزن لە ڕۆشنایی چاوەكان بێ بەشی كردیت. بە شێوەیەك كە هیچ شتێك لەم گەردوونە جوانەدا نەبینیت و نەتوانیت هەنگاوێك بهاوێیت بەبێ ئەوەی یەكێ یارمەتیت بدات و ئەگەر وازت لێ بێنن لەوانەیە مل لە شتێ بنێیت و بكەویت و شوێنێكت بشكێت.

ماڵ و سامان چ سوودێكی هەیە ئەگەر خودا نیعمەتی بیستنت پێ نەبەخشێت و لە دەوروبەری خۆت نەگەیت و نەزانیت چی دەڵێن و توانای قسە كردن و بیستنت نەبێت و نەتوانیت ئەو زانست و پێشكەوتنەی ژیان وەربگریت. توانای ئەوەت نەبێت كە بزانیت ژیان مانای چی یە. ماڵ و سامان چ سوودێكی هەیە كە تۆ عەقڵت لەدەست دابێت و شێت بوو بیت یاخود تووشی ناتەواوی عەقڵ بوویت. ئەوسا ژیانت لێ دەبێت بە دۆزەخ با هەموو ماڵی دونیاش هی تۆ بێت.

ماڵ و سامان چ سوودێكی هەیە ئەگەر تووشی بەڵایەك بوویت و هەموو منداڵەكانت مردن یاخود هەموو خەڵك ڕقیان لێت هەڵسا بەشێوەیەك كە لەخۆت ئەمین نەبێت .

ئایا گەلێك حاكم و پادشامان نەبینی كە گەلەكەیان لێیان هەڵگەڕانەوە ئەوكات بەدوای كولانەیەكدا دەگەڕان كە خۆیانی تێدا حەشار بدەن تاكو نەكوژرێن. زۆربەی وڵاتانی دونیا ڕازی نەبوون كە مافی پەناهەندەییان پێ ببەخشن ئەم زەوی یە پان و بەرینەیان لێ تەسك ببوەوە ئەوسا بە زەلیلی بە دوورخراوەیی دەژیان یاخود لەژێر ترسێكی بەردەوام دا بوون. شەو نەدەخەوتن نەوەك دوژمنەكانیان پشتیان لێ بستێنن و لەناویان ببەن. سەروەت و سامان لەوانەیە ببێت بە نیقمەت و بەرەو فەساد و ڕاهاتن لەسەر ماددە بێهۆشكەرەكانت ببات و تووشی گەلێ شتی تری خراپت بكات.

## حەسوودی بردن بە ناز و نیعمەت

ئێمە نابێت حەسوودی بە خەڵکی ببەین بەو ناز و نیعمەتەی کە خودا پێی بەخشیون چونکە خودای مەزن لەوانەیە بەرەکەت بخاتە ماڵەکەمان و سامانێکی کەم بەشمان بکات. هەروەها بەرەکەت بخاتە منداڵەکانمانەوە و ببن بە بیلبیلەی چاومان. لەکاتێکدا منداڵی دەوڵەمەندەکان زۆرجار دەبنە مایەی غەم و پەژارە بۆیان. لەوانەیە خودای مەزن ژیانێکی هێمن و ئارام و جێگیرمان پێ ببەخشێت لەکاتێکدا ژیانێکی پڕ لە هەڵچوونی بەردەوامی بێ کۆتایی بە زۆریەی دەوڵەمەندەکان ببەخشێت. هەرچۆنێك بێت لە هەموو بارێکدا حەسوودی ناڕازی بوونە بە کار و توانای خودای مەزن . پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت : . (( ایاکم والحسد فأن الحسد تأکل الحسنات کما تأکل النار الحطب))(١) واتە خۆتان لە حەسوودی بەدوور بگرن و حەسوودی و بەخیلی بە ماڵ و سامانی خەڵکی نەبەن چونکە حەسوودی خەرمانی ڕەنجی چاکە دەسوتێنێت هەروەك چۆن ئاگر دار دەسوتێنێت. چونکە حەسوودی ناڕازی بوونە بە فەرمانی خودا. داواکارین کە ڕازی بین بە فەرمانی خودای مەزن و سوپاس و ستایشی بکەین لەسەر هەرچییەك کە بەسەرماندا دێت خودای پاك و بەرز و بالا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە نابێت خەم و خەفەت داممان بگرێت بۆ شتێ کە لە کیسمان چووە چونکە لەوانەیە ئەو شتە مایەی شەڕ و خراپە بووبێت بۆمان خودای گەورە لێی دوور خستینەوە و دڵ خۆش نەبین بەوەی کە بەدەستمان دێت چونکە لەوانەیە ئەو شتەی بۆمان هاتووە و پێی دڵ خۆشین شەڕ و خراپە بێت بۆمان ئەمەش بە پێی ئەو فەرموودەیەی خودای مەزن .

((مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا۟ بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ))

**٢٢ ، ٢٣ سورة الحديد**

**(هیچ بەلاَ و ڕوداوێك لە زەویدا بۆتان پێش نەهاتووە كە لە (لوح المحفوظ ) دا تۆمارمان نەكرد بێت پێش ئەوەی ڕوداوەكە پێش بێت. ئەوكارەش بۆ خوا زۆر ئاسانە. ئەمەش بۆ ئەوەیە كە خەفەت نەخۆن بۆ ئەوەی كە لە كیستان چووە و بە وەش دڵخۆش و غەڕڕا نەبن كە پێمان بە خشیوون (واتە كەشخە نەكەن ) چونكە خوا كەسانی خۆبەگەورەزان و فەخرفرۆشی خۆش ناوێت (ئەوانەی بە بەخشینی بە هرەكان غەڕڕا دەبن و خۆبا دەدەن و فیز دەكەن )**

**ل ـ ٥٤٠ ـ ئاسان**

**ئەگەر ئادەمیزاد بە كار و فەرمانەكانی خودا ڕازی بوو ئەوا خودای مەزن بەرەكەت دەخاتە دین و دونیای.**

**تا ئێرە دەگەینە كۆتایی ئەم كتێبە بۆ ئەوەی بزانن كە سیحر و حەسوودی لە هێزە نادیارەكانن لە گەردووندا بەلاَم ئەم هێزانە بوونیان هەیە. خودای مەزن حەقیقەت و بوونی ئەم هێزانەی پێ ڕاگەیاندوین و خودای بەرز و بالاَ لە قورئانی پیرۆزدا ئەوەی پێ بە خشیووین كە لە شەڕ و خراپەی ئەم دوو هێزە بمانپارێزێت و داوای لێكردوین كە پەنا بگرین بە خودای مەزن لە دژی ئەم دوو**

هێزه. هەموو شەوێ هەر دوو سوورەتی (الفلق) و (الناس) بخوێنین ئەوسا خودا ئاگاداریمان دەکا و دەمانپارێزێت .

هەروەها له (أية الكرسي) یشدا پارێزگاری هەیە ئەگەر یەکێ بیخوێنێت ئەوا لە هەموو خراپەیەکی ئەم گەردوونە دەیپارێزێت.

بۆ ئەوەی بزانین پێویستە ڕوو بکەینە خودای پاك و بەرز و بالآ چونکە تەنیا ئەو دەتوانێت بەرگریمان لێ بکات و بمانپارێزێت و بەرەکەت بخاتە دین و دونیامان ئەو گوێ لە دوعا و پاڕانەوەکانمان دەگرێت و دوعاکانمان قبوڵ دەکات جا با دەست بەرز بکەینەوەو بڵێین:

(( أعوذ بكلمات الله التامات من كلّ عين لامه ومن كلّ شيطانٍ وهامة ))

## پـــێـــرســـــت


پێشەکی ........................................................ ٣

بەشی یەکەم

هێزە نادیارەکان لە گەردووندا ........................................ ١٠

ئەوەی لێمان دیار نیە و پەنهانە ........................................ ١٣

بوون و ..........زانست ................................................ ١٦

لە گەردوونیشدا گەلێ نیشانە هەیە .................................... ١٨

درك کردن بە بوون ................................................... ٢٠

هێزە گەردوونیە جۆراوجۆرەکان ........................................ ٢٢

گرنگی دان و ئاگاداری خودا .......................................... ٢٦

بەشی دووەم

سیحر چی یە؟ ........................................................ ٣٢

هەڵخەڵەتاندنی چاو .................................................. ٣٥

سیحربازەکان و موعجیزە .............................................. ٣٦

فیرعەون و سیحربازەکان .............................................. ٣٩

ترس و تۆقاندن ....................................................... ٤١

هێزی سیحرە یان بە پاڵپشتی شەیتانەکانە ............................ ٤٣

شەیتانەکان هەموو شێوەیەك وەردەگرن ................................ ٤٤

یاسای شێوە وەرگرتن ................................................. ٤٦

شاژنی سەبەء و جنەکان ............................................... ٤٧

توانای جن و توانای مرۆڤ ............................................. ٥٠

سزای پشت بەستن بە سیحر ........................... ٥٢

بەشی سێ یەم

هاروت و ماروت ........................................ ٥٤

توش بوون بە چاکەو خراپە ............................ ٥٦

بۆچی دوو فریشە بوون .............................. ٥٧

سیحرو سولەیمان ..................................... ٦٠

شەیتانەکان خەڵکیان فێری سیحرکرد ..................... ٦٤

شەیتانەکان وەحی بۆ لایەنگرەکانیان دەنێرن ................ ٦٧

زانیاری شەیتانەکان دەربارەی غەیب ...................... ٧٠

سولەیمان پێغەمبەرو پادشا بوو .......................... ٧٣

سیحر و دونیا بەدەست هێنان ........................... ٧٤

موڵکی سولەیمان و بروا هێنانی خەڵك ...................... ٧٩

بەشی چوارەم

زیانیان پێ دەگەیەنێت و سوودی بۆیان نیە .................. ٨٤

پەنا بردنە بەرجنەکان هەرگیز چاکەی بەدواوە نیە .............. ٨٧

لێکدا برینی ژن و مێرد ................................. ٩٠

لە مەسەلەی غەیب دا چۆن نیە ............................ ٩٣

سیحرباز هیچ دەربارەی غەیب نازانێ ........................ ٩٦

جنەکان هیچ دەربارەی غەیب نازانن ........................ ٩٨

پەنا بردنە بەر شەیتانەکان ڕێگەی کوفرە ..................... ١٠٢

بەشی پێنجەم

پێغەمبەر و سیحر ........................................ ١٠٥
موسا و سیحر........................................................ ١٠٩
ئەو سیحرەی کە لە پێغەمبەر ( د.خ ) کرا ........................١١٢
تەحەددای ئادەمیزاد و جن ........................................ ١١٥
تاوانبارکردن نیە بەڵکو تەحەددایە ................................ ١١٦
موعجیزەی کۆچ کردن ............................................ ١١٧
سیحر هەروەها موعجیزە ........................................ ١١٨
دوعای خۆپاراستن لە سیحرو حەسوودی ........................ ١٢٠
کردار تەنیا بۆ خوایە ............................................ ١٢٢

بەشی شەشەم

حەسوودی ........................................................ ١٢٧
حەسوودی ڕاستیەکە بوونی هەیە ...............................١٣٠
پەنا گرتن بە خودا ................................................ ١٣٥
ئەوانەی پەت و دەزوو گرێ دەدەن و فوی پیا دەکەن ................ ١٣٨
حەسوودی بردن بەناز و نیعمەت .................................١٤١

## زنجیرە كتێبی ناوەندی لاس

| ناونیشان | نووسەر | وەرگێڕ |
|---|---|---|
| سیحر و حەسوودی | محمد متولی شەعراوی | د.سەردار گەردی |

- ئەم كتێبە لەسەر ئەركی ناوەندی لاس چاپكراوە و مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی لاس.
- ناوەندی لاس هەڵدەستێ بە هاوكاری كردنی ئەو كەسانەی كە كتێبیان هەیە بۆ بلاوكردنەوە بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بكەن بەم ژمارانەی خوارەوە:

كوردستان\هەولێر\گەڕەكی موفتی\نزیك فلكەی زراعە

١٦١٢ ٤٤٦ ٧٥٠ (٠٠٩٦٤)          ٣٦٠٧ ٢٥٦ ٠٦٦ (٠٠٩٦٤)



بسم الله الرحمن الرحيم

بعد حمد الله والصلاة والسلام على
سيدنا رسول الله.
أسأل الله أن تكون هذه الكتب
التي ستصدر عن مكتبتي خطوة على
طريق الهدى ونور [illegible] للإيمان
والله نسأل الهداية والتوفيق

محمد متولي الشعراوي

Las Center

**TRANSLATED BY : DR.SARDAR A. GARDY**

چاپخانەی منارە - هەولێر